


سیاسەت

8 پێویستە کۆتای ژنان لە یاسای پارتە سیاسییەکانی هەرێم و عێراق دابنرێت





کۆمەڵایەتی

14 گرووپە ئیسلامییەکان هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژین





کار

36 ژنانی نەخوێندەوار داوای هەلی کار دەکەن





وەرزش

40 وەرزش لە قوتابخانەکانی کچاندا لە نێو گرنگی و پەراوێزخستندا





تەندروستی

44 ڕێژەی منداڵبوون بە نەشتەرگەری زیادی کردووە





کەلتوور

56 کەمئەندام یان داهێنەر نیگارکێشان بە دەم و بە پەنجەی پێ






**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

warvin.press@yahoo.com

**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**ڕاوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ ڕەشید

**ڕاوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم

**فایلەکان**

**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**نوسینگەکان**

**کەرکوک:** سەماح سەمەد

**سلێمانی:** ئازیز مەحمود

**دهۆک:** هەڵز عەلی

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**

ڕێباز عەبدوڵڵا

07504624506

بۆ ڕیکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813

دابەشکردن: خانەی سەهەند

**Designed by** - Wshyar Muhamad mustafa

Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com



www.meteweren










CORPORATIONS
STOP
AIDING
DICTATORS

بەهۆی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ پیاوێکدا

# لە زاخۆ کوڕێک خوشکی خۆی کوشت

وارڤـیـن – تایبەت: بـەڕێـوەبـەری ئاسایشی زاخۆ لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ وارڤین نهێنی کوژرانی ئەو ژنەی ئاشکرا کرد کە لەشەوی ٢٦/١٠/٢٠٠٩، گوللەباران کراوەو رایگەیاند کە یەکێک لە"تاوانباران" دەستگیر کراوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرا نەکرد، تاوانباری دووهەم کە هاوکات برای ژنەکەیە دەستگیر کراوە یان نە.

لە٢٦/١٠/٢٠٠٩ هەواڵی رفاندنی ژنێک لەلایەن چەندکەسێکی نەناسراوەوە، لەناو خەڵکیدا بڵاو بووەوەو ئەوەش بووە هۆی بێزاری هاووڵاتیان و ئەو گومانە دروست بوو کە "گرووپێکی تیرۆریستی بێت و بەردەوام لەمجۆرە کارانەیان کردبێت"، بەڵام بەڕێوەبەری ئاسایشی زاخۆ لەوبارەیەوە رایگەیاند کە ئەوان لەوە دڵنیان کە شتی وا نییە. بەڕێوەبەری ئاسایشی زاخۆ ئاشتی کۆچەر، بەوارڤینی راگەیاند کە (ر.ە.م) ئـەو کەسە بـووە کە (س.ل) رفاندبوو، پێشتر بەموبایلێکی نەناسراو تەلەفۆنی بۆ ماڵی (س) کـردبـوو و خـۆی وەک تیرۆریست ناساندبوو و داوای ٣٠٠هەزار دۆلاری لێ کردبوون. کۆچەر، وەها درێژەی بەلێدوانەکەی دا: "ئێمە وا تێگەیشتین کە (ر)مەبەستی ئەوە بووە کە وا نیشانبدات، ئەو خێزانە بیر لەوە نەکەنەوە کە ئەوکچەکەیانی رفاندووە، چونکە ئـەوە مـاوەی ساڵێکە (ر) لەنانەواخانەی ماڵی خەزووری (س)دا کاری دەکرد و ئەو رۆژەش نەهاتبووە سەرکار، بۆیە ماڵی خـەزووری (س) گومانیان لەسەر (ر) هەبوو".

کۆچەر، جەختی لەوە کردەوە کە ژنەکە بەویستی خۆی و بەبێ هیچ گوشارێک لەگەڵ (ر) چووبوو، "لەلێکۆڵینەوەدا (ر) دانی بەوەدا نا کە ماوەی زیاتر لە٣ مانگ بوو پەیوەندی خۆشەویستییان لەگەڵ یەک هەبووە". ئاشتی کۆچەر، ئاشکرای کرد کە ئەو دوو کەسە (ژن و پیاوەکە) بەنهێنی پیلانێکیان بۆ خۆیان دانابوو تالەو رێگایە بگەیەنە موسڵ، "لەکاتژمێر٨:٣٠ بەیانی (س) بیانووی دەرزی لێدان لەکوڕە شەش مانگەکەی لەگەڵ ژنی شووبراکەیدا دەچێتە نەخۆشخانە. لەو میانەیەدا (س) بەژنی شووبراکەی دەڵێت کە دەچمە دەرمانخانەو دەرمـان دێنم، بەڵام پاش چوونی ئیتر ناگەڕێتەوە لای". ئاشتی کـۆچـەر، لـەدرێـژەدا گـوتـی: "(ر) لەلێکۆڵینەوەدا دانی بەوەدا نا کە بەباوکی خۆی گوتووە کە ئەو ژنێکی بێ مێردی بۆ خۆی دۆزیـوەتـەوە کـە تەنیا منداڵێکی هەیەو داوای لێکردبوو کە بیگەیەنێتە گەڕەکی (سەددام)ی موسڵ و باوکیشی بەگوێی کردبوو".

ئاشتی، ئاماژەی بەوەدا کە لەرۆژی رووداوەکەدا ئەوان پەیوەندییان بە (ر) کرد و ئەویش پەیوەندی بەباوکی خۆیەوە کرد و داوای لێکرد کە تا ژنەکە بگەڕێنێتەوە. "(ر) دەیویست خۆی بێتاوان نیشانبدات، بەڵام هاتە ئاسایش و دەستگیرمان کرد، ئێمە لەرێگەی تایبەتی خۆمانەوە هێنامانە ئاسایش، چونکە ئەگەر زانیبای دەستگیری دەکەین نەدەهات. ئەو لەلێکۆڵینەوەدا دانی بـەوەدا نا کە ژنەکەی لەگەڵ باوکیدا ناردووەتە موسڵ".

کۆچەر، روونیکردەوە: "باوکی تۆمەتبار ئەوکچەی لەگەڵ منداڵەکەیدا گەڕاندەوە بۆ ماڵی پووری لەشارەدێی باتیلێ. ئێمەش چووبووینە بازگەی ئالوکان و چاوەڕوێی باوکی تۆمەتبارمان دەکرد، باوکی (س) پەیوەندی پێوە کردین و گوتی کێشەی کچەکەمان دابخەن، کچەکەمان لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کێشەی هەبووە. بەڵام ئاسایش گوێی لەو قسانەی باوکی کچە نەگرت و لەسەر کاری خۆمان بەردەوام بووین وچـاودێـری رەوشەکەمان دەکـرد".

بەڕێوەبەری ئاسایشی زاخـۆ زیاتر دواو گوتی کە ئێوارەی هەمانڕۆژ برای (س) بەناوی (ح.ل) بەبیانووی گەڕاندنەوەی خوشکەکەی دەچێتە ماڵی پـووری و لەکاتژمێر هەشتی شەو دا خوشکەکەی دێنێتە نزیک بەلقوس و بەکلاشینکۆف دەیکوژێت و چەند گوللەیەکیش بەسەریەوە دەنێت و منداڵەکەشی لەلابەجێدەهێڵێت. هەرلەو پەیوەندییەدا سەرچاوەیەک لەنووسینگەی نەهێشتنی تاوانەکان لەسیمێل بەوارڤینی راگەیاند کە (ح) دەستگیر کـراوەو لەمیانەی لێکۆڵینەوەدا دانـی بەتاوانەکەیدا ناوە.

www.netewe.com



## ژنانی کوردستان سەردانی کۆریای باشوور دەکەن

وارڤین - هەڵەبجە: بڕیارە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا شاندێکی ژنانی کوردستان سەردانی کۆریای باشوور بکەن و لەگەڵ ژنانی ئەو وڵاتەدا بارودۆخی سیاسی و ڕەوتی گەشەکردنی ژنان تاوتوێ بکەن.

جێگری سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە کوێستان ئەکرەم فەرەج، لەلێدوانێکدا بۆ وارڤین سەبارەت بەئامانجی سەردانەکەیان ڕایگەیاند: "ئامانجی سەردانەکە گەنگەشەکردنی بارودۆخی ژنان لەکوردستان و خستنەڕووی ئەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە لەکوردستاندا بوونەتە مۆتەکەی بەردەم بەرەوپێشچوونی پێویستی ژنان و سوود وەرگرتن لەئەزموونی کۆریای باشوورە، چونکە لەو وڵاتە، ژنان پێگەیەکی دیار و ئاشکرایان لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا هەیە". جێگری سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ڕایگەیاند کە شاندەکە باس لەبارودۆخی سیاسی کوردستان و پرسی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین دەکەن. کوێستان هەروەها گوتی، ئەندامانی شاندەکە لەو ژنانە پێکهاتوون کە لەفەرمانگەو دامەزراوە حکوومییەکانی شارەکانی پارێزگای سلێمانیدا کاردەکەن.

هاوکارمحەمەد

## ٦ ملیۆن منداڵ پێویستیان بەخوێندنی دوور لەتوندووتیژی هەیە

وارڤین – نیوزماتیک: بەپێی ئاماری ڕێکخراوێکی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان، ٩٠٪ـی منداڵانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی توندووتێژی جەستەیی و دەروونی بوونەتەوە.

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٠ساڵ، بەسەر واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵان، ڕێکخراوی یونسێفی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان، ڕاپۆرتێکی لەبارەی ڕەوشی منداڵان، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوکردووەتەوە. لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ٩٠٪ـی منداڵانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست توندووتیژی دەروونیو جەستەییەوە دەناڵێنن. لەو ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە جەنگ و کارەساتە سروشتییەکان، ڕۆڵی گەورەیان لەخراپکردنی ڕەوشی ژیانی منداڵانی جیهاندا گێڕاوە. یۆنیسێف، چارەسەری بارودۆخی هەژاری بەباشترین هەنگاوی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژ بەمنداڵان دەزانێت. هەروەها ڕێکخراوی یونسێف، لەراپۆرتەکەیدا دەستنیشانی دەکات کە٦ملیۆن منداڵ لەعێراق، پێویستیان بەکەشێکی خوێندنی دوور لەتوندووتیژی و تیرۆر و تۆقاندن هەیە.

## عێراق شاجوانی ئەمساڵی خۆی هەڵبژارد



وارڤین: لەگەڵ ئەوەی شەڕ و کوشتن و تیرۆر لەعێراق بەردەوامە، بەڵام لەشاری بەغدا شاجوانی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٩ هەڵبژێردرا.

یاسەمین کەنعان کچێکی تەمەن ١٨ ساڵە لەناو پۆلێک لەکچانی جوانی عێراق وەک شاجوان بۆ ساڵی ٢٠٠٩ دەست نیشانکرا. سەبارەت بەهەڵبژاردنی یاسەمین کەنعان وەک شاجوانی عێراق، سەباح ئەلتەیقوت وەک سەرۆکی کومیتەی هەڵبژاردنەکە بەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕاگەیاند: "٥٠٪ بۆ جوانی و ٥٠٪ بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و کەلتوریی کەسەکە دانراوەو تاجی زێڕین دەدرێ بەو کەسە کە وەک شاجوان هەڵدەبژێردرێت.

www.netewe.com



## مەریوان: پیاوێک ئاگری بەردایە جەستەی ژنەکەی

وارڤین – مەریوان: پیاوێک لەشاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئاگری لەجەستەی ژنەکەی بەرداو بەهۆی بەرزبوونی رێژەی سووتانەکەیەوە پزیشکان لەئەگەری زیندوومانی ژنەکە بێهیوان.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەوراڤینی راگەیاند کە رۆژی رۆژی یەکشەممەی رابردوو پیاوێک بەناوی جەهانبەخش نەوتی بەجەستەی ژنەکەی بەناوی ناهید هیممەتی تەمەن٣٠ ساڵاندا رشتووەو ئاگری تێبەرداوە. بەوهۆیەشەوە زیاتر لە٨٥٪جەستەی ناهید، سووتاوە. سەرچاوەیەکە ئەوەی بۆ وارڤین پشتڕاست کردووە کە لەوەتەی ناهید و جەهانبەخش زەواجیان کردووە ناکۆکی و ئاژاوە لەنێوانیاندا هەبووە. سەرچاوەکە گوتی:"ئێوارەی یەکشەممەی رابردوویش شەڕیان بووەو جیهانبەخش نەوتی بەجەستەی ناهید، دا کردووەو پاشان ئاگری تێبەرداوە".

## توندووتیژی دژ بەژنان لەسلێمانی زیادی کردووە

وارڤین – سلێمانی: بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندووتیژی دژی ژنان، تەنیا لەماوەی سێ مانگدا، ٢٩٠ حاڵەتی توندوتیژی بەرانبەر ژنان لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا تۆمارکراو.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، لەسلێمانی، لەماوەی سێ مانگی رابردوودا، توندووتیژییەکان لەسنووری پارێزگای سلێمانی زیادیان کردوە. لەمانگی ئابدا ١٠٠ حاڵەت و لەمانگی ئەیلولدا رێژەکە بووە بە ٧٩ حاڵەت و مانگی تشرینی یەکەم بەرزبووەتەوە بۆ ١١٢ حاڵەتی توندووتیژی. هەروەها لەو ئامارەدا هاتووە کە ٦ حاڵەتی کوشتن و ١٦حاڵەتی خۆسووتاندن و ٩٨ حاڵەتی هەڕەشە تۆمارکراوە. هەر لەماوەی ئەو سێ مانگەدا ١٥ حاڵەتی بەدرەوشتی و ١٦ حاڵەتی دەرمانخوارد و ٩٢ حاڵەتی لێدان و یەک حاڵەتی رەدووکەوتن تۆمار کراوە.

## منداڵان داوای پەروەردە بەزمانی دایکی دەکەن



وارڤین – ئامەد: منداڵانی کورد لەگۆرپانی پەیکەری ماف کۆبوونەوەو داوایان لەدەوڵەتی تورک کرد کە بەزمانی کوردی پەروەردە بکرێن.

منداڵانی کورد بەبۆنەی ٢٠ ی سەرماوەز هەفتەی مافی منداڵان، لەبەر پەیکەری مافی مرۆڤ کۆبوونەوەو چالاکییەکیان ئەنجام دا. منداڵان بەگوتنی گۆرانی کوردی و بەرزکردنەوەی پانکارتگەلێک کە لەسەریان نووسرابوو،"تا١٨ ساڵیم منداڵم"،"من منداڵم، گۆشەگیرم مەکەن، مەمکوژن"، داوایان لەدەوڵەت کرد کە پەروەردە بەزمانی کوردی بێت. جێی ئاماژەیە کە نوێنەرانی هەر یەک لەسەرۆکایەتی شارەوانی ئامەد، ژووری پزیشکی، کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ و چەندین رێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنی دیکە پشتگیرییان لەداخوازییەکانی منداڵان کرد.



Photo هێمن

### سەرۆکی کۆمەڵەی (دۆستانی دەعوە)ی عەرەبستان:

# زۆربەی موفتییەکان نایانەوێت ژنان لەکۆمەڵگادا ڕۆڵیان هەبێت

وارڤین– مەکە: سەرۆکی کۆمەڵەی (دۆستانی دەعوە)ی عەرەبستانی سعوودی لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی ڕاگەیاند کە زۆربەی موفتی و کەسایەتییە ئایینییەکانی عەرەبستان نایانەوێت ژنان لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا ڕۆڵیان هەبێت.

سەرۆکی کۆمەڵەی (دۆستانی دەعوە) نویر محەمەد ئەلزەیدەیە بە وارڤینی ڕاگەیاند: "مەبەست لەدروستکردن و دەستبەکاربوونی ئەم کۆمەڵەیە نوێکردنەوەی شێوازی دەعوەی ئیسلامییە بەپشتبەستن بەبنەماکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەر (د.خ). ئەو هەروەها گوتیشی ئێمە زیاتر لەناو توێژی کچانی تازەپێگەیشتو و کچانی زانکۆکان لەسعوودییە کاردەکەین، بەو هیوایەی شێوازێکی نوێیان لەهزری ئیسلامی و ئادابی ئیسلام لەبوارە جیاجیاکاندا پێشکەش بەنەوەی نوێی عەرەبستان بکەین کە دووربێت لەهەڵچوونی فکری و توندڕەویی لەتێڕوانین بەرامبەر کچان و ژنانی سعوودیە".

سەرۆکی کۆمەڵەی (دۆستانی دەعوە) نویر محەمەد ئەلزەیدەیە کە زیاتر لە ١٠٠کچی خۆبەخشی موسڵمانی سعوودیە لەخۆدەگرێت و بەسەر ٦ بنکەی دەعوەی هاوچەرخ لەسعوودیە دابەشکراون".

خاتو نویر، دەڵێت: "بەداخەوە هێشتا زۆر لە موفتی و کەسایەتییە ئیسلامییەکان بەئاراستەیەکی تەقلیدی لەفەتوادان کاردەکەن و دەیانەوێت کچان و ئافرەتانی سعوودیە لەو قاڵبە تەقلیدیەدا بمێننەوەو ڕۆڵیان لەکۆمەڵگادا نەبێت". ئێمە ئەو ڕێچکەیەمان شکاندووەو بەدەنگێکی بەرز و بەپشتیوانی حکومەت هەڵمەتێکی دەعوەو ئیرشادمان بەشێوازێکی سەردەمیانە لەناو کچانی سعوودیە دەستپێکردووەو ڕۆژانەش لایەنگر و ئەندامانمان لەزیادبووندایەو دەمانەوێ بەدەنگێکی بەرز کۆمەڵگای سعوودی ئاگادار بکەینەوە کە شێوازی دەعوە پێویستی بەخۆگونجاندن و تێگەیشتنە لەگۆڕانکارییە خێراکانی جیهان هەیە.



**کۆمەڵەی دەعوە**

جێی ئاماژەیە، هێشتا لەسعودیە ڕێگا بە مێینە نادرێت شۆفێری بکات یان بەتەنیا سەفەر بکات یان تەنانەت بڕواتە دوکانێکی بەرگروو کە پیاوێک خاوەنی بێت. هەروەها موفتیەکانی سعوودیەش پەچە (نیقاب)یان وەک بەشێک لەعیبادەت بەسەر مێینەدا شەرعاندووە یەکێک لەکارەکانی ئەم کۆمەڵەیە کۆتاپهێنانە بەم کێشانەی کچان و ژنانی سعوودیە.

**مەریوان نەقشبەندی**

# دوای جەژن متمانە لە شەهرستانی وەردەگیرێتەوە

وارڤین – تایبەت: دوای ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق، بەمەبەستی لێپێچینەوە لەگەندەڵییەکانی وەزارەتی نەوتی حکومەتی عیراق، دانیشتنێکی تایبەتی لەگەڵ وەزیری نەوت ساز کرد، ئێستا ئەندامانی پەرلەمان لەکۆکردنەوەی واژۆ بۆ لادانی حوسێن شەهرستانی لەپۆستەکەی بەردەوامن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق، بەوارڤینی ڕاگەیاند کە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران، لەپێناو وەرگرتنەوەی متمانە لەحوسێن شەهرستانی دەستیان بەکۆکردنەوەی واژۆ کردووە ئائێستاش زیاتر لە٨٠ نوێنەر واژۆیان لەدژی مانەوەی شەهرستانی لەپۆستی وەزیری نەوتدا واژۆ کردووەو ڕێژەی واژۆکردنەکەش ڕووی لەزیادبوونە. کۆکردنەوەی واژۆکانی ئەندامانی پەرلەمانی بەغدا تادوای جەژن بەردەوام بێت و دوای جەژنیش پەرلەمان لەیەکەم دانیشتنی خۆیدا واژۆکان تاوتوێ دەکات و بەپێی ڕێژەی واژۆکان، بڕیار لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە وەزارەتی نەوت لەشەهرستانی دەدرێت. وەرگرتنەوەی متمانە لەحسێن شەهرستانی، دوای ئەوەدێت کە لیژنەی نەوت و گازی پەرلەمانی بەغدا بەهۆی کۆکردنەوەی چەند دۆکیۆمێنتێک لەسەر گەندەڵییەکانی وەزارەتی نەوت، بانگهێشتی شەهرستانی کرد، بەڵام وەڵامەکانی شەهرستانی پەرلەمانتارانی ڕازی نەکرد.

## ئاڵا تاڵەبانی بۆ وارڤین:

# پێویستە کۆتای ژنان لە یاسای پارتە سیاسییەکانی هەرێم و عێراق دابنرێت

بەغدا

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان، ئاڵا تەحسین تاڵەبانی، کە هاوکات سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەرلەمانی عێراقە، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ وارڤین، باس لەیاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق و هۆکاری دیاریکردنی کەمی ڕێژەی کورسییەکانی هەرێم، بۆ پەرلەمانی عێراق دەکات و میکانیزمی چارەسەریش دەخاتەڕوو. ئاڵا، هەروەها ڕەخنە لەکابینەی شەشی حکوومەتی هەرێم دەگرێت کە ڕێژەی ژنانی کەمەو داوادەکات کە سیستمی کۆتای ژنان، لەنێو یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا پێڕەو بکرێت.

### هەرێم مافی ٤٠ کورسی زیاتری هەبوو

یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق (ساڵی ٢٠٠٥)، لەکاتی هەموارکردنی لەپەرلەمانی عێراقدا بۆ دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردن و شێوازی بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان و لیستی کراوە، مشتومڕێکی ناوخۆیی و جیهانی لێکەوتەوە. دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق، ١١ جار لەپەسەندکردنی ئەو یاسایە شکستی خوارد، دواجار ئەو یاسایە پەسەند کرا. بەڵام هەرێمی کوردستان و سوننەکان، لەبارەی دیاریکردنی کورسییەکانی پارێزگاکان، بەرهەڵستکاری ڕێژەی کورسییەکانیان کردوو و لەیەکەم هەنگاویشدا جێگری سەرۆککۆماری عێراق تاریق ئەلهاشمی، یاساکەی ڤیتۆ کرد. ئاڵا تاڵەبانی لەوبارەیەوە دەڵێت:"بەهۆی دواخستنی سەرژمێری گشتی عێراق، لەلایەن حکوومەتەوە وایلێهات کە پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق، دژی ئەو یاسایە بوەستنەوە، چونکە ڕێژەی دیاریکردنی کورسییەکانی پارێزگاکان، وەک ڕێژەی ژمارەی دانیشتووان نەبوو". وەک ئاڵا، باسی لێوەدەکات،



بۆ دیاریکردنی ڕێژەی کورسییەکان پشت بەئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی حکوومەتی بەغدا بەسترا، ئەو وەزارەتەش پشتی بەفۆرمی خۆراک بەست کە ئەویش ئامارێکی وردی نەبوو. بەپێی ئەو یاساییە بۆ هەر ١٠٠هەزار کەس لەپارێزگاکانی عێراق، ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دیاریکراوەو تێیدا ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەغدای لە٢٧٥ بۆ٣٢٣ زیادکردووەو ڕێژەی کورسییەکانی پارێزگاکانی هەرێمیش ٣٨ کورسییە. ئەم ئەندامەی ئەنجوومەنی نوێنەران پێیوایە کە ئەو ڕێژەیە بۆ هەرێمی کوردستان کەمە، (هەولێر ١٤ کورسی، سلێمانی ١٥ کورسی و دهۆک ٩ کورسی)، دەبوو بەلانیکەم ڕێژەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان، لەسەرووی ٤٠ بووایە.

### زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان

هەندێ لەپارێزگاکانی عێراق، بەڕێژەیەکی بەرچاو ڕێژەی کورسییەکانی زیادکراوە، لەکاتێکدا ئەگەر هەر پارێزگایەک لەماوەی ساڵێکدا ٥٪ی ژمارەی دانیشتووانی زیادی کردبێت، ئەوا پێداچوونەوە بەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەو پارێزگایەدا دەکرێت، بۆیە ئەگەر چاو بەکورسییەکانی هەرێم نەخشێنرێتەوە، ئەوا کێشە بۆ هەرێم دروست دەبێت. بەپێی ئەو یاسایە حیسابی ئەوەکراوە کە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، ٣ ملیۆن و ٨٠٠ هەزارکەسە (٣٨) کورسی، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی هەرێم ٤ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسەو لەڕووی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە کێشە بۆ هەرێم دروست دەبێت. لەوبارەیەوە ئاڵا تاڵەبانی، گوتی، دەتوانین وەک هاوپەیمانی کوردستان پێش هەموو شتێک ڕەخنەمان لەو لێژنەیەی کە دانراوە بۆ پێداچوونەوە هەبێت،" ئێمەش دەتوانین ڕەخنە لەکورسییەکانی موسڵ (٣١کورسی) و بەسرە (١٨ کورسی) و پارێزگاکانی دیکە بگرین، کە ڕێژەی کورسییەکانی زۆر بۆ دانراوە لەکاتێکدا جێگەی گومانە. ئەو پەرلەمانتارەی بەغدا بۆچارەسەری کێشەی کورسییەکانی هەرێم، ڕوونیدەکاتەوە کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، دەتوانێت بەڕێژەی کورسییەکانی هەرێمدا بچێتەوەو لەو ڕێگەیەوە ژمارەی کورسییەکانی هەرێم زیاد بکرێن، چونکە ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکانی هەرێم زۆر لەوە زیاترە کە دانراون. هەروەها دەڵێت، بەپێی لێکۆڵینەوەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق، ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووانی عێراق ساڵانە

www.netewe.com

٦ ,٢ـە، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی هەرێم"ساڵانە ٣,٤ زیاد دەبێت". بەوپێیە ئەگەر ڕێژەکە بۆ ٤ ساڵ لەهەرێمی کوردستان وەربگریت، لانیکەم هەر پارێزگایەکی هەرێم ڕێژەیەکی زۆری کورسییەکانی تێدا زیاد بووە کەچی پارێزگای سلێمانی،١کورسی بۆ زیاد نەبووە، ئەوەش جێگەی گومانە.

## نەبوونی هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆندا

ئەو پەرلەمانتارە، نایشارێتەوە کە هۆکاری کەمی ڕێژەی کورسییەکانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی بەغداو ئەندامانی کوردی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لەپێدانی ئاماری هەرێم، ئەگەر هەماهەنگیش هەبووبێت وەک دەیڵێت:"لەئاستێکی لاوازدا بووە".

سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، رایگەیاند ئەگەر چاو بەکورسییەکانی هەرێمی کوردستاندا نەخشێندرێتەوە، ئەوا هەرێم، بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی بەغدا دەکات. ئاڵا تاڵەبانی لەوبارەیەوە جەخت لەوە دەکاتەوە، لیستی هاپەیمانی پاڵپشتی لەلێدوانەکەی سەرۆکی هەرێم دەکات و بەتوندی لەوبارەیەوە هەڵوێست وەردەگرێت. ئاڵا، ئەوەش رادەگەیەنێت کە لیستی هاوپەیمانی لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکانیش باسی لێوەدەکات، تارێگە چارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

## کورد ٥٠ کورسی بەدەستدەهێنێت

هەندێ بۆچوونی واهەن کە کورد لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق کە بڕیارە لە ٢٠١٠/١/١٨ ئەنجامبدرێت، نزیکەی ٦٠ کورسی بەدەست بهێنێت، بەڵام ئاڵا تاڵەبانی، پێیوایە کە ئەمجارە کورد دەتوانێت ٥٠ کورسی بەدەست بهێنێت.

هەندێک ڕەخنەگران و لایەنە سیاسییەکان ڕەخنە لەئەدای لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەگرن و، هاوپەیمانی بەوە تۆمەتبار دەکەن لەبەغدا وەک پێویست ئەدای نەبووە. ئاڵا، دان بەوەدا دەنێت کە کەمووکورتی لەکارەکانیاندا هەبووە، بەڵام ئەو ئاماژە بە وەدەکات کە لەنێو پەرلەمانی عێراق دوو بەرە هەیە یەکێکیان بەهەموو شێوەیەک دەستووری قبوڵ نییەو ناهێڵێت بڕگەکانی ئەو دەستوورە جێبەجێبکرێت، دووهەمیشیان ئەوەیە کە بەرگری لەجێبەجێکردنی دەستوور دەکات، بەوپێیە ئێمە لەلیستی هاوپەیمانی، ئەرکمان سەخت بووە کە بەرگریمان لەدەستوور کردووەو لەلایەن بەرەی دژ بەدەستوور ڕێگریمان لێکراوە."توانیمانە بەرگری لەبودجە، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، ماددەی ١٤٠ و پاڵپشتی لەهەڵوێستەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد بکەین".

## کابینەی شەش ژن پەراوێز دەخات

ڕێژەی ژنانی کورد لە پۆستە ئیدارییەکانی بەغدا بەبەراورد لەگەڵ ئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا کەمەو ژنان لەهەندێ پۆستی لیستی هاوپەیمانی لەبەغدا بەشدارییان پێنەکراوە. بەشداری ژنانی کورد لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٥٪ـەو بەگوتەی ئاڵا تاڵەبانی، ئەوان پێشتر داوایان کردووە ڕێژکە ٣٠٪ بێت، بەڵام لەو هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبوون. هەروەها لەکۆی ٥ وەزیری پیاو لەبەغدا ٢ وەزیری ژن هەیە، ئەوەش وەک ڕێژە حیسابی بکەیت ٢٥٪ی ڕێژەکە دەکات، بەڵام ئاڵا رووی ڕەخنەی ئاراستەی کابینەی شەشی حکوومەتی هەرێم دەکات:"ڕێژەی ژنی کەمەو یەک وەزیری ژن هەیە". وەک باسی لێوە دەکات کە ئەگەر لەهەیکەلی بەڕێوەبەرایەتییەکان ڕێژەکە راستنەکرێتەوە، ئەوا لەو کابینەیە ژنان پەراوێز خراون. ئەو ئەندامەی لیستی هاوپەیمانی گوتی:"حزبە سیاسیەکانمان بەوپەڕی عەلمانییەتەوە باس لەدیموکراسی و لیبرالییەتی خۆیان دەکەن، بەڵام تائێستا ژنان، لەناو سەرکردایەتی و مەکتەبە سیاسییەکانیان و پۆستی باڵاو ناوەندەکانی بڕیاردا نابینرێن. هیوادارم لەپۆستەکانی تری وەک بریکاری وەزیرو بەرێوەبەرە گشتییەکان، ڕێژەیەکی بەرچاوی ژن بخرێتە ئەو پۆستانەوە. چونکە ئەگەر وانەکرێت، ئەوا ئەوکابینەیە ژنی پەراوێز خستووە.

## کۆتای ژنان

بەدوو شێوە سیستەمی کۆتای ژنان لەجیهاندا جێبەجێدەکرێت. کۆتای دەستووری هەیە کە ڕێژەی ژنان لەپەرلەمان دیاری دەکات و کۆتایەکیش سیاسییە، کۆتای پارتە سیاسییەکانی پێدەڵێن کە ئەو پارتانە مۆڵەتی کارکردنیان لەسنووری دەوڵەت یان هەرێمێک هەیەو لەبڕگەیەکدا ئەوە دەخرێتەڕوو کە دەبێ لە پێڕەو پرۆگرامی حزبەکە ڕەچاوی ڕێژەی ژنان لەهەیکەلی حزبدا کرابێت. لەبارەی دانانی سیستەمی کۆتا لەیاسای پارتە سیاسییەکانی کوردستان ئاڵا، ئاماژە بەوە دەکات کە داوایان کردووە لەیاسای پارتە سیاسییەکانی عێراقدا سیستمی کۆتا بۆ ژنان دابنرێت، هەروەها داوا لە"هەرێمی کوردستانیش دەکەین ئەو سیستەمە پەیڕەو بکرێت، چونکە بەرێژەیەکی کەم ژنان لەپۆستەکانی حزبدا دەبینرێن. یاسای پارتە سیاسییەکان مشتومڕی لەسەرەو ئێمە داوامان کردووە کە دەبێ سیستەمی کۆتا لەو یاسایەدا جێگیر بکرێت". بە جێکردنەوەی ئەو یاسایە پارتە سیاسییەکانی عێراق و هەرێم ناچاردەبن کە ڕێژەیەکی دیاریکراوی ژنان لەپۆستە باڵاکانیاندا جێ بکەنەوە.

## پڕۆفایل



ساڵی ١٩٦٦، لەکەرکووک لەدایکبووە

لەلەندەن دیپلۆمی لەمافی مرۆڤ بەدەستهێناوە.

چالاکوان لەبواری ژنان و مافەکانی مرۆڤە.

سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەرلەمانی عێراقە.

١٩٩٩ تا ٢٠٠٣، لەبەریتانیا ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (ی.ن.ک) بووە.

www.netewe.com



www.peyamner.com

خاتوو ئەلیسن، راوێژکاری نێچیرڤان بارزانی، بۆ وارڤین:

# ژنانی کوردستان دەنگ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان هەڵدەبڕن

هەولێر

راوێژکاری سەرۆکوەزیرای پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی ٥)، بۆ کاروباری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان، خاتون ئەلیسن نیلسن، کە خەڵکی ئەمریکاییە، لەهەڤپەیڤینێکی تایبەت لەگەڵ وارڤین، باس لەچۆنیەتی کارەکانی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و حاڵەتی سووتان و توندوتیژی دژ بەژنان لەهەرێمی کوردستان دەکات و نایشارێتەوە کە تائێستا نەیانتوانییەوە هۆکاری سەرەکی سووتانی ژنان لەهەرێم، دەستنیشان بکەن.



خاتوو ئەلیسن، راوێژکاری نێچیرڤان بارزانی

## هەڵبژاردن کارەکانی سست کرد

لەمانگی ٥ـــی٢٠٠٧، سەرۆکوەزیرانی کابینەی پێنحەم نێچیرڤان بارزانی، بڕیاری دامەزراندنی کۆمیسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنانی دا، لەوکاتەوە بەشێوەیەکی فەرمی هەوڵەکانی حکوومەت بۆ سنووردارکردنی توندوتیژی دەستی پێ کرد. دوای دامەزارندنی ئەو کۆمیسیۆنە سەرۆکوەزیرانی کوردستان، لەرێگەی راوێژکارێکی ئەمریکی بۆ کاروباروی ژنان، بانگهێشتی خاتوو ئەلیسن نیلسن،.ی وەک راوێژکار بۆ کاروباری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان، کرد. ئەلیسن، خەڵکی ئەمریکایەو ماستەرەکەی بەزمانی رووســی لەوڵاتەکەی لەبارەی یاسای مافی مرۆڤ بەدەستهێناوە، وەک داواکاری گشتیی لەبواری ژنان، لەئەمریکا کاری کردووە. حەزی کارکردنی ئەلیسن، هەر لەسنووری ئەمریکا ناوەستێت و وەک راوێژکاری رێکخراوێکی ناحکوومی، روودەکاتە رووسیاو لەوێ لەبواری توندوتیژی دژ بەژنان، تەحەروش و فرۆشتنی ژن و منداڵ، بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکان، لێکۆڵینەوە پێشکەش دەکات. ئەلیسن، لەساڵی ٢٠٠٨ رووده‌کاتە هەرێمی کوردستان و وەک راوێژکاری سەرۆکوەزیران نێچیرڤان بارزانی، بۆ کاروبای بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان دەست بەکاردەبێت.

وەک خۆی دەڵێت:"داوای دەستبەکاربوونم وەک راوێژکار، سەرۆکوەزیران نێچیرڤان بارزانی، داوای لێکردم کە لەهەرێمی کوردستان، کار لەسەر ئەم کێشانە بکەم کە لەبواری ژناندا

www.netewe.com

   

تائێستا بەرچاون، وەک توندوتیژی و سووتان، بۆیە یەکێک لەم کێشانەی کەبینیم سووتان بوو، من لەگەڵ پزیشکێک لەکوردستان هەماهەنگیم هەبوو لەبواری سووتان کارم کرد و خەریکی ئامادەکردنی راپۆرتێک بووین، بەڵام بەداخەوە پرسی هەڵبژاردنی ئەمساڵی پەرلەمانی کوردستان هاتەپێش بەو هۆیەوە تارادەیەک کارەکانمان سست بوون".

## ژنانی کوردستان دەنگ هەڵدەبڕن

ئەلیسن، بۆ سنووردارکردنی توندوتیژی لەهەرێمی کوردستاندا سەردانی سەنتەرو شەڵتەرەکانی تایبەت بەدالْدەدانی ژنانی کردووەو لەرێگەی سەردانەکانیشی بۆ دهۆک، هەولێر و سلێمانی راپۆرتی لەسەنتەرەکان کۆکردووەتەوەو لەو رێگەیەوە چۆنیەتی سنووردارکردنی توندوتیژی بۆ سەرۆکوەزیران، روونکردووەتەوە. وەک دەڵێت:"سەردانی سەنتەری نەوا و شەڵتەرەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی دەکەین، تا لەورێگەیەوە باردۆخی ژنان هەڵبسەنگێنین و بەراپۆرتێک بۆ سەرۆکوەزیران، کەمووکورتییەکان دیاری بکەین". لەبارەی دەستخستنی داتاکانی توندوتیژی و هەوڵی ئەوان لەبنبڕکردن و سنووردارکردنی توندوتیژیدا ئەلیسن، باس لەوەدەکات کە کۆرسێکی راهێنانی لەهەر سێ پارێزگای هەرێم، بە١٥ ئەفسەری پۆلیس کردووە، تا لەورێگەیەشەوە ئەوانیش راهێنان بەتیمێکی تر بکەن و هەوڵی سنووردارکردنی توندوتیژی دژ بەژنان بدەن. هەروەها چەندین لێکۆڵینەوەیان لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی توندوتیژی دژ بەژنان و بەرەنگاربوونەوەی پێشکەشیان کردووە. ئەلیسن، لەساڵی ٢٠٠٨، هاتووەتە هەرێمی کوردستان و دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دووساڵ لەوادەی کارکردن لەکۆکردنەوەی داتاکانی توندوتیژی و سەردانی بۆ سەنتەر، شەڵتەر و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تایبەت بەژنان، ئەوە دەخاتەڕوو کە کوشتنی ژنان، لەهەرێمی کوردستان کەمبووەتەوە. ئەوەش بەلای ئەلیسن، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی دروست بووەو ژنانیش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەنگ هەڵدەبڕن، بۆیە رێژەی توندوتیژی کەمی کردووە.

## دەبێ بەڕێوەبەرایەتییەکان دەسەڵاتیان هەبێت

هەندێک بۆچوون، وای بەباش دەزانن کە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنانی هەرسێ پارێزگای هەرێم، سەر بەوەزارەتی ناوخۆ نەبێت و یەکەیەکی کارگێڕی سەربەخۆی هەبێت، چونکە مەترسی ئەوە دەکرێت ئەگەر کەسێک لەناو وەزارەتی ناوخۆ لەپلەیەکی سەروتر (بەڕێوەبەری گشتی، یان وەزیرێک) توندوتیژی بەرامبەر کەسێک بکات، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە چۆن دەتوانێت لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسە بکات، لەکاتێکدا پۆستی ئەو کەسە لەسەرووی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەیە. بەڵام راوێژکارەکەی نێچیرڤان بارزانی، وای بەباش دەزانێت کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە سەر بەوەزارەتی ناوخۆ بن، چونکە بەو شێوەیە دەتوانرێت ئەمنییەتی کارەکان پارێزراوتر بن. هەروەها وڵاتەکەی بەنموونە دەهێنێتەوە کە یەکەی توندوتیژی دژ بەژنان و منداڵان لەسەنتەری پۆلیس هەیەو پۆلیسیش سەر بەوەزەراتی ناوخۆیە. بەڵام ئەلیسن، لەگەڵ ئەوەدایە کە زیاتر دەسەڵات بەبەڕێوەبەرایەتییەکان بدرێت، تابتوانن لەکارەکانیاندا سەرکەوتووبن.

## هیچ ئامێرێک نییە وەک جادوو سووتانی ژن ئاشکرا بکات

ئەو ئامارانەی کە ئەمساڵ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی و بانکی زانیاری مافی مرۆڤەوە بڵاوبوونەتەوە، ئاماژە بەزیادبونی رێژەی سووتانی ژنان دەکەن و هاوکات بۆچونی چالاکوانانی مافی ژنان و پارێزەرانی ژنیش ئەوەیە کە رێژەی سووتان، لەهەرێمی کوردستان کەمی نەکردووە. بەڵام زۆرترین رەخنە لەچۆنیەتی پشکنینی حاڵەتی سووتانە، کە نازانرێت چۆن پشکنین بۆ حاڵەتی سووتان دەکرێت. لەو بارەیەوە راوێژکاری نیچیرڤان بارزانی، نایشارێتەوە کە رێژەی سووتان لە هەرێمی کوردستان کەمی نەکردووە، بەدڵنیاییشەوە ئەوە رادەگەیەنێت کە دادپزیشکی، لەهەرێمی کوردستان، لەئاستێکی پرۆفێشناڵدایە. بەڵام بۆ پشکنینی تەندروست، ئەو راوێژکارە وای بەباش دەزانێت کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسە سووتاوەکە بکرێت، ئەگەریش کەسەکە گیانی لەدەستدابێت، دەبێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ خێزان و کەسووکارو ئەوانەی کە بەرووداوەکە دەزانن بکرێت، چونکە تەنیا پشکنینی ئامێر

www.netewe.com

بەسەرکەوتوو نازانێت. یەکێک لەهۆکارەکان بۆ نەتوانینی پشکنینێکی تەندروست، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە سووتاو لەترسیماڵەوە ناوێرێت قسە بکات. لەبارەی ئاشکراکردنی حاڵەتی سووتان لەرێگەی ئامێرەوە، ئەلیسن، ئاماژە بەهەندێ حاڵەتی سەرەتایی دەکات کە بەو رێگەیە چارەدەکرێت، بەڵام جەخت لەوەدەکاتەوە، "ئەگەر لێکۆلینەوەی زارەکی لەگەڵ کەسەکان نەبێت، باوەڕ ناکەم هیچ ئامێرێک هەبێت وەک جادوو سووتانی ژنت بۆ ئاشکرا بکات، بەوەی کە ئەو ژنە سووتێنراوە یان خۆی سوتاندووە". ئەلیسن، زیاتر لەبارەی سووتان، دواو ئەوەی خستەڕوو کە تائێستا هۆکاری سەرەکی سووتانیان بۆ ئاشکرانەبووە، بەڵام وەک ئاماژەیدا کە هەندێکجار لەوانەیە لەبەرخراپی بژێوی ئابووری بێت، یاخود لاساییکردنەوەی نەریت و خۆڕانەگرتن بەرامبەر کێشەکان و پیاوسالاری بێت، بۆیە ژنان، لەجیاتی رووبکەنە چارەسەر، خۆیان دەسووتێنن.

## کار لەسەر تەحەڕوش و منداڵان دەکەم

زۆرن ئەو منداڵانەی کە لەهەرێمی کوردستان، رووبەڕووی توندوتیژی خێزان بوونەتەوەو. لەهەندێک حاڵەتیشدا تەحەروش بەمنداڵ کراوە. بۆ ئەو مەبەستە ئەلیسن، بەرنامەی کاری بەوە رادەگەیەنێت کە دوای تەواوبوونی هەندێ لەپرۆژەکانی تایبەت بەبەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان، پڕۆژەی تری کارکردن لەسەر توندوتیژی و تەحەروش دژ بەمنداڵان دەبێت. سنووری کارکردنیشی لەزانکۆ و داموودەزگا حکوومی و بەڕێوەبەرایەتییەکان رادەگەیەنێت کە وەک چۆن لەقۆناغی ئێستا لەو رێگەیەوە کار بۆبنبڕکردنی توندوتیژی خێزان دەکەن، بەهەمانشێوەش بەرنامەی بۆ تەحەروش و منداڵان، دەبێت.

بارزانی و تیمەکەی توندوتیژییان سنووردار کرد

**ئەگەر لێکۆڵینەوەی زارەکی لەگەڵ کەسەکان نەبێت، باوەڕ ناکەم هیچ ئامێرێک هەبێت وەک جادوو سووتانی ژنت بۆ ئاشکرا بکات، بەوەی کە ئەو ژنە سووتێنراوە یان خۆی سوتاندووە**

ئەلیسن، لەوەڵامی پرسیارێکی وارڤیندا کە ئایا تاچەند سەرۆکوەزیران، پێداگری لەچارەسەرکردنی کێشەی ژنان، کردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە لەماوەی سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانیدا توانرا بنچینەیەک بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان لەهەرێمی کوردستان بنیاتبنرێت و توندوتیژی نێو خێزانیش کەم بکرێتەوە. هەروەها گوتی بەبڕیاری نێچیرڤان بارزانی تاقیگەیەک بۆ پشکنینی دی ئێن ئەی، بۆ ئاشکراکردنی حاڵەتەکانی کوشتن دانرا تاکو بەو هۆیەوە بتوانرێت بەشێوەیەکی مۆدێرن حاڵەتی کوشتن چارسەر بکرێت. ئەلیسن، گوتی کە نیچیرڤان بارزانی و تیمەکەی توانییان توندوتیژی لەهەرێمی کوردستاندا سنووردار بکەن.

## یاسای باری کەسێتی هەنگاوێکی گەورەبوو

یەکێک لەئامانجەکانی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی نەمانی فرەژنی بوو، بەڵام دوای هەموارکردنەکەش ئەم یاسایە بەهەندێک گۆڕانکارییەوە مایەوە. ئەمەش جێگەی رەخنەی چالاکوانانی ژنان بوو. لەوبارەیەوە ئەلیسن، ئاماژە بەوە دەکات کە لەکاتی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لەپەرلەمانی کوردستاندا ئامادەبووەو ئەو یاسایەش بەئەرێنی بۆ ژنانی کوردستان وەسف دەکات و دەڵێت: "بڕیارەکە بۆ هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گەورە بوو، بەوەی کە زیاتر ماف بەئافرەت دەدات سەربەخۆ بێت. نموونەیش بەوە دەهێنێتەوە کە لەیاساکەدا مافی ئەوە بەژنان داوە کە نەهێڵن ژنی دووەمیان بەسەردا بێت.

## دانانی دادوەری ژن

لەبارەی دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بەکاروباری ژنان، یان دانانی دادوەری ژن لەدادگاکان کە ئەوان راستەوخۆ دادگایی کەیسەکان بکەن، ئەلیسن، ئەوە دەخاتەڕوو کە بەراپۆرتێک پێویستیی دانانی دادوەری ژنی بۆ راپەڕاندنی کاروباری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان، بۆ سەرۆکوەزیرانی کابینەی شەش د. بەرهەم سالح، بەرزکردووەتەوە کە بیرۆکەکەی هی رۆژانی هاوکاری بووە کە کچێکی کوردەو لە ئۆفیسی راوێژکاری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری توندوتیژی کار دەکات. ئەلیسن هەروەها گوتی: "لەپارێزگای دهۆک دادوەری تایبەت بەکاروباری ژنان هەیەو داوامان کردووە لەهەولێر و سلێمانیش دابنرێن".

لەبواری جێندەریش کار دەکەین

خوێندنی وانەی جێندەری بەلای هەندێ لەچالاکوانانی بواری ژنان، پێویستییەکی سەردەمییە کە لەرێگەی قوتابخانەو پەیمانگاکان بخوێندرێت، تا لەو رێگەیەوە کۆمەڵگا لەبارەی تێگەیشتنی جێندەر، هۆشیار بکرێتەوە. ئەلیسن، ئەو هەنگاوە بۆ باشبونی رەوشی ژنان لەهەرێمی کوردستان بەئەرێنی دەزانێت و باسی ئەوەیش دەکات کە لەزانکۆکانی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی بەسیمینار باسیان لەجێندەر کردووەو لەبەرنامەیاندایە کە لەداهاتوودا کار بۆ جێندەر بکەن.



### پرۆفایل

ئەلیسن نیلسن، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەیاساکانی مافی مرۆڤ.
لەرووسیا کاری لەبارەی هەڕەشەی سێکسی و فرۆشتنی منداڵان کردووە
دوای رووسیا لەساڵی ٢٠٠٨ رووەدەکاتە هەرێمی کوردستان
راوێژکاری سەرۆکوەزیرانی پێشوو نێچیرڤان بارزانی، بۆکاروباری توندوتیژی دژ بەژنان بووە.

www.netewe.com

# گرووپە ئیسلامییەکان هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژین

هەولێر

راوێژکاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان و فتوا جۆربەجۆرەکانی ئەو رەوتەو شەڕی ناوخۆ بەهۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی توندوتیژی دژ بەژنان لەهەرێمی کوردستاندا دەزانێت.

هاوکات توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، جێگیرنەبوونی یاساو دەسەڵاتی دادوەری بەهۆکاری جیاوازی رەگەزی و توندوتیژی دژ بەژنان دادەنێت و رایدەگەیەنێت کە لەئەنجامی توێژینەوەیەکدا گەیشتووەتە ئەوەی، ئەگەر کەسانی دەوڵەمەندو بەرپرس، توندوتیژی ئەنجام بدەن و یاساش پێشێل بکەن کەس لێیان ناپرسێتەوە.

## توندوتیژی چییە؟

رێکەوتننامەی سیداو، کە لەساڵی ١٩٧٩دا بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژ بەژنان واژۆ کرا، توندوتیژی وەها پێناسە کردووە: مەبەست لەهەموو جۆرە رەفتارێک، یان کردەوەیەکی توندووتیژ کە زیان بەبەرامبەر بگەیەنێت.

یان هەر جیاکارییەک یاخود خەسڵەت و هەڵسەنگاندنی مێینە، لەسەر بنەمای رەگەزی، کە ئاسەوارەکانی لەکەدارکردن و بەکەمزانین و تووشکردنی ژنان بەهەندێ کێشەش دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە. هەروەها مافی ژنە کە سەربەستی بنچینەیی لەهەموو لایەنە سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت.

## مێژووی توندوتیژی دژ بەژنان

هەندێک سەرچاوە کە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لەسەردەمی بوژانەوە، لەئەورووپا ئاماژە بەزۆرترین رێژەی توندوتیژی دژ بەژنان، دەکات و تێیدا هاتووە کە هەندێجار ژن بەوە تۆمەتبار کراوە کە لە"ئەهلی شەیتانە"و ئەوکات ژنیان لەنێو قەفەس بەندکردوە، کاتێک لەماڵ دەرچوون قفڵیان داوەو کلیلەکەیان لای خۆیان هەڵگرتووەو بەمیزاجی پیاوانەی خۆیان هەڵسووکەوتیان لەگەڵ ژندا کردووە. لەسەردەمی ئەفلاتوندا ژنان، مافی دەنگدانیان نەبووەو تاساڵی ١٩٤٨، دوای ١٠٠ ساڵ لەسەرهەڵدانی فیمنیزم، جارێکیتر لەئەمریکا لەساڵی ١٩٤٨ داوا کرایەوە کە ژن مافی بەشداری سیاسی هەبێت، لەجەنگی جیهانی دووەمدا، شەپۆلی فیمینیزم وەستاو توندوتیژی دژ بەژنان بەتوندی سەریهەڵداو چەوساندنەوەی ژن، بەرفراوانتربوو، بەڵام توندوتیژیەکانی دژ بەژنان بەردەوام بوو، تاساڵی شەستەکان. لەسەردەمی جاهیلیەتدا، لەنیمچە دورگەی عەرەب، هەر خێزانێک منداڵەکەی کچ بوایە، زیندە بەچاڵیان دەکرد. لەبەرئەوەی هەبوونی کچ و شووکردنی لەدواڕۆژدا بەشەرم و عەیبە زانراوە. هەر لەناو نەتەوەی عەرەبدا، بازاڕێک بۆ کڕین و فرۆشتنی ژنان و جارییە هەبووە.



مەهدی ساڵح

فرەژنی بێسنوور، بەڕاست زانراوەو پیاوێک توانیویەتی لەشەش ژن زیاتری هەبێت. هەر لەنیمچە دوورگەی عەرەبدا کاتێک پیاوێک دەمرد، کوڕەکانی کۆدەبوونەوەو عەبای باوکیان بەسەرپشتی دایکیان دەداو دەیانبردە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان. تائێستاش لەعەرەبستانی سعودی، ژنان بۆیان نییە شۆفێری بکەن. نەتەوەکانی تورک و فارسیش بەپێی مەزهەب و زۆر لەبەرژەوەندییەکانی پیاو، مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەت کردووەو دەسەڵاتی پیاو باڵادەست بووە. لەناو کورددا بەپێچەوانەوە لەسەرەتادا ژن باڵادەست بووەو بژێوی پیاوی پەیداکردووەو لەدەرەوەدا کاری کردووە. لەلادێکانی کوردستاندا ژنان ئازادبوون و جیاوازی رەگەزی لەنێوان ژن وپیاودا نەکراوە. بەڵام لەژێر کاریگەری نەریتی ئەو

ولاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە، توندوتیژی دژ بەژنان وەک، بەزۆر بەشوودان و هێشتنەوەی ژن لەچوارچێوەی ماڵدا دەستپێکردووە.

## ئایینەکان و توندوتیژی دژ بەژنان

هەمیشە گوتراوە ئامانج لەبڵاوبونەوەی پەیامە ئایینیەکان، ڕێکخستنی ژیانی خەڵک بووە. بەڵام هەندێک بۆچوون ئەوە ڕەت دەکەنەوەو دەڵێن کە جیاکاری ڕەگەزی لەڕێکخستنی مرۆڤەکاندا لەئایینەوە دەستپێکردوە، چونکە لەهەموو ئایینەکاندا پیاو، دەسەڵاتی باڵادەستی هەیەو سەرۆکی خێزانە. هەروەها بڕیاری هاوسەرگیری و پەیوەندییەکان و جیابوونەوەش لەدەستی پیاواندایە. توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕاهێنەری جێندەری شیلان نووری، دەڵێ، سەرهەڵدانی توندوتیژی دژ بەژنان لەکوردستان بۆ سەرەتای غەزووکردنی کوردستان و هاتنی ئایینی ئیسلام بەزۆرەملێ بۆ ناوچە کوردییەکان دەگەڕێتەوە. بەوهۆیەشەوە کەلتووری عەرەب کاریگەری لەسەر کەلتووری کوردی کردووە، بەڵام بەرپرسی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان محەمەد بازیانی، بۆچوونی ناساندنی ئیسلام وەک هۆکارێک لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی دژ بەژنان لەکوردستان ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت کەئیسلام، ئافرەتی لەزیندەبەچاڵکردن و کڕین و فرۆشتن ڕزگارکرد. بازیانی، نموونەوەی ئەوەش بەئافرەتانی گوندەکانی کوردستان دەهێنێتەوە کە بەر لەڕاگواستنی گوندەکان، گوندنشینەکانی کوردستان، زۆر وابەستەی ئایین بوون، بەڵام ژن ئازادبووەو توندوتیژی دژ بەژنان نەبووە.

**ڕاگواستنی گوندەکان، لەلایەن ڕژێمی بەعس و تێکەڵبوونی کەلتورە جیاوازەکان بەتایبەتیش کەلتوری شارو دێ، هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژین. چونکە لادێ بنەمای کۆمەڵگای کوردییەو بەعس ئەو بنەمایەی رووخاند**



توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕاهێنەری جێندەری شیلان نووری

قانوونزان د. نوری تاڵەبانی، پێیوایە، "توندوتیژی دژ بەژنان کەلتوری کوردو عەرەب نییەو ڕەنگدانەوەی ڕەفتارە دڕێوەکانی ڕژێمی بەعسە".

## هۆکارەکانی توندوتیژی

د. نوری ڕژێمی رووخاوی بەعس، بەیەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی چەکەرەکردنی توندوتیژی دژبەژنان لەکوردستان دەزانێت، "ڕاگواستنی گوندەکان، لەلایەن ڕژێمی بەعس و تێکەڵبوونی کەلتورە جیاوازەکان بەتایبەتیش کەلتوری شارو دێ، هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژین. چونکە لادێ بنەمای کۆمەڵگای کوردییەو بەعس ئەو بنەمایەی رووخاند".

شیلان نوری، شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی، بەڕێگەخۆشکەرێک بۆ پەرەسەندنی گرووپە ئیسلامییەکان وەسفکرد کە دواتر لەڕێگەی باڵادەستی ئەو ڕەوتەوە توندوتیژی و ژنکوشتن بەناوی شەرەفەوە پەرەی سەند. ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆکاروباری کۆمەڵایەتی مەهدی ساڵح، گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆکاری سەرەکی زیادبوونی توندوتیژی لەکوردستان دەزانێت، "هاتنی تەکنۆلۆژیا بێ هوشیارکردنەوە لەچۆنیەتی بەکارهێنانی هۆکارێک بووە لەدروستبوونی توندوتیژی و هەروەها شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کە بووە هۆکاری پەرەسەندنی هێزە ئیسلامییەکان و فتوای جۆراوجۆریان لەسەر ژنان کە لەزۆر فەتواکانیان دەیانگوت ئەو ژنەی لەچکی لەسەر نەبێت بێئابڕووە، ئەمانە هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژی بوون".

مەهدی ساڵح، پەروەردە بەهۆکارێکی تری گرنگی بونیادنانی کەسایەتی مرۆڤەکان دەزانێت و بەبڕوای ئەو، پێویستە دایکان لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا جیاکاری نەکەن، بەشێوەیەک کە وای لێبێت دەسەڵاتی کوڕ بەسەر کچدا بسەپێندرێت. لەلایەکی دیکەوە پسپۆڕی دەروونی د.توانا عەبدولڕەحمان، فاکتەری سەرەکی توندوتیژی دژ بەژنان بۆ بونیادی فیزیکی پیاوو هەبوونی جۆرە هۆرمۆنێک بەناوی هۆرمۆنی ئەندرۆجین، کە هۆرمۆنی نێرینەیە دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت توێژینەوە زانستییەکان وا پیشاندەدەن کە ئەو هۆرمۆنە ئارەزووی پیاو، بۆ توندوتیژی زیاد دەکات. ئەوەش وایکردووە کە هەمیشە دەسەڵات بەدەست پیاوانەوە بێت.

## توندوتیژی بەرهەمی ئیسلامە یان کۆمەڵگای کوردستان؟

شیلان نوری، پەرەسەندنی هێزە ئیسلامییەکان لەکوردستاندا بەپەرەپێدەری توندوتیژی دژ بەژنان دادەنێت و دەڵێت: "هەرچەندە لەئایینی ئیسلامدا بەوجۆرە نییە، بەڵام ئیسلامییەکان دەقەکانی ئایینیان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان

www.netewe.com



**گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە کاتی دەستگیرکردنی هاووڵاتییەکدا**

شیکردووەتەوە". شیلان، ڕەوشی ژن و فەتواکانی هێزی باڵادەستی ئیسلامی لەناوچەکانی تەوێڵەو بیارە، بەنموونە دەهێنێتەوە. هاوکات مەهدی ساڵح، شەڕی ناوخۆ، بەهۆکاری بەهێزبوونی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەزانێت، کە لەکوردستاندا هۆکاری تەشەنەکردنی توندوتیژی بوون. بەبڕوای شیلان، تائێستاش پرسی ژن، لەدیدی پارتە سیاسییەکانی کوردستان، بەپرسێکی گرنگ نازانرێت،"بەڵگەش بۆ ئەوەقبووڵکردنی ماددەی ٤١و ٤٢ بوو لەدەستوری عێراقدا، کە فەرماندرا بەهەموو پەرلەمانتارەکانی کورد لەبەغدا ئەو دوو ماددەیە بەرامبەر بەوەرگرتنی فیدراڵییەتی کوردستان قبووڵ بکەن". محەمەد بازیانی، ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوەو توندوتیژی و کوشتنی ژن بەناوی شەرەفەوە بەدابوونەریتی کۆنی کۆمەڵگای کوردستان وەسف دەکات.

ئەو دەڵێت:"لەئیسلامدا کوشتن بەناوی شەرەف نییەو سزاکان بۆ ژن و پیاو وەک یەکە". بازیانی، قسەکانی پێغەمبەری ئیسلام، دەکاتە بەڵگە،"جارێک ژنێک پێیگوتووە زینام کردووە، پێغەمبەر رووی خۆی وەرگێڕاوە تا٣جار ژنەکە دووبارەی کردووەتەوەو داوای داری حەددی کردووە، ئینجا ئەو، فەرمانیداوە". بەپێی قسەکانی بازیانی، ئیسلام خۆشەویستی و میهرەبانی تێدایە. لەئیسلامدا ئەگەر ژنێک زیناو خیانەتی هاوسەریش بکات ناکوژرێت و پیاو تەنیا دەتوانێت لێی جیاببێتەوە.

## جۆرەکانی توندوتیژی

بەرای د.توانا عەبدەلڕەحمان، توندوتیژی بۆ سێجۆر پۆلێن دەکرێت:

١.توندوتیژی جەستەیی: هەموو ئەو توندوتیژیانە دەگرێتەوە کە بەرجەستە دەکەون و دەبنە هۆی ئازاردانی دەروونی وجەستەیی، وەک لێدان یاخود، هەر دەست لێدانێک بێ ڕەزامەندی خودی کەسەکە.

٢. توندوتیژی دەروونی: سووکایەتیپێکردن و قسەی ناشیرین و مافخواردن، ترساندن، بێڕێزی و بەکەمزانینی ئافرەت، یان هەر ئاماژەیەکی ناشیاو دەگرێتەوە. گوشار خستنەسەر ئافرەت بۆ قبووڵکردنی هەر شتێک.

٣. توندوتیژی سێکسی: دەستدرێژی سێکسی و هەر دەستلێدانێکی بەزۆر دەگرێتەوە.

شیلان نووری، جیاکاری رەگەزی بەبنەمای توندوتیژی دژ بەژنان دەزانێت. بۆیە جۆرەکانی توندوتیژی بەمشێوەیە دابەشدەکات:

١.توندوتیژی کۆمەڵایەتی: مەبەست لەمجۆرە توندوتیژییە هەموئەوجیاوازییە کۆمەڵایەتییانەیە، کەلەسەر بنەمای مێبوونی کەسەکە دەکرێت وەک، بەزۆر بەشوودان و سووکایەتیپێکردن، ئەگەر بەهۆی ڕەمزو ئاماژە یان هەر جووڵەیەک کەوا لەژنەکە بکات هەست بەکەمی بکات. قسەگوتن و دەستخستنە ناو کاروباری ژیانی تایبەتی مێ. تەحەڕوش و تانەلێدان و هەوڵدان بۆ دەستدرێژی سێکسی، یان هەر دەستلێدانێکی تر کە ژنەکە بێزار بکات. ئەگەر پیاوێک نەخۆشی جنسی هەبێت و لای ژنەکەی ئاشکرای نەکات، بەجۆرێک لەتوندوتیژی هەژمار دەکرێت. جیاوازی لەبەخێوکردن و پەروەردەکردنی کوڕ و کچ و توندوتیژی خێزان.

٢.توندوتیژی ئابووری: ڕێگەنەدان و گرفت دروستکردن لەبەردەم کارکردنی ژندا، هەروەها ڕێگەگرتن لەبەردەم ئەوەی کە ژن نەبێتە خاوەن داهات و ڕێگرتنی لەلایەنی ئابوورییەوە.

٣.توندوتیژی سیاسی: ئەمجۆرەی توندوتیژی زیاتر لەلایەن حکوومەت و دەوڵەت ئەنجامدەدرێت و توندوتیژییەکی دامەزراوەییە کە لەبڕیارەکانی دەوڵەتەوە دەردەچێت وەک، ڕێگەنەدان بەبەشداری ژن لەپۆستە باڵاکان و ناوەندەکانی بڕیاردا، ڕێگەنەدان بەخۆپاڵاوتن و هەر هەڵسووکەوتێکی ناشیاو کەوا پیشانبدات ژن بێتوانایە.

www.netewe.com

## کاریگەرییەکانی توندوتیژی

د.توانا، کاریگەرییەکانی توندوتیژی بەحەوت جۆر دەستنیشان دەکات:

١_ تووشبوون بەترس و دڵەڕاوکێ، کە کاریگەری نەرێنی خراپی هەیە.

٢_ هەستکردن بەکەمووکورتی، وادەکات ئافرەت هەست بەنائاساییبوون بکات.

٣_ خەمۆکی، یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە زۆرترین ژنانی کوردستان بەهۆی توندوتیژییەوە، تووشی دەبن.

٤_ تێکچوونی کەسایەتی، ئەنجامدانی توندوتیژی دەبێتە هۆی تێکچوونی کەسایەتی و متمانەبەخۆنەبوون و دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی ئافرەت، بەتایبەت ئەگەر توندوتیژییەکە لەتەمەنی زووەوە دەست پێبکات و بۆ ماوەیەکی درێژیش بەردەوام بێت.

٥_ توشبوون بەنەخۆشی، (پی تی ئێس دی)و (ئەی ئێس دی).

٦_ تێکچوونی سایکۆسی، جۆرێک لەنەخۆشی دەروونییە.

٧_ کەمخەوی، مانەوەی کاریگەرییەکانی لەدەروونی ئافرەتدا، بەدرێژایی مانەوەی توندوتیژییەکە دەمێنێت و زۆرجاریش لەوانەیە بەدرێژایی تەمەنی ئافرەتەکە بمێنێتەوە کەوا لەئافرەت دەکات، بوونەوەرێکی ترساوو بێبەرهەمی لێ دەربچێت.

## ئەنجامەکانی توندوتیژی

توێژەری کۆمەڵایەتی شیلان نوری، جێگیرنەبوونی یاساو دەسەڵاتی دادوەری بەهۆکاری جیاوازی ڕەگەزی و توندوتیژی دژ بەژنان دەزانێت و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەسێکی دەوڵەمەند و بەرپرس، دەتوانێت توندوتیژی ئەنجامبدات و گوێش بەیاسا نەدات. چونک وەک باسی لێوەدەکات، ئەگەر لەکۆمەڵگایەکدا جیاوازی ڕەگەزی کرا، یاسا باڵادەست نابێت و دەبێتە کۆمەڵگایەکی چەقبەستوو و بێداهێنان و لەناوچوونی کەلتوورو لاوازی گۆڕانکارییەکان و شەرەنگێزی لەناوخێزاندا بەرهەم دێت. ژن، هەمیشە هەست بەتاوان دەکات و پێیوایە بوون و شێوەی جەستەی عەیبەیە، هەر بۆیەش زۆرجار ژنان دەڵێن:" ئێمە هەموو گیانمان عەیبەیە". بەبۆچوونی شیلان، متمانە لەدەستدان و بەدناوبوونی کورد، لەئەنجامی توندوتیژی دژ بەژنان و ژنکوشتنە لە کوردستاندا، کە زیانێکی سیاسی لێکەوتووەتەوەو وایکردووە کە جیهانی دەرەوە کورد بەنەتەوەیەکی توندووتیژ بناسێت.

**متمانە لەدەستدان و بەدناوبوونی کورد، لەئەنجامی توندوتیژی دژ بەژنان و ژنکوشتنە لە کوردستاندا، کە زیانێکی سیاسی لێکەوتووەتەوەو وایکردووە کە جیهانی دەرەوە کورد بەنەتەوەیەکی توندووتیژ بناسێت**



محەممەد بازیانی

## چارەسەر

ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران مەهدی ساڵح، هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هەردوو ڕەگەز، بەیەکێک لەڕێگاچارە گرنگەکانی توندوتیژی دەزانێت و جەخت لەسەر کارکردن لەسەر ڕەگەزی نێریش دەکاتەوەو تۆڕی پیاوان بۆ پاراستنی ژنان، لەوڵاتی سوید، دەکاتە نموونە کە ئەو تۆڕە کاری لەسەر پیاوان کردووەو سەرکەوتووش بووە. هەروەها ئاماژە بەڕۆڵی دایکان، لەپەروەردەکردنی منداڵدا دەکات و دەڵێت کە پێویستە منداڵەکانیان بەبێ هیچ جیاکارییەک پەروەردە بکەن. مەهدی ساڵح جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێ داواکاری گشتی کارابکرێت و پیاوانی یاساو پۆلیس، کەسانێک بن کە باوەڕیان بەمەسەلەی ژن هەبێت. چونکە تائێستاش"کەمووکورتی لەدادگاکانی کوردستاندا زۆرە". بەڕای ئەو ڕاوێژکارە کارکردن لەسیستەمی پەروەردەدا گرنگەو پێویستە بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی لە باخچەی ساوایانەوە کاربکرێت و وانەی مافی مرۆڤ و جێندەری لەقوتابخانەکاندا بخوێندرێت.

بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بەژنان د.توانا، وەک مەهدی ساڵح، ڕۆڵی پەروەردە بەکاریگەرو گرنگ دەزانێت و ڕەچاوکردنی هەریەک لەم خاڵانە بەپێویست دەزانێت:

١.هۆشیارکردنەوەی پیاو لەسەر یەکسانی نێرومێ.

٢.هۆشیارکردنەوەی پیاو، لەسەر ڕۆڵی ئافرەت لەکۆمەڵگادا.

٣.پیشاندانی ڕێگای جیاواز بۆ باشترکردنی پەیوەندی نێوان ژن وپیاو.

٤.هۆشیارکردنەوەی ئافرەت لەسەر مافەکانی خۆی.



بەهره حەمەڕەش

www.netewe.com

### بەرێژەیەکی بەرچاو لەهەرێمدا...

# ژنان سکاڵا لەدژی پیاوانی توندووتیژ بەرز دەکەنەوە

هەولێر

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان، لەهەر سێ پارێزگای هەولێر، دهۆک، سلێمانی، رێژەی ئەو ژنانەی کە سکاڵایان لەدادگاکاندا دژی توندوتیژی تۆمارکردووە بەبەراورد لەگەڵ سالانی پێشوودا بەرزبووەتەوە، بەڵام هەندێ بۆچوونی تر ئاماژە بەوەدەکەن کە تۆمارکردنی سکاڵا، لەبریتی چارەسەر، کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنان لەهەولێر، لەساڵی ٢٠٠٨دا ژمارەی ئەو سکاڵایانەی لەلایەن ئەو ئافرەتانەوە بەرزکراوەتە کە رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە بریتییەلە١٧٧٥ سکاڵا. بەڵام لەساڵی ٢٠٠٧دا تەنیا ٢١٨ سکاڵا تۆمارکرابوو. هەر لەوئامارەدا هاتووە، لەچوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩دا ٤١٥ سکاڵا تۆمارکراوە کە بەبەراورد لەگەڵ سالانی پێشتوودا بەرێژەیەکی بەرچاو سکاڵاکان، زیادی کردووە.

لەهەمانکاتدا ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لەسلێمانی، کە دەست وارڤین کەوتووە ئاماژە بەوەدەکەن، لەماوەی٩مانگی ساڵی ٢٠٠٩دا ٨٦٢ سکاڵا لەسنووری سلێمانی تۆمارکراوەو ٢٢٣ سکاڵاش لەناوچەی گەرمیان، تۆمارکراوە.تائێستا ٤٩ کێشەی چارەسەرکراوەو ١١٨ژنیش، لەشەڵتەرەکاندا، داڵدەدراون. لەماوەی ساڵی رابردوودا لەسلێمانی٩٩١ سکاڵا هەبووە لەگەرمیان ٢٨٣ سکاڵا هەبووە. لەکۆی ئەو کەیسانەش ٥٣ حاڵەتیان چارەسەر بووەو ٨٢ حاڵەتیشیان داڵدە دراوە.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی لەدهۆک، لەچوار مانگی ساڵی ٢٠٠٨دا ٥١ سکاڵا تۆمارکراوەو لەچوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩دا ١٢٢سکاڵا تۆمارکراوە. کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پێشودا رێژەکە بەرزبووەتەوە.

سەبارەت بەبەرزبونەوەی رێژەی سکاڵاکردنی ژنان لەبەرێوەبەرایەتییەکان، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لەهەولێر ژیلەمۆقادر، بەرزبوونەوەی ئەو رێژەیەی بەحاڵەتێکی ئەرێنی وەسفکرد. ئەوەشی بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری ژنان گەراندەوە.



بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان نەقیب ژیلەمۆ

بەپێی قسەی نەقیب ژیلەمۆ، ئەگەر بەراووردێکی رێژەی کوشتن و سووتان و سکاڵا، لەنێوان سالانی٢٠٠٧-٢٠٠٨-٢٠٠٩دا بکەی دەبینی کە ساڵ لەدوای ساڵ رێژەی کوشتن کەمبووەتەوەو رێژەی سکاڵا بەرزبووەتەوە، بەڵام رێژەی سووتان وەک خۆیەتی. بەبڕوای نەقیب ژیلەمۆ، تارێژەی سکاڵا بەرزبێتەوە رێژەی سووتان کەمدەبێتەوە. ژیلەمۆ، ئەوەش بۆ ئاستی هۆشیاری ئافرەتان

دەگەڕێنێتەوە، چونکە کاتێک ئافرەتێکی هۆشیار کێشەی دەبێت، هەوڵی چارەسەرکردن و سەندنی مافی خۆی دەدات، نەوەک بچێت خۆی بسووتێنێت. بەپێچەوانەوە ئافرەت هەبووە ئامادەبووە خۆی بسووتێنێت، بەڵام داوا تۆمار نەکات، بەمجۆرە ئافرەت لەهەموو لایەک مافی دەخورێت. ئەو بەڕێوەبەرە، جۆرەکانی سزادان بۆ ئافرەتان شیدەکاتەوە،"زۆرجار ئافرەت پێیوایە کە خۆی سووتاند، ئەوا پیاوەکەی یان براکەی تووشی سزاو کێشە دەبێت و تۆڵەی خۆی لێدەکاتەوە، پێویستە ئافرەتان ئەوە بزانن، کە ئەو کەسەی خۆی دەسووتێنێت، تەنیا زیان بەخۆی دەگەیەنێت و ئەو پیاوەی کە بووەتە هۆکاری خۆسووتاندنەکەی، ماوەیەکی کورت رادەگیرێت. چونکە ئەو خۆی، خۆی دەسووتێنێت و لەوکاتەدا ناتوانی کەسێکی تر سزا بدەیت. بۆیە پێویستە ئافرەتان، لەکاتی هەبوونی کێشەدا رێوشوێنی یاسایی بگرنەبەرو زیان لەخۆیان نەدەن".

نەقیب ژیلەمۆ، ئاماژە بەجۆری کێشەکان دەکات:"زۆرترین داواکان لەسەر هەڕەشە، لێدان و نەگونجانە".

لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژبەژنان لەسلێمانی، عەمید کەمال عەبدولڕەحمان، سەبارەت بەزیادبوونی رێژەی سکاڵا لەو سنوورە گوتی:"تۆمارکردنی سکاڵا، رووی لەزیادبوون کردووەو ئەوەش بۆ بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری کچان و ژنانی ناوچەکەو کارامەیی رێکخراوەکانی ژنان دەگەڕێتەوە کە دەبنە هۆی ئەوەی ژنان بۆ گەڕانەوەی مافەکانیان سکاڵا تۆمار بکەن".

عەمید کەمال، پێیوایە، پێشتر ئەنجامدانی لێدان و توندوتیژی لەناو خێزانەکاندا قۆرخ کرابوو و ژنان لەبەرامبەردا بێدەنگ دەبوون، بەڵام ئێستا چەندین رێکخراو و دامودەزگا بۆ بەرگریکردن لەژنان دامەزراوە. بۆیە کێشەکانی ژنان، بەشاراوەیی نامێننەوەو ژنانیش داوای مافی خۆیان دەکەن. نەقیب ژیلەمۆ، نزمی ئاستی زۆر لەپیاوانی ئەو کۆمەڵگایە دەخاتەڕوو و دەگێڕێتەوە:"پیاو هەبووە کاتێک بانگمان کردووەو زانیویەتی، ژنەکەی داوای لەسەرتۆمارکردووە. لەبەرچاوی ئێمە هێرشی بۆ ژنەکەی کردووە تالێی بدات. یان ژن هەبووە بەهۆی سکاڵا تۆمارکردن، تەڵاق دراوە. بەڵام ناکرێت بەوهۆیەوە ژنان، سکاڵا تۆمار نەکەن. چونکە ئەو ژنە لەرێگای یاساوە هەموو ماف و پێداویستییەکانی لەپیاوەکە وەردەگیرێتەوە. هەر ئافرەتێک داوا تۆماربکات، تاکۆتایی کێشەکەی ئێمە لەگەڵی دەبین".

ئەفسەری یەکەم، لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنان، ژیان تەلعەت، ئەنجامدانی هەڵمەت و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ هەردوو رەگەز بەپێویست دەزانێت وبەرای ئەو، هەندێجار لەوانەیە گرفتەکە لەدادگا بێت. ئەو، باس لەدۆسیەی پیاوێک دەکات، کە تائێستا دوو ژن لەبەر ئەو خۆیان کوشتووە، بەڵام دادگا ئازادی کردووە،:"دۆسیەی پیاوێکمان لایە، کە ژنی یەکەمی لەبەر ئەو، خۆی سووتاندبوو، دواتر ژنێکی تری هێناو ئەویش بەکلاشینکۆف، خۆی کوشتووە. بەڵام ئێستا ئەو پیاوە، لەدادگا ئازادکراوە". لێرەدا رووبەڕووی پرسیارێک دەبینەوە، کە ئایا ئەو کەسە تاوانبارە یان ئەوکەسانەی کە دەبنە هۆکاری ئەنجامدانی تاوانێک، فایلدارن، واتە پێشتریش رووداویتریان هەبووەو لای دادگاو پۆلیس دۆسیەیان هەیە، رەچاوی تاوانەکەی پێشتریان دەکرێت؟.

گوتەبێژی فەرمی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، دادوەر عەبدولباست فەرهادی، لەوبارەیەوە دەڵێت:" لەکاتی دادگاییکردندا، رەچاوی بارودۆخی کەسەکە دەکرێت. دووجۆر سزا هەیە، سزای سووک و سزای سەخت، ئەگەر سزای سووک یان کەم، پێنج ساڵ بێت، ئەوا سزای سەخت، پانزەساڵە، ئەو کەسانەی کە پێشینەیان هەیەو فایلدارن، ئەوا سزای سەختیان بۆ دادەنرێت و رەچاوی تۆمەت یان تاوانەکەی پێشوویان دەکرێت". سەبارەت بەسزای بکوژانی ژن، ژیلەمۆ قادر، جەخت لەسەر بزرنەبوونی تاوانەکان دەکاتەوەو بەپێی قسەکانی ئەو، کەم حاڵەت هەیە کە بەدواداچوونی بۆ نەکرێت، چونکە ئەوان بەدوای هەموو کێشەو رووداوێکدا دەچن ئەگەر بەتەلەفۆنیش پێیانگوترابێت."ماددەی کوشتن، روونەو کەسی بکوژ، بەماددەی ٤٠٥-٤٠٦ سزادەدرێت، سزاکەی ٢٥ساڵ زیندانییە".

بەبڕوای ئەو بەڕێوەبەرە، کارکردن بۆ کێشەی ژن، تەنیا پەیوەندی بەوەزارەتی ناوخۆوە نییەو، پێویستە وەزارەتی دادو کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەوقاف و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکەکانی خۆیان بەباشی جێبەجێ بکەن. پێویستە وەزارەتی ئەوقاف، خول بۆ گوتاربێژانی مزگەوتەکان بکاتەوەو هەندێ پرەنسیپ بۆ مامۆستایانی ئایینی روون بکرێتەوە کە تێیدا مافەکانی ژن و پیاو بخرێتەڕوو لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا. هاوکات ژیلەمۆ، راگەیاندنی بەلایەنێکی تری پەیوەندیدار بەو پرسەوە زانی و گوتی:"لەجیاتی ئەوەی راگەیاندن، تەنیا جۆری رووداوەکە بنووسێت و بیکاتە مانشێت، با بەدوای رووداوەکەدا بچێت و باس لەچارەسەریش بکات. یەکێک لەگرفتەکانی تری راگەیاندن، ئەوەیە کە کارەساتەکان وەک خۆی دەنووسنەوەو ئەوەش زۆرجار لەلایەن کەسانیترەوە دەبێتە هۆی لاسایی کردنەوە".

**ئەگەر بەراووردێکی رێژەی کوشتن و سووتان و سکاڵا، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨-٢٠٠٩دا بکەی دەبینی کە ساڵ لەدوای ساڵ رێژەی کوشتن کەمبووەتەوەو رێژەی سکاڵا بەرزبووەتەوە، بەڵام رێژەی سووتان وەک خۆیەتی. تارێژەی سکاڵا بەرزبێتەوە رێژەی سووتان کەمدەبێتەوە. ئەوەش بۆ ئاستی هۆشیاری ئافرەتان دەگەڕێتەوە**

www.pietewe.com

## جێی نیگەرانی ژنانە...

# پیاوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی بەڕێوەدەبەن

دهۆک

هەرسێ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لەپارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، پیاون و ئەمەش بووەتە جێگای رەخنەی هەندێ لەچالاکوانان و داکۆکیکارانی پرسی ژن لەم وڵاتە. هاوکات یەکێک لە بەڕێوەبەری ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە هۆکارەکە بۆ نەبوونی ژن بە پلەی نەقیب، دەگەڕێنێتەوە.

دوای هەڵکشانی بەرچاوی رێژەی کوشتن و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لەکوردستان، لەساڵی ٢٠٠٧، سەرۆکی پێشوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، بڕیاری دامەزراندی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنانی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی دەرکرد. ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە راستەوخۆ سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، ئەمەش بە ئامانجی کەمبوونەوەی رێژەی کوشتن و توندوتیژی دژ بەژنان، لە



بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەولێر

هەرێمی کوردستان دامەزرا. بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی لەهەرسێ پارێزگا، رێژەی کوشتن، بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو کەمبووتەوەو رێژەی سووتان وەک خۆیەتی کە جێگای پرسیاری خەڵکە، هەروەها رێژەی سکاڵا تۆمارکردن بەرزبووەتەوە. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنان لەدهۆک، لەساڵی ٢٠٠٧دا ٦٢ حاڵەتی کوشتنی ژن هەبووە، بەڵام کە لەساڵی٢٠٠٨دا ئەو رێژەیە بۆ ٢٣ حاڵەت کەم بووەتەوە.

### بەڕێوەبەری هەر سێ پارێزگاکە پیاون

زۆر لە هاووڵاتیان رەخنە لەبوونی پیاو وەک بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی دەگرن، کە گوایە ئەوان ناتوانن وەک ژنێک بەدڵسۆزی خزمەتی ئەو پرسە بکەن، چونکە وەک دەگوترێت ژنان زیاتر و باشتر لەکێشەو گرفتی هاورەگەزەکانیان تێدەگەن. ساکار، کچێکی تەمەن بیست و چوار ساڵەو قوتابی زانکۆیە، بەرای ئەو کچە، دەبوایە بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە ئافرەت بوایە. چونکە پیاو قەت پڕ بەدڵ ئیش بۆ پرسی ژن ناکات. بۆیە پێویستە ژنیش ئەگەر لەپۆستێکی بەرگری لەمافی ژنان دانرا، راهێنانی پێبکرێت و هەرەمەکی دانەنرێت، چونکە بواری ئەو کارە هەستیارە،"گەورەترین گرفتی ئێمە، باوەڕنەبوونی زۆرێک لە پیاوانی پۆلیس و یاسایە، بەپرسی ژن". سەبارەت بەو پرسیارە کە ئایا بۆچی بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە پیاون؟ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەدهۆک، د. سامی جەلال، گوتی:"هیچ هۆکارێک نییە کە دەستنیشانی بکات کە بەڕێوەبەر ژن بێت یان پیاو. لەسەر بنچینەی شارەزایی کەسەکە، ئەوە دیاری دەکرێت. ئێمە هێشتا بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کچمان بە پلەی



سومەییە سەعید

نەقیب نییە. ئەو کچانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی، پلەیان هەیە، ئەفسەرە، یان ئەفسەری یەکەمن. بەڵام هەر کاتێک وەزارەتی ناوخۆ، ژنێکی لەو ئاستەدا دۆزییەوە ئەوکات ئەو ژنە لەوشوێنە دەکرێتە بەڕێوەبەر.

### عەیبە ژن داوای مافی خۆی نەکات

قوتابی ماستەری توێژەری کۆمەڵایەتی لەزانکۆی سەلاحەددین، سومیە سەعید خالید، باسی لە مافی ژنان سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵا کرد، چونکە کاتێک ژنێک سکاڵا لەدژی هاوسەرەکەی تۆمار دەکات، هیچ عەیب و ناشیرین نییە،"دەبێ پیاو تێبگات کە ژن هاوبەشی ژیانەو موڵکی ئەو نییە، کە هەر کاتێک ویستی لێی بدات. ئێمە لەئێستادا بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەچین.

لەلای پیاوان شتێکی جوانە ئەگەر ژن لەلایەن مێردەکەیەوە ئازار بدرێت و ژنەکە سکاڵای لەسەر تۆمار نەکات، بەڵام بەڕای من عەیب و ناشیرینیی لەوەدایە کە ژن نەچێت و سکاڵا تۆمار نەکات و داوای مافی خۆی نەکات".

## پێویستە پیاوان هۆشیار بکرێنەوە

بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی دهۆک، حسێن عەلی ئەسعەد، پێیوابوو، کە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی لەماوەیەکی کورتدا، توانیویانە کارێکی باش و گەورە لەناو دهۆکدا ئەنجامبدەن،"لەرێگەی یاساوە ناوبژیوانییان لەکێشەکانی ژندا کردووەو توانیویانە زۆربەی کێشەکان چارەسەر بکەن. راستە کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەنگاوو بەهەنگاوە، بەڵام توانیویانە بنچینەیەک بۆ گۆڕینێکی بنەڕەتی ئامادە بکەن و کاری خۆیان بەرەوپێش بەرن". حسێن عەلی، بەپێویستی دەزانێت کە پیاوان لەبارەی مافەکانی ژنانەوە هۆشیار و رۆشنبیر بکرێنەوە و تێبگەیەنرێن تا لەدژی ژنان، توندوتیژی بەکارەهێنن.

## ژنان دەسووتێندرێن؟

رای جیاواز بەرامبەر بە رێژەی بەرزبوونەوە یاخود کەمنەبوونەوەی سووتانی ژنان لەکوردستاندا هەیە. چونکە زۆر کەس پێیانوایە، هۆکاری دانەبەزینی رێژەی سووتان، گۆڕانی شێوازی کوشتنی ژنانە و"ژنان دەسوتێنرێن". بەرای توێژەری کۆمەڵایەتی سومەیە سەعید، رێژەی دانەبەزین و کەمبوونەوەی سووتان، جێگای پرسیارە،"من گومانم هەیە کە کچان و ژنان دەسووتێنرێت، چونکە ئەو کچ یان ژنانەی دەسووتێن رێژەی سووتانەکەیان زۆر بەرزەو لە ١٠٠ ٪ نزیکەو یەکسەر گیان دەسپێرن. لەبەر ئەوە ناچێتە عەقڵ، کچان و ژنان وەها خۆیان بسووتێنن، دیارە کەسێک دەیانسووتێنێت".

## راپۆرتێک دەدرێتە نەتەوەیەکگرتووەکان

باڵیۆزی ئاشتی شیرین ئامێدی، باس لەپێشکەشکردنی راپۆرتێک، لەسەر رەوشی ژنانی کوردستان بە پەرلەمانی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات. چونکە،"نەتەوەی یەکگرتووەکان ماوەی١٠ ساڵە چاوەڕێی راپۆرتی عێراقە، بەڵام هێشتا ئەو راپۆرتە لەسەر رەوشی ژنان نەگەیشتووەتە دەستیان، بۆیە دەمانەوێت بەزووترین کات ئەو راپۆرتە پێشکەش بکەین". هەروەها شیرین ئامێدی کە هاوکات سەرۆکی تۆڕی یاسایی ژنانی کوردستانە باس لەوە دەکات کە بۆ پێشخستنی ژنانی گوند پلانیان هەیەو بەنیازن لەبارەی هۆشیارکردنەوەو چۆنیەتی داواکردنی مافەکانییانەوە سیمیناری گرنگ و تایبەتیان بۆ رێکبخەن.



بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە دهۆک

**دەبوایە بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە ئافرەت بوایە. چونکە پیاو قەت پڕ بەدڵ ئیش بۆ پرسی ژن ناکات. بۆیە پێویستە ژنیش ئەگەر لەپۆستێکی بەرگری لەمافی ژنان دانرا، راهێنانی پێبکرێت و هەرەمەکی دانەنرێت، چونکە بواری ئەو کارە هەستیارە،"گەورەترین گرفتی ئێمە، باوەڕنەبوونی زۆرێک لە پیاوانی پۆلیس و یاسایە، بەپرسی ژن"**

## توندوتیژی کەم نەبووەتەوە

سەبارەت باسکردن لە کەمبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان لەدهۆک، د. سامی جەلال، ئەوە رەتدەکاتەوە دەڵێت:"من نازانم چ پێوەرێک هەیە بۆ کەمبوونەوەی توندوتیژی، چونکە کەمبوونەوەی بە پێشقەچوونی وڵاتەوە پەیوەستەو چەندەش کۆمەڵگا پێشبکەوێت، توندوتیژی بوونی هەر دەبێت".

## لە قوتابخانەکان سندووقی سکاڵا دادەمەزرێنن

سەبارەت بەکاری نهێنی بۆ کەمبوونەوەی کێشەکانی ژنان، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لە دهۆک، رایگەیاند" پلانێکمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان بەشێوازی نهێنی هەیە، ئەویش دانانی سندووقی سکاڵا لەقوتابخانەو ئامادەییەکانی کچانە. بۆ ئەوەی هەر کچێک کێشەی هەبوو لەرێگەی ئەو سندووقەوە بگاتە دەستیان و ئەوانیش لەرێگای یاسایی و بەنهێنی کێشەکانیان چارەسەر بکەن".

www.netewe.com

# بەڕێوەبەری بەدواداچونی توندوتیژی دهۆک:

# ئیمە بەرگری لە کچێک ناکەین کە هەڵە بکات

دهۆک

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لەپارێزگای دهـۆک، لە ساڵی ٢٠٠٨دا، ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان لەپارێزگای دهۆک، کەمبووەتەوە. هاوکات بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، ئەوان بەرگری لە ژنێک ناکەن کە هەڵە بکات و ئەو کچانەش مارە نابڕن، کە رایانکردووە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتـی ناوخۆ لەساڵی٢٠٠٧دا، ٦٣ حاڵەتی کوشتنی ژنان و ٥٨ حاڵەتی سووتان لەپارێزگای دهۆک ڕوویانداوە. بەڵام لەساڵی ٢٠٠٨دا، ڕێژەی کوشتن و سووتانی ژنان بەرەو کەمبوونەوە چووە، واتە ٢٣ حاڵەتی کوشتن هەبوو کە ڕێژەکەی بۆ ٦٣٪ دابەزیوە کە تێیدا ١٣ ژن کوژرابوون و ١٠ ژنیش خۆیان کوشتبوو. هەروەها ٥٨ حاڵەتی سووتانی ژنان هەبوو کە هێشتا ٧ کەسیان لە ژیاندا ماون و زۆربەی سووتانەکانیش قەزاو قەدەر بوونە کە ڕێژەی سووتانیش ٣٩٪، بووە.

## ساڵی کەمبوونەوەی توندوتیژییە!

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بـەداواداچـوونـی توندوتیژی دژ بەژنان، د. سامی جەلال، ئاماژەی بەکەمبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی لە پارێزگای دهۆکدا کرد و رایگەیاند کە تائێستا فریای زیاتر لە١٠ حاڵەتی خۆکوژی ژنان کەوتوون و نەیانهێشتووە، ژنەکە خۆی بکوژێت. "لەساڵی رابردوودا ٢٨ ژن هەوڵی خۆکوشتنی داوە، ١٠ ژن گیانی سپاردبوو و هەروەها ١٨ژنیش بەساغی ماونەتەوە. پتر لە٣٢ حاڵەتیش لەلایەن ئێمەوە چارەسەری بۆ کراوەو نەمانهێشتووە بگەنە رادەی خۆکوژی". وەک نەقیب سامی دەڵێت، لەساڵی٢٠٠٨دا ٤٩٥ سکاڵا لەبەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەوان تۆمار کراوەو



نەقیب سامی جەلال

لەکۆی ئەو ٤٩٥ سکاڵایە٣٠٩ چارەسەر کراوە. ئێستا تەنیا ١٨٦ کێشە ماوەتەوە کە هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدان و چارەسەر نەکراون. بەپێی لێدوانی ئەو بەڕێوەبەرە، لەکاتی دامەزرانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەوە "حاڵەتەکانی توندوتیژی بەرەو کەمبوونەوە چوون و دەتوانن ساڵی٢٠٠٨ وەک ساڵی کەمبوونەوەی توندوتیژی ناودێر بکەن".

## دوانزە ژن تەحەڕوشیان پێکراوە

بەپێی ئامارەکان، لەمانگی یەکی ئەم ساڵدا ژنێک کوژراوەو ٤ ژن خۆیان کوشتوەو٦ ژنیش خۆیان سووتاندووە کە لەوانەش سێ کەسیان گیانیان سپاردووەو ٣ کەسیشیان تاکو ئێستا لەژیاندا ماون. هەروەها لەماوەی ئەو مانگەدا ٢٣ سکاڵا لە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی لەدژی ژنان، تۆمار کراوەو ٢ ژنیش تووشی تەحەڕوشی سێکسی بوونە کە سەرجەم توندوتیژییەکان دەگەنە ٣٦ حاڵەت. هەروەها ساڵی رابردوو ١٢ ژن، بەرەو ڕووی تەحەروشی سێکسی بوونەتەوە.

## سکاڵای لێدان لە کوشتن و سووتان زیاترە

بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دهـۆک، ڕێـژەی لێدانی ژنـان لەلایەن پیاوانی بنەماڵەکانیانەوە ڕووی لە زیـادبـوون کـردوەو لەگەڵ ئـەوەی ڕێـژەی کوشتن و سووتاندنی ژنان کەمبووەتەوە،بەڵام زۆرترین ئەو سکاڵایانە کە تۆمار دەکرێن، لـەدژی لێدان و ئازاردانی ژنانە. د.سامی گوتی: "جۆری ئەو سکاڵایانە کە لەبەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە تۆمار دەکرێن، لەسکاڵاکانی وەک کوشتن و سووتاندن زیاترن. بۆ نموونە ئێمە لە٢٠٠٨ دا، (٤١٥-٤١٣) سکاڵای ئازاردان و لێدانمان هەبووە".

## سزای لەسێدارەدان بۆ بکوژێک

پێش هەموارکردنی یاسای کوشتن بەبیانوی شەرەف (غسل العار)، بکوژانی ژنان تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو زیندانی دەکران، بەڵام دوای هەموارکردنەوەی ئـەم یاسایە لەساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن پەرلەمانی کوردستان سزای بکوژانی ژن چووە چوارچێوەی مادەی کوشتن لەیاسای سزادانی عێراقیداو تاوانباران بەگوێرەی ئەو مادەیە سزادران.

هەر لەو بارەیەوە، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بـەدواداچـوونـی توندوتیژی دژ بەژنان نەقیب سامی سەعید، دەڵێت: "ئێمە پابەندی یاساین و یاساجێبەجێی دەکەین، بۆنموونە، بەندی ٤٠٨ لەیاسای سزادانی عێراقی دەڵێت: (هەرکەسێک، کەسێکی تر بۆ کوشتن هانبدات بۆ ماوەی زیاتر

www.netwe.com

لە٧ ساڵ سزادەدرێت. یان هاریکاری بکات و پێی بڵێت، ئەوە گازە یان ئاگرە برۆ خۆتی پێ بسووتێنە سزا دەدرێت). ئێستا سزای لەسێدارەدان بۆ کەسێک کە ژنەکەی کوشتووە، بڕواتەوە هەروەها زیندانی هەتاهەتایی بۆ دوو کەس بڕاوەتەوە کە هاوسەری خۆیان، کوشتووە“.

## ئەزموونی قوتابخانەکان و خۆسووتاندنی کچان

بە بڕوای نەقیب سامی، هەندێک لەو حاڵەتانە، ئەو کچانەن کە لەئەنجامی ئەزموونەکانی قوتابخانەدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، خۆیان دەسووتێنن، لەگەڵ ئەوەی کوڕان زیاتر لەئەزموونەکاندا دەرناچن، بەڵام خۆیان ناسووتێنن. بۆ نموونە لەساڵی ڕابردوودا ١٠ کەسی سەرکەوتوو لە پرۆسەی خوێندندا لەسەر ئاستی عێراق هەموویان کچ بوون. بەڕای ئەو بەڕێوەبەرە،“کچانی سەرنەکەوتوو لە تاقیکردنەوەکان کە پەنا بۆخۆسووتاندن دەبەن ناتوانن کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکەن و واقیعەکە قبووڵ بکەن، بۆیە پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن. دەتوانم بڵێم کچانی قوتابی لەمانگەکانی٥-٦دا زیاتر خۆیان دەسووتێنن، چونکە لەو دوو مانگەدا کچان ئەنجام وەردەگرنەوە. هەروەها کێشەی دەرنەچوون و خێزان، دوو هۆکاری سەرەکی خۆسووتاندنی کچانە“.

## ئەگەر ژن هەڵە بکات بەرگری لێناکەین

زۆر لەپیاوان پێیانوایە، باروودۆخی ئێستا لەبەرژەوەندی پیاواندا نەماوە، چونکە هەر کاتێک پیاو هەڵەیەک بەرامبەر بەژنەکەی بکات، ئەوا هاوسەرەکەی سکاڵا تۆمار دەکات. بەپێچەوانەوە پیاوان ناتوانن هیچ سکاڵایەک لەدژی ژنەکانیان تۆمار بکەن، نەقیب سامی، جەخت لەسەر بێلایەنی خۆیان دەکاتەوە،“شتی وەها نییە، ئێمە تەنیا بەرگری لە ژن دەکەین، بەڵام ئەگەر ژن هەڵە بکات ئێمە بەرگری لێ ناکەین، چونکە ئێمە لەبەرگریکردندا بێلایەنین و کار بە یاسا دەکەین“.

## کچانی ڕفێندراو ڕوو لەبەڕێوەبەرایەتییەکەمان نەکەن

بەپێ قسەی نەقیب سامی، لە ساڵی ڕابردوودا، ٦ حاڵەتی ڕفاندنی کچان لەدهۆک و دەوروبەریدا ڕوویداوە، ئەوان توانیویانە کێشەی چوار لەو حاڵەتانە، چارەسەر بکەن، بەڵام دوو حاڵەتیان هێشتا بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە،“پێویستە هاووڵاتیان ئەوە بزانن، کە ئەو کارە، ناچێتە چوارچێوەی کاری ئێمەوە تا کچانی ڕفێندراو لە کوڕان مارە بکەین. هەر کەسێکیش کچێکی ڕفاند و ڕوو لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە بکات، بۆی چارەسەر ناکەین، بەڵکو تەنیا لێیدەکۆڵینەوە. ئەوە کاری ئێمە نییە. مەگەر هەندێک جار ئەگەر حاڵەتێکی تایبەت ڕوویدات، ئێمەش بەناچاری لەچارەسەردا بەشدار بین“.

## باوکان و دایکان ڕێگری لەخۆشەویستی ناکەن

بەبۆچوونی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژبەژنان لەدهۆک، ڕفاندنی کچان، کارێکی هەڵەیە. بەتایبەت ئەو کوڕانەی بەرلەوەی بچنە خوازبێنی کچەکە، دەیڕفێنن. ئەوە کێشەیەکی قورسەو بۆ چارەسەر پێویستی بەکات هەیە،“ڕفاندن بۆ خۆی کارێکی هەڵەیەو هیچکەس ناتوانێت پشتیوانی لەو کارەبکات. چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشەیەی کە کوڕ بەر لەوەی بچێتە داوای کچ بیڕفێنێت، زۆر زەحمەتە، تائێستا دوو کەیسمان لەلایەو بەهەڵواسراوی ماوەنەتەوە. داوا لەدایکان و باوکان دەکەین، کە ئەگەر کچ و کوڕێک حەزیان لەیەککرد، ڕێگری لەخۆشەویستی و هاوسەرگیریان نەکەن. هەروەها هەندێک حاڵەتیش هەیە کە بەرلەوەی کچ، بڕفێندرێت ئاگادار کراوینەتەوەو چارەسەرمان بۆ دۆزیوەتەوەو بێ کێشە کۆتاییمان پێ هێناوە“.



دیمەنێکی شاری دهۆک

## خودی ژنانیش بەشێکن لە کێشەکە

بەبڕوای نەقیب سامی، بەشێک لە کێشەکان هەڵەی ژنانە“خۆ پیاو لەماڵ نییە، تا کێشە دروست بکات“. ئەو بەڕێوەبەرە، کێشەی نێوان بووک و خەسوو، بەنموونە دێنێتەوە،“ڕۆژێک ژنێک هاتە لامان و گوتی، مێردەکەم دەمکوژێت و ئێمەش بە پەلە بەدواداچوونمان بۆ کێشەکە کرد، لەئەنجامدا دەرکەوت ژنەکە بەهاوسەرەکەی گوتبوو کە موبایلی بۆ بکڕێت. مێردەکەشی کرێکار بوو و لەوکاتەدا وەک پێویست نەیتوانی بوو داواکەی جێبەجێ بکات. بۆیە کاتێک ژنەکەمان بانگ کرد ڕووبەڕووی مێردەکەی بکەینەوە ئامادەنەبوو“. نەقیب سامی، ئاماژەی بەکێشەی کچێکی تر کردو گوتی ”لەنیوە شەوێکدا کچەک لە مەفرەزەیەکی دهۆکدا گیرا، پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە کچەکە لە سلێمانییەوە هاتووە، بۆیە من بۆ خۆم چوومە سلێمانی و بەدواداچوونم بۆ کێشەکە کرد، لەئەنجامدا ئاشکرا بوو کە کچەکە لەماڵەوە بێزار بووە، بۆیە نەیدەویست بگەڕێتەوە بۆ ماڵ. لەڕاستیدا ئەو هیچ کێشەیەکی خێزانی نەبوو“.

هێژا شێخ مەمی

## مەلا بەختیار بۆ وارڤین:

# نەهێشتنی توندوتیژی پرۆژەیەکی ستراتیژی هەمەلایەنی دەوێت

سلێمانی

بەرپرسی نووسینگەی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤین دا رایگەیاند کە ئەوانەی بەناوی خێڵ و شەرەف و بنەماڵەو خێزانەوە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، کەسانێکی بیرتەسکی گۆشکراوی پەروەردەیەکی ناتەندروستن و پێویستە بەئاشکرا دادگایی و ریسوا بکرێن. مەلا بەخیتار، هەروەها گوتی نەهێشتنی توندوتیژی پرۆژەیەکی ستراتیژی هەمەلایەنی دەوێت، چونکە لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا توندوتیژی هەیە، بۆنمونە لەوڵاتی سوید کە پیشکەوتووترین و دیموکراتیکترین وڵاتی ئەورووپایە لەهەر ٧چرکە جارێکدا حاڵەتێکی توندوتیژی دژی ژنان ئەنجامدەدرێت.

هەر جۆرە توندوتیژییەک لەبەرامبەر ژناندا بەپێوەری کۆی سیستەم و یاسا ئاسمانی و مرۆڤایەتییەکان، بریتییە لەلادانێکی نالۆژیکی و ناعەقلانی لەلایەن ئەو کەسەی کە دەبێتە بکەری توندوتیژییەکە دژ بەهەموو ماف و رێزێک کە مرۆڤ هەیەتی، جارێک وەک مرۆڤ و جارێکیش وەک رەگەزی هاوشانی پیاو لەپێکهێنانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.

لەڕاستیدا سیناریۆی پیشاندانی توندوتیژی لەهەمبەر ژناندا ئەوەندەی پەیوەستە بەئاین یان هەر یاسایەکی پێڕەوکراو، دووهێندەش پەیوەندییەکی پێچەوانەی بەئاین و تێڕوانینی عەقڵی مۆدێرن و سەردەمیانەی تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە. پرسی توندوتیژی دژی ژنان کە ئەمڕۆ بووەتە جێگەی قسەو باس و تێبینی شەقام و پەرلەمان و دەسەڵات و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نەگەیشتووەتە ئاستی دەستەوەستان، بەڵکو دۆزینەوەی چارەسەر ئەستەم نییەو دەکرێت هەر لەئێستاوە تاداهاتوویەکی نزیک حاڵەتەکە چارەسەربکرێت و زانستیانەو مرۆڤانە تێپەڕێنرێت. ئەمەش لەبەراییدا بەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری جێندەر لەکەناڵەکانی راگەیاندن و پاشان بڵاوکردنەوەی پرۆسەی رۆشنگەری و هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگا لەڕێگەی بەستنی کۆڕ و سیمیناری تایبەت بەچارەسەر و میتۆدی جیاواز، کە دەکرێت لەونێوەندەشدا مەسەلەکە بکەوێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەیەکی گەرم و جدی، کە لەزۆر ڕووەوە سەرەداوەکانی ببەسرێتەوە بەیاساو دەستورە مرۆڤایەتییەکانەوە.

لەچوارچێوەی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، وارڤین هەڤپەیڤینێکی کورتی لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەی رێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی ن ک) مەلابەختیار، ئەنجامدا کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

وارڤین: مەبەست لەدەستنیشانکردنی هەفتەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان چییە. ئایا توندوتیژی بەهەفتەیەک کۆتایی دێت؟

مەلا بەختیار: ئەم جۆرە هەفتانە، هەفتەی هێمایین، هەفتەی سەرنجراکێشانن، هەفتەی پەروەردەکردن و تێگەیاندنی رای گشتییە، لەسەر ئەوەی کە بەڵێ کێشەیەک هەیە پێیدەڵێن کێشەی توندوتیژی دژ بەنیوەی کۆمەڵگا کە ژنانن. من پێم وانییە بەهەفتەیەک و ساڵ و دووساڵ بتوانین کۆتایی بەتوندوتیژی دژبەژنان بهێنین.

وارڤین: ئایا زەمینە بۆ کۆتاییهێنان بەتوندوتیژی دژی ژنان رەخساوە؟

مەلا بەختیار: توندوتیژی دژبەژنان کارێکی ناجوامێری و نامرۆڤانەیەو مومکین نییەو ناکرێت رێگەی بەردەوام بوونی بدەین، چونکە ئەو جۆرە تونوتیژییانە دژبەدیموکراسییە، دژبەپێشکەوتنە، دژ بەبنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، دوژمنایەتیکردنی دیموکراسییە لەناو سیستمی دیموکراسیدا. بۆیە بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی ئەو هەڵمەتە دەکەین تا وەکو پەروەردەو عەقڵییەت و ئەفکاری ئەو کەسانە بگۆڕین کەتوندوتیژی دژ بەژنان ئەنجامدەدەن، سەرئەنجام ساڵانی داهاتوو بەهەوڵ و ماندووبونی هەموولایەک بتوانین بنەمایەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و روناکبیری تازە لەم وڵاتەدا بنیاتبنێین بۆ ئەوەی ببێتە دەستەبەری کۆتایی هێنان بەو توندوتیژیانە.

وارڤین: بەڕای ئێوە، بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی پێویستە چی بکرێت؟

مەلا بەختیار: نەمانی توندوتیژی پرۆژەیەکی ستراتیژی هەمەلایەنی دەوێت، چونکە لەزۆربەی زۆری وڵاتانی دنیادا توندوتیژی هەیە. بۆنمونە لەسوید کە پیشکەوتووترین و دیموکراتیکترین وڵاتی ئەورووپایە، هەر ٧چرکە جارێک حاڵەتێکی

**توندوتیژی دژبەژنان کارێکی ناجوامێری و نامرۆڤانەیەو مومکین نییەو ناکرێت رێگەی بەردەوام بوونی بدەین، چونکە ئەو جۆرە تونوتیژییانە دژبەدیموکراسییە، دژبەپێشکەوتنە، دژ بەبنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، دوژمنایەتیکردنی دیموکراسییە لەناو سیستمی دیموکراسیدا**



www.netewe.com



بەرپرسی نووسینگەی رێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی ن ک) مەلا بەختیار

توندوتیژی لەدژی ژنان ئەنجام دەدرێت. لەئەمریکا، ئیتالیاو ئیسپانیا رێژەکان ترسناکترن، لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەهۆی ئایین، مەزهەب، عەقڵی خێڵەکی و لاوازی ئەزموونی دیموکراسی، توندوتیژی دژ بەژنان زۆر زەقترە لەدیاردە دواکەوتووەکانی دیکەی کۆمەڵگاکان.

وارڤین: وەک لەئامارەکاندا دەبینرێت دادگاکان وەک پێویست رۆڵی خۆیان نەگێڕاوە لەسزادانی بکەرانی توندوتیژیدا، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بکەران دیسان بەبێ ترس توندوتیژی بەکار بهێننەوە. رای ئێوە لەوبارەیەوە چییە؟

مەلا بەختیار: لەبەرئەوەی ئێمە ئەزمونێکی تازەی دیموکراسیمان هەیە، هێشتا گۆڕانکاری قووڵ لەبنەمای ژیان لەئابووری، لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی، لەعەقڵییەتی نەخۆشی پیاوسالاری و لەپەروەردەماندا نەکراوە. بۆیە ناوبەناو توندوتیژی و کردەی قیزەون لەدژی ژنان ئەنجامدەدرێت، ئەوانەشی کە بەناوی خێڵ و شەرەف و بنەماڵەو خێزانەوە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، کەسانێکی بیرتەسکی گۆشکراوی پەروەردەیەکی ناتەندروستن و پێویستە بەئاشکرا دادگایی و ریسوا بکرێن. چونکە هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی ژن بکوژرێت، یان بیکەیت بەکۆیلەو ئازادی لێ زەوت بکەیت، ئەو پاساوانەی کە ژنانی پێ ئەشکەنجە دەدرێت هیچیان بنەمایان نییە، بەڵکو پەیوەندی بەنەخۆشی عەقڵییەتی پیاوسالارییەوە هەیە. پەیوەندی بەو کەلتوور و دابوونەریتەوە هەیە کە بەدرێژایی مێژوو بۆمان ماوەتەوە. جگە لەزیان هیچ قازانجێکی بۆ خودی ئەو کەسانەش نەبووە کە توندوتیژییەکە ئەنجام دەدەن. بەڕای من، هەر کاتێک تاکی کورد بەتایبەتی پیاوان ئەوەندە هۆشیاری و مەعریفەی مرۆڤدۆستییان لای خۆیان گلدایەوە کە بزانن مرۆڤ چ بەهاو نرخێکی هەیەو ئامانج و ئاواتەکانی چین، ئیتر جێگە بۆ هیچ هێزێک نابێتەوە لەهیچ کون و کەلەبەرێکەوە دەستی توندوتیژی و چەپۆک بۆ ژنان درێژ بکات.

وارڤین: هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی یەکێک بوو لەهەنگاوەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ دەستبەرکردنی مافی ژنان، هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە یاسای فرەژنی سنووردار کرا، بەڵام هەر ماوەتەوە. بەڕای ئێوە چی بکرێت بۆ ئەوەی رێژەی ئەو دەنگانە زیادبکرێت کە ئەمڕۆ لەپەرلەمان بەرگری لەمافی ژنان دەکەن؟

مەلا بەختیار: لەدوای ئەوەی یاسای باری کەسێتی خرایە بەردەم پەرلەمان پێویستە ئەنجامەکانی پرسی ژنان ببێتە هاندەرێکی گەورە بۆ بزووتنەوەی ژنان رابچڵەکێن بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی فراوانی دیموکراسی و فیمینیزم لەم وڵاتەدا بەرپابکەن، هەروەها هەموو رێگەیەکی شەرعی و یاسایی و دیموکراسی بگرنەبەر بۆ ئەوەی ساڵ بەساڵ فشاری زیاتر بخەنە سەر پەرلەمان و دەسەڵات بۆ ئەوەی باری کۆمەڵایەتییان چاکتربکەن. ئەگەر ژنان و نووسەرە پێشکەوتنخوازەکان لەئاستی ئەوەدان بەرگری لەماف و داخوازییەکانی ژنان و دۆزە رەواکەیان بکەن، ئەوا باشترین هەل هاتووەتە پێشەوە بۆئەوەی کە ئەو نیوەیەی کۆمەڵ کە نیوەیەکی ئێجگار گرنگن مافی خۆیان لەوکەسانە وەربگرنەوە کەمافی ژیانیان لەژنان زەوتکردووە. کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان ئەرکی دووهێزی جیاوازی کۆمەڵگان. واتە هێزێکی لەئایین بوو و هێزێکی دیکەش کە بەرکەوتنی هەستیاری لەگەڵ ئاییندا هەیە. توندوتیژی گرفتێکە پێویستە هەردوو هێزەکە پێکەوە وێستگەی چارەسەری بۆ دیاری بکەن.



هاوکار محەمەد



www.nefewe.com

## چەمکی توندوتیژی لەروانگەی سۆسیۆلۆژیاوە

# ئایا کۆمەڵگای کوردی بەرهەمهێنەری توندوتیژییە؟

**حەمەی ئەحمەد رەسوڵ**

پێبەپێی ئێنسکلۆپیدیای جیهانی، چەمکی توندوتیژی، بریتییە لەهەر کردار یان ئازارێکی جەستەیی (فیزیکی)و دەروونــی یان هەڕەشەو جنێوو قسەی ناشیرینێک کە دەکرێتە سەر کەسی بەرامبەر لەهەر شوێنکاتێکدا بێت، چ لە خێزاندا بێت یان لەکۆمەڵگادا بێت. توندوتیژی رووبەڕووی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێتەوە بەبێ ئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوان کەسەکاندا، هەروەها رەگەزو ئایینو ئەتنیکو کەلتوور ناکرێن بەپێوەر.

سامان، تەمەن، هێز و دەسەڵاتیش نابنە ئاستەنگ بۆ راگرتن و نەهێشتنی کــرداری توندوتیژی. توندوتیژی لەچەندین هۆکار و سەرچاوەی دیار و نادیارەوە دروست دەبێ، بەڵام بەنیسبەت کۆمەڵگای کوردستانەوە، بەدرێژایی مێژوو کەشووهەوایەکی لەشێوەی ژیانی نێو دارستانو بێشەڵانێکانی بۆ فەراهەمکراوە، بۆیە تاکی کورد ناچار بووە ژیانێکی زۆرەملێو دڕنــدانــە بــژی، بۆیەشە تایبەمەندی بەرامبەرە نەیارەکەی خۆی هەڵگرتووە. بێگومان ئەو توندوتیژییەی کە هەنووکە لەکۆمەڵگاکەماندا هەستی پێدەکەینو لەگەڵیدا دەژین، مەرج نییە سەرتاپای میراتی مێژووی ژێردەستی بێت یان بەرهەمی سەردەستەیی کەلتووری نەتەوەی زاڵ بێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین کۆمەڵگاکەمان خۆی بەرهەمهێنەری توندوتیژییە!

دەمــارەکــانــی تــونــدوتــیــژی لەنێو کــەلــتــووری کۆمەڵگاکەمان و منداڵەکانیدا چــەقــیــووە، کەلتووری خێڵەکی و هۆزگەرایی کە دابوونەریت و بەهاو نۆرمە کۆمەڵایەتی و سوننەتییان پیرۆز راگــرتــووەو دەیپارێزن، لەنێو گووتاری ئایینی پەڕگیردا کە ئامادەیە ناڕاستەوخۆ خۆی دەخزێنیە نێو خێزانەکانمانەوە لە دووتوێی پــەروەردەی کۆمەڵایەتیدا. هۆشیاری کۆمەڵایەتییەک بەتاکی کورد دەبەخشرێت کە لەناواخندا هەڵگری بۆچوون و ئایدیاو رەفتاری توندو ڕەقن کە دواجار خوڵقێنەری توندوتیژی و کەلتوورێکی سیخناخ لە زەبروزەنگە. کۆمەڵگاکەمان خــاوەنــی مــێــژوویــەکــی درێــژە لەپیادەکردنی توندوتیژیدا بەهەموو جۆرەکانییەوە، توندوتیژی سیاسی، کــۆمــەڵایــەتــی، ئایینی، خێزانی، ئابووری کە مەخابن زۆرترینی قورسایی ئەو توندوتیژییانە بەگشتی دەکەوێتە سەر ژن و منداڵ، گەنج و پیریش بەشێوەیەکی کەمتر. ئیدی ئاراستەکانی توندوتیژی ئەو توێژانە پەیتاپەیتا دەکات بەتوێژێکی لاواز، بێهێز، بێئیرادەو دواجاریش فڕێیاندەداتە پەراوێزی کۆمەڵگاوە. تاکەکانی کۆمەڵگای کــوردی توانایەکی لــەڕادەبــەدەریــان هەیە بۆ وەرگــرتــن و قبوڵکردنی توندوتیژی، چونکە دەستەوەستان و بێباکن لەم بوارەوە، لەم ئاراستەیەشدا بونیادو ستراکتۆری ناوەوەی کۆمەڵگا وەکو فابریکەو کارگەیەک دەڕەخسێ و توندوتیژی بەرهەم دێنێ. کەلتووری عەشیرەتیوخێڵەکی ئێمە سینحناخە لەبڕوابوون بەتوندوتیژی، حیزبەکانمان چــەنــدیــن ســاڵــە کــاریــان لــەســەر توندوتیژیی کــردووە، وەکو مەسەلەیەکی پیرۆز و موقەدەس تەماشای دەکەنو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان لێوانلێون لەتوندوتیژیو بەردەوامیش رۆژانە کایەی کۆمەڵایەتی تاکەکان بەرهەمی دەهێننەوە. تەنانەت گەیشتۆتە ئەو رادەیەی توندوتیژی بووەتە بەشێک لە کەلتوور، رۆشنبیری و رەفتاری هەموومان. چونکە کەلتوورەکەمان خۆی چووەتە قۆناغێکی خراپو پڕمەترسیداری خۆیەوە، بەو واتایەی کە ئێمەی کورد بەهاکانی توندوتیژی و لێبووردەییمان لەبیرکردوون، کە ئەمەش لەخۆیدا مەترسییەکی گەورەی لەسەر بوون و ژینی ئێستاو داهاتوومان هەیە. چونکە منداڵ یەکەمین بونەوەرە لەداهاتوودا ئەم کەلتوورە جێبەجێ دەکاتەوە.

ئەگەر بەچاوی سەرنجەوە لەرەهەندو ئاڕاستەکانی توندوتیژی نێو کۆمەڵگاکەمان بڕوانین، دەبینین کە توندوتیژی بۆتە شتێکی بــاو، زۆر پەرشو بــڵاوبــۆتــەوە کە ئیدی پێویستی بەهەڵوەستە لــەســەرکــردنــەو دەبــێــت لەئاستی تاکەکەس و گروپەکاندا نیشانەی پرسیارێکی گەورەی بخرێتە سەر. توندوتیژی لەژیان و گوزەرانی رۆژانەماندا ئەوەندە ئاسایی بووەتەوە لای خەڵکی ئیتر مرۆڤ بەتوندوتیژی نەبێت ناتوانێ گوزارشت لەخودی خۆی، بوون، هەڵوێست، رەوشتی خۆی و خێزانی بکات. دەتوانین بڵێین کە توندوتیژی وایکردووە خەڵک بۆ بەدەستهێنانی کەمترین ئاستی ژیان و پــاروەوە نانەکەی خۆی رێگایەک لەرێگاکانی توندوتیژی هەڵبژێرێ. شێوازەکانی توندوتیژی زۆرن و گرنگترینیان کوشتن، رفاندن، دەستدرێژی سێکسیو لاقەکردنی ئافرەت، لەشفرۆشی ژنان، تەنانەت ناچارکردنی ژن بۆ پرۆسەی سێکسی و هاوخەویکردن، لێدان، هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە لەمنداڵ و گەنج و ژن و پیر لەخۆدەگرێت. رەنگە کــرداری توندوتیژی دەرهــەق بەجەستە ئەنجامبدرێت یان لەهەمبەر هەستو سۆزدا پیادە بکرێت یان لەوانەیە رۆحی بێت. توندوتیژی دژ بەژنان بەهەرجۆرێک، بەهەر شێوازێک، لەهەر شوێن و کاتێکدا بێت، ئەوا بەتاوان دەژمێردرێت. توندوتیژی مێرد، برا، باوک، مام، ئامۆزا، لەدژی ژن بەتوندوتیژیی خێزانی ناودێر دەکرێت. پەروەردەی خێزانی کوردیش نەریتیو تەقلیدییە، سەر بەهیچ میتۆدێکی زانستی جیهانی نییە، بەداخەوە خێزان، کانگای جیاوازی و نادادپەروەرییە، جیاوازی جێندەری لەنێوان رەگــەزی نێرومێدا دەستەبەر دەکــات. خێزانی کــوردی زەمینە خۆشدەکات بۆ نایەکسانی، جیاوازیو ناعەدالەتی کە ئەم هۆکارانەش فاکتەری سەرەکین بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی و بەکارهێنانی شێوازەکانی زەبروزەنگ. کەم نین ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان بەلێدانو ئازاردانی جەستەیی گۆش دەکەن، هەڕەشەو جنێو پێدانو سووکایەتی پێکردنیان دەکات بەپیشەی رۆژانە، کە رۆح و دەروونیان دەشێوێنێ، شێوازی زیندانکردن، کۆنترۆڵکردنی پارە، کات، خواردن و خواردنەوەی منداڵانیش بەکاردێنن.

لەنێو خێزانی کــورددا، توندوتیژی شەرعی و ئاسایی کراوە. گوتاری ئایینی و کەلتووری باوی کۆمەڵگاکەمان توندوتیژی دژ بەمنداڵانی کردووە بەکارێکی رەواو ئەرکێکی سەرشانی بــاوان، وانەکانی پــەروەردەی کۆمەڵایەتیان بارگاوی

www.netewe.com

کردووە بەشەقو زللەو تێهەڵدان. لەپاڵ ئازاری جەستەییدا، ئازاردانی دەروونیو رۆحی ژن و منداڵیش بەشەرعی کراوە. لەرێژەیەکی زۆری خێزانەکاندا زۆر ئاساییە رۆژانە وشەی بریندارکەرو قسەی ناشیرینو جنێو پێدان بەکار دێت. بەسووکی تەماشایان دەکەنو فەرمانیان بەسەردا دەدەن، هەڕەشەیان لێدەکەن کە ئازاری جەستەییان بدەن. بەبەردەوامی رەخنەیان لێدەگرن کە گوایە تەمبەڵ، ناشیرین، زیادەو بێسوودن. دەنگی زلیان بەسەردا بەرزدەکەنەوە. دواجار لێیاندەدەن، دەستو قاچیان دەشکێنن، پارەو خەرجییان لێدەگرنەوە. لێدانی جەستەییو ئازاردانی دەروونی و رۆحی لەخێزانەکانی ئێمەوە بەرێژەیەکی ئێجگار بەرز ئاراستەی کچان و رەگەزی مێ دەکرێن. حسێبی نیوەمرۆڤ و کەمتریشیان بۆ دەکرێت، بەبیانووی شەرەفەوە ژیانیان لێدەکرێت بەدۆزەخ و تەمەنیان پڕ دەکرێ لەترس دڵەڕاوکێ و نائاسوودەیی. بۆیە تاکی کورد بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی تاکێکی ترسنۆک و بێ ئیرادەو بێمتمانەو بێ باوەڕ بەخودو کۆمەڵگاو بێ ناوەڕۆک، بێئامانج و توراو لە ژیان. تاکێکە لاواز و بێتوانا بەرامبەر بەئەمرۆ و ئەرک و مافەکانی خودی خۆشی. تاکێکە لەنێو دەروون و هزریدا زەمینە خۆشە بۆئەوەی کە لادەرو لارێ بێت و ئامادەگی تێدایە توندوتیژی بەرهەمبهێنێتەوەو گەندەڵی بەهەموو دنیادا بڵاو بکاتەوە تادەگاتە ئەوپەڕی قیامەت و مەحشەر.

## توندوتیژی و بەرپرسیارێتی

زۆرن ئەو گوتارانەی کە باس لەبەرپرسیارێتی کۆمەڵگا دەکەن وەک بەرهەمهێنەری توندوتیژی، بەڵام زۆر بەکەمی باس لەوە کراوە کە بەرپرسیارێتی گەورەش لەئەستۆی دەسەڵاتی کوردیدایە کە نەیتوانیوە لەو ساڵە زۆرانەدا کۆمەڵگا بەرەو بەمەدەنیکردن بەرێت. نەیتوانی لەکۆمەڵگاو خێزاندا پەروەردەکردنێکی مەدەنی بەسیستماتیزە بکات. نەیتوانی خێزانی کوردی بەدیموکراسی بکات، نەیتوانی جیاوازی جێندەری – رەگەزی نێوان نێرومێ (لەئەرزی واقیعدا)کەمتر بکاتەوە. نەیتوانی دادوەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی و تەبایی لەنێوان هاووڵاتی ئاسایی و بەرپرسێکدا بکات بەیاسا و رێسا. نەیتوانی ٪١٠٠هەژاری و نەخوێندەواری کەمتربکاتەوە، نەیتوانی گوندەکان ئاوەدان بکاتەوەو شارەکان لەقەرەباڵغی رزگاربکات و گوندییەکان کشتوکاڵ پەرەپێبدەن و بێکاری کەمتر بکاتەوە. پرۆسەی خوێندنی تێکەڵاو جێبەجێ بکات، بەڵام ئەوەی رووی‌داو فەراهەم بوو، پێچەوانەی هەموو ئەوانە بوو کە باسمان لێوە کرد.

لە راستیدا دەسەڵاتی کوردی کە بریتیە لەو دوو حیزبە باڵادەستە، ساڵانێکی زۆر لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی و تۆخکردنەوەی رەهەندەکانی کاریانکرد، توندوتیژی وەکو بابەت و دۆزێکی پیرۆز تەماشای کراوە، تۆڵەسەندنەوە لەیەکتری لەدروشمە ناشیرینەکانی بزووتنەوەی چەکداری کوردستان بووە.

گومانی تێدا نییە کەلتووری باوی کۆمەڵگاکەمان، کەلتوورێکی عەشیرەتگەرایی و خێڵەکییانەیە کە سیخناخە لەبڕوابوون بەشەڕ، توندوتیژی کە هەمیشە دەسەڵاتی کوردی لەشاخ و لەشار وەک مەرجەعێکی گرنگ پشتی پێبەستوون و پلەو پایەی بەرزتر کردونەتەوە، بۆیە ئائەمرۆش مەدەنیەت لەپاشەکشێدا بووەو کۆمەڵگا بۆتە گۆڕەپانی پیادەکردنی توندوتیژیو پەلی بۆ گشت کایەکانی ژیانمان هاویشتووە. لەکردەوەو رەوشتماندا ئامادەیی بێوێنەی هەیە ئەمەش لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکاندا بەدیاردەکەوێت. بۆ نموونە، پەیوەندی نێوان کریار و فرۆشیارێکی سەرجادەکان لەئاستێکی زۆر ئاڵۆزدایە، لێوانلێوە لەدرۆ، بێمتمانەیی، قۆڵبڕین، یەکتر لەخشتەبردن، تووڕەیی و ناچاریی. پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی تژییە لەتوندوتیژی و یەکتر قبووڵنەکردن و سرینەوەو نالێبوردەیی. پەیوەندی نێوان ژن و مێرد پەیوەندییەکە تا پانتایی نێوچەوان سیخناخە لەتوندوتیژی، هەڕەشە، لێدان، یەکتر سووککردن و نایەکسانی. دەسەڵاتی پیاوانە، خاڵییە لەئەڤین، خۆشەویستی، گفتوگۆی مەدەنیانەو دیالۆگی نێوان دوو مرۆڤی هاوتا، پەیوەندی نێوان براو خوشک، باوک و کچ، پرسگەی دایرەو هاووڵاتی، بەرێوەبەرێکی حیزبیو کارمەندێکی ئاسایی، شۆفێری تەکسی و نەفەرێکی رێبوار، نموونەی شێوازێکن لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی توندووتیژ.

تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەڵگری سایکۆلۆژییەتێکی ئاڵۆزن، پڕە لەتووڕەیی، بێزاری، گرژی، نائومێدی، کەبتو چەپاندن، ترس و دڵەڕاوکێ، غوبن و چەوساندنەوە. بۆیە جێگیربوونی کەلتووری لێبوردەیی، ئاشتی، یەکتر قبووڵکردن، دیالۆگ، رێزوخۆشەویستی لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەستەم دەبێت. دەسەڵات و دابوونەرتی کۆمەڵایەتی وەک یەک، زەمینەیان بۆ هۆکارەکانی توندوتیژی خۆش کردووە. بیرمان نەچێت زۆرێک لەحاڵەتەکانی توندوتیژی و کوشتنی ژن لەبەر هۆکاری خیانەتی هاوسەری و لەشفرۆشی ئەنجامدراون کە هۆی سەرەکی هەژاری بووە. هۆی لاوەکیش نەبوونی سزای توندە دەرهەق بەژنکوژ. لەگەڵ ئەوانەشدا ئایدیۆلۆژیای حزبی بۆ سەرخستنی هەموو

تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەڵگری سا یکۆ لۆ ژ ییە تێکی ئاڵۆزن، پڕە لەتووڕەیی، بێزاری، گرژی، نائومێدی، کەبت و چەپاندن، ترس و دڵەڕاوکێ، غوبن و چەوساندنەوە. بۆیە جێگیربوونی کەلتووری لێبوردەیی، ئاشتی، یەکتر قبووڵکردن، دیالۆگ، رێزوخۆشەویستی لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەستەم دەبێت. دەسەڵات ودابوونەرتی کۆمەڵایەتی وەک یەک، زەمینەیان بۆ هۆکارەکانی توندوتیژی خۆش کردووە. بیرمان نەچێت زۆرێک لەحاڵەتەکانی توندوتیژی و کوشتنی ژن لەبەر هۆکاری خیانەتی هاوسەری و لەشفرۆشی ئەنجامدراون کە هۆی سەرەکی هەژاری بووە. هۆی لاوەکیش نەبوونی سزای توندە دەرهەق بەژنکوژ.

www.netewe.com

ئامرازەکانی پتەوکردنی بڕوابوونی بەتوندوتیژی بەهەر پاساوێک بووە بەرپاکردووە. بەدەزگاییکردنی توندوتیژی و کەمتەرخەمی لەئاست قوربانییەکاندا کە زۆرینەیان (منداڵ و ژن و گەنج) بوون لەوپەڕیدابووە. زۆرێک لەبڕیارەکانی وەزارەت و حکوومەت بوونەتە هۆی تووڕەیی و توندوتیژی لەئاستی خەڵکدا، بۆیە بەلێشاو مرۆڤی تۆراو بەرهەمهاتووە کە هێندەیان نەماوە ببنە توندڕەو هەوادارانی توندوتیژی (بەتایبەت لەپارێزگای سلێمانی). حکوومەت کاری جیدی بۆ کەمکردنەوەی پرسی کوشتنی ژن نەکردووەو نەماندیووە ژنکوژێک لە گۆڕەپانێکدا لەسێدارەبدرێت، منداڵکوژێک لە گۆڕەپانی شارێکدا نەفرەت بکرێت.

حکوومەت و پیاوانی ئایینی لە بەمەدەنیکردنی تاک و کۆمەڵگادا کەمتەرخەم بوون. ئەو هەوڵە شەرمنەی هەیە سەبارەت بەرێکخراوی ئەهلیو مەدەنی نەیتوانیووە گۆڕانی جەوهەری لەسیستمی پەروەردەو فێرکردن، لەپەروەردەی کۆمەڵایەتیو مەدەنی، لەبەدیموکراسیکردنی خێزانی کوردا مەیسەر بکات. ڕاگەیاندنەکان نەیانتوانیووە یەکسانی جێندەری و بەمرۆڤبوونو بەهاووڵاتی بوونی ژنی کورد بچەسپێنن، تاکێکی هۆشیار و مرۆڤدۆست و پڕ لەمەعریفەو پێشکەوتووخواز بخەملێنن.

## ئەرکەکانی حکوومەت بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی

ئەرکی حکوومەت سەبارەت بەکەمکردنەوەی توندوتیژی ئەمانەن:

ئاکتیڤ کردنەوەی ڕۆڵی یاسا، بەو واتایەی کە یاسا حوکم بکات و سەروەرتر بێت لەحوکمی گوتاری ئایینیو فەرمایشتی سەرۆکهۆزێک، پێبەپێی یاسا، گەندەڵ و بکوژ سزابدرێن، پیاوی کورد ڕێز لەیاساو دادگا بگرێت، کرداری تۆڵەسەندنەوە سزا بدرێت.

پێویستە حکوومەت سوود لەئەزموونی نێگەتیڤی شەڕی براکوژی وەربگرێت و گوتەکەی کۆمەڵناس (تۆماس هۆبز) نەیەنێتە دی کە دەڵێ "دەسەڵات خۆی توندوتیژییەو دژ بەحاڵەتی سروشتیە، بەسەروەرکردنی یاسا، کۆمەڵگا لەئاژاوەو پشێوی کۆمەڵایەتی ڕزگار دەکات."

بەحوکمی یاسا، ڕۆڵی سەرەکی پیاوانی ئایینیو سەرۆکهۆز سنووردار بکرێ، بەیاسا یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی بچەسپێ، ڕەفتاری توندووتیژانەو تاوانکاری دژ بەژن و منداڵ زۆر بەتوندی مەحکووم بکرێن. بەپێی دەستوور ڕێز لەجیاوازی ڕەگەزی و ئایینی تاکی کورد بگیرێت. کەلتووری یەکترسڕینەوەو کوشتنی جیاوازییەکان و تۆڵەسەندنەوە بەفەرمی مەحکووم بکرێت (لەشوێنیدا کەلتووری لێبوردەیی، ئاشتی، پێکەوەژیان و برایەتی پەرەی پێبدرێت. بەهای مرۆڤ و ئازادییەکەی زۆر بەرز ڕاگیرێت، چەمکی خۆشەویستی بکرێت بەسەنتەری ژیان و گوزەرانی مرۆڤ لەم کۆمەڵگایەداو میدیاکان لەجیاتی کلیپ و گۆرانی و سەمای بۆش و خاڵی لەهەستی مرۆڤایەتی، ئەرکی گرنگی سەرشانیان مرۆڤ و خەون و ژیانی هایلایڤی کوردبێت). پێویستە حکوومەت بەجیدی پلانی هەبێت کە هەژاری بنبڕ بکات کە سەرچاوەی نەخوێندەواری، تاریکی و تاوانکارییە (کێشەی نیشتەجێبوون، کرێچێتی و بێکاری کە نزیکەی ملیۆنێک ئینسان لەم کوردستانەدا پێوەی دەناڵێنن گەورەترین کێشەیە لەم ڕۆژگارەداو کاردانەوەی ئەم ئاریشەیە گرفتی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ڕۆشنبیری و یاسایی دروستکردووەو بوونەتە فاکتەری سەرەکی توندوتیژی).



## کچی کورد و قەدەری ڕەش!

# ئەو کچەی بەر لەسێدارەدان دادوەرانی گریاند



سوهەیلا قەدیری

**کاکشار ئورەمەر:**

ڕۆژی چوارشەممە (٢٠٠٩/١٠/٢١) بەر لەکاتژمێرە٥ـی سپێدە لەخەو هەڵیانستاند، تا بەرەو پیری پەتی سێدارە بڕوات. بەترسێکی گەورە، وەک شێتان لەخەو هەستایە سەرپێی و بە قیژەو هاوارێکی دڵسووتاو لەدەستەخوشکەکانی زیندانی،ماڵئاوایی کرد. هەموو ئەندامەکانی جەستەی دەلەرزین. پاش چەند کاتژمێرێکی دی، دۆسیەی ژیانی کۆتایی دەهات. ئەسرینی چاوەکانی وەک بارانی بەهار، بەسەر روخساریدا دادەبارین. هەموو کەس بۆی دەگریا. هەتا ئەو گاردو پاسەوانانەی کە هاتبوونە دوای تا پەتی لەسێدارەدان بخەنە ملی، ئەوانیش دەگریان، چونکە هەرکەسێک دەیزانی کە ئەو بێتاوانەو بووەتە قوربانی"کۆمەڵگایەکی پاشکەوتوو، یاسا وشکەکانی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی توندڕەوی سەدساڵەی ئێران".

گەنج و قسەخۆش بوو. لە ٣٠ هەمین بەهاری تەمەنیدا بوو، بەڵام روخسارە شکاوەکەی وەک ژنێکی ٦٠ ساڵان دەریدەخست. بێهیوا، دڵشکاو، بێدەنگ. لەروانینەکانی چاویدا سەد خۆزگەی لەئێمەی مرۆڤی ئازاد دەخواست، بەڵام کەس وەڵامی هاوارە لەگەروو خنکاوەکانی ئەوی نەدەدایەوە. هەزاران ئازار و خەمی ئەم دونیایە لەرەنگ و روخساریدا کۆببوونەوە. بەڵێ، باسی سوهەیلا قەدیری، دەکەم. ئەو کچە ڕەشبەختەی کە لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا بۆ ڕزگاربوون لەدەستی باوک و خاڵۆکانی لەگەڵ کوڕێکدا ڕەدووکەوت، خۆی گەیاندە تاران، بەڵام کوڕەکە وازی لێ هێناو سوهەیلاش هەڵخەڵەتێنرا. لەترسی کوژران نەیدەتوانی بگەڕێتەوە ماڵی باوکی. بۆیە کەوتە ناو شەقام و کۆڵانەکانی تاران و بەبێ ئیرادەو ئارەزوو بۆ تێرکردنی سکی خۆی هەر ڕۆژێک کەوتە ناو لێفی پیاوێکەوە! لەیەکێک لەو پیاوانە کوڕێکی بوو، بەڵام نەیویست کە کوڕەکەی وەک خۆی بێخاوەن و ڕەشبەخت بێت، بۆیە پاش ٥ ڕۆژ بەچەقۆ سەری منداڵەکەی لێ کردەوەو پارچە پارچەی کرد. دواتر گرتیان و سزا درا. بۆ سوهەیلا، ژیان، ئەڤین، دایک، باوک، ماڵ، منداڵ و هەتا هەناسەهەڵمژینیش ڕەشن، هەموو شتێک لەپێش چاوەکانی ڕەشبوونە. وەک چارەنووسە ڕەشەکەی کە بەشێوەیەکی تراژدیک کۆتایی بەژیانی هێنا. ئەو لەدادگادا وەها قسەی کرد:"من بوومە قوربانی زوڵم و توندوتیژی، هەزار هۆکار هەبوون کە وایانلێکردم کوڕەکەم بکوژم. ئەو کۆمەڵگایە منی کردە دز، حیز، روسپی و ئامێرێکی ڕابواردنی شەوانەی پیاوانی حەشیشەکێش و دەرمانخۆر. تەنیا یەکێک لەو هۆکارانە بەس بۆ ئەوەی کوڕەکەم بکوژم…".

سوهەیلا، ئیدی وەک کەسێکی ڕاپەڕیو لەدژی ئەو کەسانە قسە دەکات کە ڕێگەیەکی وەهای لەپێش کراوەتەوە:"پیاوانی گەنج بەبێڕەحمی و توندووتیژ لەدژی من دەجووڵێنەوە. کەسانێک کە بەهەموو واتایەک بەرەڵڵانە. کوێی ئەو ژیانە ڕەشەتان بۆ باس بکەم؟ کام بەشی ١٢ ساڵ ڕەشبەختی و ڕۆژەڕەشی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە؟ من لەپێناو ئارامی و ڕزگاربوونی منداڵەکەمدا کارێکی وەهام کرد. من نەمویست ئەو قوڕبەسەری و ڕەشبەختییەی کە منی تێدایە بێتەوە ڕێی کوڕەکەم. ئەو ڕەوشە هیچ هەستێکی لەدڵی مندا نەهێشتووەتەوە. ١٥ ساڵان بووم کە لەماڵ دەرکەوتم، ڕۆژانە پیاوان، بەشێوەیەکی پڕ لەتوندوتیژی و وەحشیانە منیان بەکار دەهێناو دواتر وەک دەسماڵێکی پیس و بێ خێر فڕێیاندەدامە دەرەوە. هەرجارەو هەزار جار لەپێشتر بێ ماڵ و بەخترەشتر دەبووم. من چۆن دەمتوانی ئەو کینە کۆبووە لەدڵمدا بەتاڵ بکەم؟ مەگەر من دەمتوانی هەموو ئەو پیاوانە بکوژم کە چەندیان پێکەوە وەک حەیوان هێرشیان بۆ دەهێنام؟ چەندە توانام هەبوو؟ تا کەی و چەندە لەژێر سێبەری زوڵم وپێی ئەو پیاوانەدا پێشێل کرابام؟ بۆچی ئەوکات کەسێک نەبوو بمپارێزێت؟ من بیرم لەوە دەکردەوە کە بەهۆی ئەو پەیوەندییە سێکسییانەوە کە لەگەڵ زۆرێک لەپیاواندا هەمبووە تووشی نەخۆشیگەلی (ئایدز و هیپاتیت) بوومەو ئەوەش زۆر ئازاری دەدام. باوکم باران و دایکیشم بەردە، کەسم لەم دونیایەدا نییە…".

ئەو قسانەی سوهەیلا قەدیری، هەموو کەسانی ئامادەبووی لەدادگادا هەژاند و ناچاریکردن کە بگرین. هەموو کەسێک دڵی بۆ چارەنووسی ڕەشی سووتا. بەهاوار و دادێکی پڕ لەسووتانەوە ڕووی لەدادوەر کردوو و گوتی:"من ئیتر قەت ناڕەحەت نیم، چونکە خەونی ئەو وەحشییەت، کوشتنی کوڕەکەم و ئەو دیمەنانەی کە باوکم بۆ منی دەخولقاند، نابینم. من تا کەی بێدەنگ ببوومایە؟ من ئەو بێدەنگییەم شکاند تا هەمووان بزانن کەچی بەسەر من و کەسانی وەک دێت و بۆچی لێوەکانمان دووراوەتەوە؟ من هەرگیز نەمتوانی لەبەرامبەر ئەو توندوتیژی و وەحشییەتانەدا خۆم بپارێزم…".



www.metewe.com

## ژن خۆی دەسووتێنێت یان دەسووتێندرێت؟

# لەماوەی چوارمانگدا ١٧٢ ئافرەت سووتاون

هەولێر

ڕێژەی سووتانی ژنان لەهەرێمی کوردستان، تادێت ڕوو لەزیادبوون دەکات و ژنە پارێزەرێکیش دەڵێت، زۆرێک لەو ژنانەی سووتاون، دان بەهۆکاری خۆسووتاندنەکەیاندا نانێن و ناوێرن ڕاستییەکان ئاشکرا بکەن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لەچوار مانگی یەکەمی ساڵی٢٠٠٩، لەهەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک، بەدەڤەری گەرمیانیشەوە، ١٧٢ ئافرەت سووتاون. لەپارێزگای هەولێرش ٥٥ ئافرەت بەهۆی سووتانەوە مردوون. بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لەهەولێر، ڕاپۆرتێکی شیکارییان لەسەر ئەو٥٥ حاڵەتەی هەولێر، ئامادەکردووە کە تێیدا هاتووە کە ٤٢٪ ی ئەو سووتاوانە دانیان بەوەداناوە کە خۆیان سووتاندووە. هاوکات ٥٣٪ بەقەزاو قەدەر سووتاون و ٥٪ی هۆکاری سووتانیان نەزانراوە. بەپێی ئاماری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەردەکەوێ کە ٦٩٪ی ئەو ئافرەتانەی خۆیان سووتاندووە لەئەنجامی بەرزی ڕێژەی خۆسووتاندنەکەدا گیانیان سپاردووە. هەروەها ٣١٪ی سووتاوەکان ڕێژەی سووتانەکەیان نزمەو لەژیاندا ماون.

### "چۆن وێرای خۆی بە بەنزین بسووتێنێت"

ئافرەتێکی بێدەنگ و لەسەرخۆیە. پارساڵ خوشکە بچووکەکەی، خۆی سووتاندوە. دوای چوار ڕۆژ لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە و بەدەم گریانەوە گوتی: "خوشکەکەم زۆر بێگوناه بوو، هەرگیز بیرم نەدەکردەوە کە بەمشێوەیە کۆتایی بەژیانی بێت". ئەوە بەسەرهاتی ژنێکی سووتاوە لەسەر زاری خوشکەکەی بەناوی (ن.ع) کە دانیشتووی گەڕەکی بەختیاری شاری هەولێرە. (ن.ع) باس لەبەسەرهاتی خوشکەکەی بەناوی (ش.ر) دەکات، کە ماوەی نۆساڵ بووە شوویکردووە، بەڵام منداڵی نەبووە، بۆیە بەردەوام سەرکۆنە کراوە، تارۆژێک دوای ئەوەی هۆکاری منداڵنەبوونەکەی ئاشکرا دەکات و دەسووتێت. (ن.ع) دەڵێت: "خوشکەکەم بەردەوام سووکایەتی پێدەکرا لەبەرئەوەی کە منداڵی نابێت. بەڵام لەپشکنین دەرچوو کە دوای ٩ ساڵ لەشووکردن هەر کچ بووە. ژنانی ئێمە بەردەوام دەسووتێندرێن و کەسیش نازانێت کە چۆن سووتێنراون". ئەو گوتی: خوشکەکەم لەدەنکە شقارتەیەک دەترسا، نازانم چۆن وێرای بەنزین بەخۆیدا بڕێژێت و ئاگربەرداتە خۆی".

(س.ر) ژنێکی دانیشتووی هەولێرە. باس لەوە دەکات ٥ ساڵ لەمەوپێش، هەوڵی خۆسووتاندنی داوە، بەڵام ڕێژەی سووتانەکەی کەمبووەوەو نەمردووە. لەگەڵ ئەوەی پەشیمانە لەوکارەی کردوویەتی، هۆکاری خۆسووتانەکەی بۆ خراپی باری دەروونی و گوشارە کۆمەڵایەتییەکان گەڕاندەوە. (س.ر) گوتی، هۆکاری خۆسووتاندنەکەی ئەو قسانەبووە کە خەسووەکەی پێیگوتووەو ڕۆژانە لەسەر کاری ناوماڵ بووەتە کێشەیان و بەوهۆیەوە لەلایەن خەسووەکەیەوە سەرکۆنەکراوە. ئەو بە قورگێکی پڕ گریانەوە دەڵێت: "پەشیمانم لەوەی کردم، بەڵام ناچار بووم".

کچێکیتر بەناوی (ش. م) کە قوتابی یەکێک لەکۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدینە، دوو ساڵ بەر لەئێستا بەهۆی ئاشکرابوونی مۆبایلەکەی لەماڵدا کە لەلایەن خۆشەویستەکەی پێشکەشی کرابوو، دەکەوێتە ژێر گوشاری ماڵەوە، بۆیە پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات، بەڵام ماڵەوەیان زوو فریای کەوتوون و بەوهۆیەوە ڕێژەی سووتانەکەی



www.netewe.com

کەمبووە. ئەو دەڵێ:"ئەوکارەم زۆر هەڵە بوو، بەڵام ناچار بووم". باس لەوەش دەکات کە ئێستا زۆر بەختەوەرە کە لەو حاڵەتە رزگاری بووە."هەرگیز جارێکتر پەنا بۆ شتی وا نابەم".

## "ژنان دەسووتێندرێن"

چالاکوانان و داکۆکیکارانی بواری ژنان، بەگومانەوە لەزۆری ڕێژەی سووتان دەڕوانن و بۆچوونیان وایە کە شتێکی شاراوە لەهەڵکشانی ئەو ڕێژەیەدا هەیەو گومانی ئەوە دەکرێت، کە زۆر لەو ژنانەی بەسووتان دەمرن، خۆیان نەسووتاندبێت، بەڵکوسووتێندرابن. بەرپرسی سەنتەری نیرۆژ، کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەژنانە، چیمەن حەمە، زۆربوونی ڕێژەی سووتانی ژنان، بۆ کەمی ئاستی هۆشیاری و لاوازییان لەهەمبەر کێشەکاندا دەگەڕێنێتەوە. بەڕای چیمەن، پێویستە ژنان بەسەر کێشەکانیاندا زاڵ بن. بەرپرسی ڕێکخراوی نیرۆژ، پێیوایە:"لەوانەیە بەشێک لەو ئافرەتانەی بەسووتان دەمرن، لەلایەن پیاوانی بنەماڵەیانەوە سووتێندرابن".

لەلایەکی دیکەوە پارێزەر شنۆ حەمەد، دەڵێت کە بەشێک لەو ژنانەی خۆیان دەسووتێنن، هیچ شوێنێکیان نییە پەنای بۆ بەرن و باس لەخەم و کێشەکانیان بکەن، بۆیە ناچار دەبن خۆیان بسووتێنن. ئەو پارێزەرە پێیوایە، دەبێت ئافرەت لەوەگەورەتر بێت و چارەسەری لەخۆکوشتندا نەبینێت. شنۆ، ئاماژە بەزۆرێک لەو ئافرەتانە دەکات کە خۆیان دەسووتێنن."دان بەهۆکاری خۆسووتاندنەکەدا نانێن و ناوێرن ڕاستییەکان بدرکێنن. بۆیە دەڵێن، خۆم سووتاندووە. لەکاتێکدا ئەو ئافرەتە بەهەموو مانایەک سووتێندراوە، بەڵام ناتوانێ دەنگ هەڵبڕێ".

سەبارەت بەڕۆڵی یاسا لەڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکاندا، ئەو پارێزەرە، باس لەوە دەکات کە یاسا کار لەسەر تێکستی تۆمارکراو دەکات،"ژن سکاڵا لەدژی مێرد و باوک وبراکانیان بەرز ناکەنەوەو دەڵێت، خۆم سووتاندوە. ناڵێت باوک، یا مێردەکەم هۆکاری خۆسووتاندنەکەم بوون، بۆیە هەر ئافرەت تاوانبار دەکرێت بەوەی کە خۆی سووتاندوە".

## ڕێژەی سووتان بەرزە

لەوبارەیەوە راوێژکاری سەرۆکوەزیرانی پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی ٥) بۆ کاروباری ژنان، خاتوو ئەلیسۆن نیلسن، بە وارڤینی ڕاگەیاند کە تائێستا لەهەرێمی کوردستان ڕێژەی سووتان کەمنەبووەتەوە. لەبارەی گومانی چالاکوانانی بواری ژنان سەبارەت بەسووتاندنی ژنانەوە، ئەلیسۆن، باس لەوەدەکات کە گوێبیستی ئەو حاڵەتە بووەو پێیانراگەیاندووە کە ئەو حاڵەتە هەیە. لەبارەی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی حاڵەتی کەیسەکانی سووتان لەدادپزیشکی، ئەلیسۆن، دەڵێت لەرێگەی لێکۆڵینەوە لەکەسەکان دەزانرێت کە ئایا ژنەکە سووتاوە یان سوتێندراوە.

## خۆسووتاندن: لوتکەی بێهیوایی

پسپۆڕانی دەروونناسی، باس لەزیادبوونی گوشار لەسەر ئەو ئافرەتانە دەکەن کە پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن و دەڵێن ئەگەر مرۆڤێک نەگاتە لوتکەی بێهیوایی، خۆی ناکوژێت. پسپۆڕی دەروونناسی و مامۆستای زانکۆ، د. یوسف حەمە ساڵح، سەبارەت بەخۆسووتاندنی ژنان دەڵێت:"هەرکەسێک کە پەنا بۆ هەر جۆرە کردارێک ببات بۆ لەناوبردنی ژیانی، مانای وایە گەیشتووەتە لوتکەی بێئومێدی. بۆیە ئەو ئافرەتانە پێویستیان بەرێنمایی دەروونی هەیەو دەبێ هاوکارییان بکرێت".

د. یوسف، ئەوەش دەخاتەڕوو کە پەنابردن بۆ کۆتاییهێنان بەژیان لای ژن و پیاو هەیە،"ژنان، زیاتر بیر لەکۆتاییهێنان بەژیان دەکەنەوە، بەڵام پیاوان زیاتر لایەنی جێبەجێکارن، هەوڵەکانییان جێبەجێ دەکەن. تەنانەت هۆکارەکانیش جیاوازن".

ئەو پسپۆڕە، زۆری ڕێژەی خۆسووتاندن لەلایەن ژنانەوە، بۆ ئەو کەرەستانە دەگەڕێنێتەوە، کە لەهەموو ماڵێکدا هەن. ئەو دەڵێت:"بۆ نموونە، نەوت لەهەموو ماڵێک هەیەو ئاسان دەستدەکەوێت، لایەنی سۆزیش کاریگەری هەیە، پیاو زیاتر بۆ کۆتاییهێنان بەژیانی پەنا بۆ (خۆ هەڵواسین، کارەبا، ژەهرخواردن) دەبات".



**ئاڤان فارس جاف**



www.netewe.com




www.Al-Tebe.com

# ژنان تابلۆی ئازادی دروست دەکەن

بەهاوکاری ژووری بازرگانی و پیشەسازی ئامەد و پرۆژەیەکی یەکێتی ئەورووپا، بۆ ئەوەی ژنانی ئامەد، کاریان بۆ فەراهەم بکرێت. دوو خولی دروستکردنی تابلۆ لە پاشماوەکانی مەرمەڕ کرانەوە. لەو خولانەدا ٦٠ ژن بە تۆز و خۆڵ و پاشماوەی مەرمەڕ، وێنە دەکێشن. هەر تابلۆیەکی دەستکردی ئەو ژنانە بە ٢٠٠ تا ٢ هەزار و ٥٠٠ لیرە، دەفرۆشرێت.

ژووری بازرگانی و پیشەسازی ئامەد، بەهاوکاری پرۆژەی یەکێتی ئەورووپا، پرۆژەیەکیان بەناوی، تۆز و خۆڵ و دروستکردنی موزاییک لە پاشماوەی مەرمەڕ،کردووەتەوە. لەچوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدا کە ماوەی ساڵێکە بەردەوامە، ٦٠ ژنی ئامەد کار دەکەن. تەواوی ئەو ژنانەی کە هاتوونەتە ناو ئەو پرۆژەیەوە بریتین لە ژنانێکی هەژارو کەمدەرامەت.

کە بەهۆی خراپی بارودۆخی کۆمەڵایەتیان چەند ئەرکێکی سەختیان گرتۆتە ئەستۆ. هاوکات هەندێک لەو ژنانەش لەلایەن کەس و کاریانەوە رووبەرووی توندوتیژی بونەتەوە. پاش ئەوەی کە لەچوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا ٢ خولیان بۆ کراوەتەوەو لێرەدا دەستیان بەکار کردووە، گۆڕانکارییەکی گەورەو بەرچاو لەژیانی ئەو ژنانەدا دروست بووە.

یەکێک لەو ژنانەی کە لەچوارچێوەی ئەو خولانەدا کار دەکات، سدیقە کەلەکچیارە. سدیقە ماوەی ١١ ساڵ لە کارگەری رستن و چنیندا کاری کردووە. لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە هەمیشە مانگەکانی هاوین چووەتە شارەکانی چۆکوروڤا و زەریای رەش و لەبەرامبەر پارەیەکی کەمدا کاری بندق و هەویری کردووە، بەڵام ئەمساڵ لەبەر قەیرانی ئابووری دەستبەتاڵ ماوەتەوەو نەچووەتە ئەو شارانە. کەلەکچیار کە ٩ خوشک و برای هەیە، وەک خۆی گوتی کاتێک کە گوێی لە قسەوباسی پرۆژەی ژووری بازرگانی و پیشەسازی بووە، رووی لە پرۆژەکە کردووە.

سدیقە، بەمجۆرە باس لە ژیانی خۆی دەکات "من چەند ساڵە بەرەنجی شانی خۆم پارە پەیدا دەکەم. رۆژی ١٥ لیرەم هەیە. بەو برە پارەیە هەم بژێوی خێزانەکەم دابین دەکەم و هەمیش ناچاری دەستی هیچ کەس نییم. هەندێک ژن، ئازادی لە هاوسەرگیریدا دەدۆزنەوە. ئەوە راست نییە، پێویستە ژن لەدەستپێکدا بتوانێت لەبواری ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی بوەستێ. دەبێ بروای بەخۆی هەبێت. منیش بیر لەوە دەکەمەوە کە هاوسەرگیری بکەم، بەڵام ئەگەر کەسێک نەهێڵێت کار بکەم شوی پێناکەم، چونکە بۆ دابینکردنی پێداویستییە تایبەتییەکانی خۆم، دەمەوێت دوای هاوسەرگیریش کاربکەم و ناتوانم داوای پارە لەدایک و باوک و برا و مێرد بکەم".

ئەو ژنە، ئێستا لەگەڵ ٥٩ هەڤاڵی خۆیدا لەو خۆڵەدا بە تۆز و پاشماوەی مەرمەڕ تابلۆی وێنە دروست دەکات، سدیقە، وەک باسیدەکات لە پۆلی چوارەمی قوتابخانەی سەرەتاییدا وازی لە خوێندن هێناوەو دواتر چۆتە کورسی پەروەردەییی گەل و لەوێ بروانامەی قوتابخانەی سەرەتاییی تەواوکردوە، سدیقە سەبارەت بە حەزو گرنگیدانی بەم بوارە گوتی "خەیاڵی هەرەگەورەی من ئەوەیە کە دەمەوێت بە پارچەی مەرمەڕ "پردی ١٠ چاو"ی ئامەد دروست بکەم و بینەخشێنم. من زۆر حەزم لەو بوارەیەو دەمەوێت ئەو کارە بەرەوپێش بەرم".

یەکێکی دیکە لەوژنانەی، کە بە مەرمەڕ تابلۆ دروست دەکات نەرمین ئەریمە ٣٢ ساڵانە. نەرمین، هێشتا مێردی نەکردووەو ٦ خوشک و برای هەیە. بنەماڵەی نەرمین، دەرەبەگن. پێشتر بەهیچ شێوەیەک دایک وباوک و برای نەیانهێشتووە لە دەرەوەی ماڵدا کار بکات. جاری یەکەمە کە بۆ کارێکی وەها دێتە دەرەوەی ماڵ. ئەو ئێستا بەچاوێکی دیکەوە سەیری ژیان دەکات. نەرمین، دەڵێت "لەبەر ئەوەی کە ژووری بازرگانی ئەو کارە دەکات، لەدەستپێکدا بنەماڵەکەم هاتن و چاویان بەبرادەرەکان و شوێنی کارەکەم کەوت، دواتر رێگەیان پێدام کە بەشداربم. هەڤاڵ و دۆستانی ئێمە لێرە زۆر باشن. لەبەر ئەوەی کچم بنەماڵەکەم هەرگیز نامنێرنە قوتابخانە. پاش ئەوەی کۆرس دەستی پێ کرد، من قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کرد و برانامەی خۆمم وەرگرت. منیش وەک هاورێکانی دیکەم دەمەوێت درێژە

سدیقە: ئێستا لەگەڵ ٥٩ هەڤاڵی خۆمدا لەو خولەدا بە تۆز و پاشماوەی مەرمەڕ تابلۆی وێنە دروست دەکەین، من لە پۆلی چوارەمی قوتابخانەی سەرەتاییدا وازم لە خوێندن هێناوەو دواترچۆمە کورسی پەروەردەییی گەل و لەوێ بروانامەی قوتابخانەی سەرەتاییم تەواوکردو. "خەیاڵی هەرەگەورەی من ئەوەیە کە دەمەوێت بە پارچەی مەرمەڕ "پردی ١٠ چاو"ی ئامەد دروست بکەم و بینەخشێنم. من زۆر حەزم لەو بوارەیەو دەمەوێت ئەو کارە بەرەوپێش بەرم".

www.netewe.com




بەخوێندن بدەم. ئەم کۆرسە، واتە دروستکردنی تابلۆ بە مەڕمەڕ، ئاسۆی بیرکردنەوەی منی بەرفراوانتر کرد. من کەسانێکی دیکەم ناسی. کاتێک کە لەماڵ بووم، هەر کێشەیەکی بچووکم بۆ دەبووە ئازارێکی گەورە، بەڵام ئێستا لێرە لەگەڵ هەڤاڵانی خۆمدا بەشی دەکەم. لێرە هەر کەسێک پشتگیری کەسانی دیکە دەکات“.

نەرمین، بەو پارەیەی کە لەوێ بەدەستی هێناوە توانیویەتی کۆمەڵێک پێداویستیی خێزانەکەی دابین بکات، بۆ نموونە بەفرگر و تەباخی غازی بەقیست کڕیوەو قیستەکەشی تەواو بووە. نەرمین، بڕیاریداوە لێرە بەدواوە ئەو پارەیەی کە لەکار بەدەستی دێنێت بۆ خۆیی خەرج بکات. گوتیشی: “پاش ئەوەی هاتمە ئەم کۆرسە، زانیم کە تائێستا بۆ خۆم نەژیاوم. ژیانی من تەنیا ٧ مانگی ئەم کۆرسەی بەباشی تێپەڕکردووە. ئەم کۆرسە پاش ماوەیەکی دیکە تەواو دەبێت و منیش دەمەوێت لەمەو دوا درێژە بەم کارکردنە بدەم. بۆیە داوا لە بەرپرسان دەکەین کە هاریکاریمان بکەن. مامێکم هەبوو کە بە گەنجی وەفاتی کرد، خەیاڵی هەرەگەورەی من ئەوەیە کە بتوانم بەمەڕمەڕ، وێنەی دروست بکەمەوە“.

## ”من تابلۆی ئازادی دروست دەکەم“

گوڵتەن مەنسورە، کچێکی تەمەن بیست ساڵە. لە کۆرسەکەدا بەشداری کردبوو. گوڵتەن، لە١٢ ساڵییەوە کار دەکات و بەوەش هاریکاری دابینکردنی بژێوی خێزانەکەی دەکات. ئەو لەپۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا وازی لەخوێندن هێناوە، بەڵام لەوەتەی هاتووەتە ئەم کۆرسە، بڕوانامەی قوتابخانەی سەرەتایی وەرگرتووە. بەگوێرەی قسەکانی مەنسورەی گەنج، کاتێک ویستوویەتی لەو کۆرسەدا بەشداری بکات، باوکی ”قیامەت“ـی هێناوەتە پێش چاوی. گوڵتەن، ئەو پرسە وەها بۆ گۆڤارەکەمان دەگێڕێتەوە: “باوکم خانەنشین بووە، ئێمە ٧ خوشک وبراین. بەڵام ئەو پارەیەی کە باوکم وەری دەگرێت بەشی هەمووومان ناکات. کاتێک بیستی من دیمە ئەم کۆرسە، قیامەتی هەستاند، خۆی زۆر تووڕە کرد. گوتی: “ من رێگەت پێنادەم“. سێ رۆژ قسەی لەگەڵ نەکردم، بەڵام پاش ئەوەی هات و ئێرەی بینی نەرم بوو“. خەونی گەورەی گوڵەتەن، ئەوەیە کە لەداهاتوودا کۆترێک لە مەڕمەڕ دروست بکات و لەسەری بنووسێت، “بژی ئازادی“.





www.netewe.com

# ژنان لەجێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی هاتووچۆدا پێشەنگن

گەرمیان

لەناوچەی گەرمیان، لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن ژنانەوە پەرەی سەندووەو ڕێژەی شوفێری ژن، تادێت روو لەزیادبوون دەکات. هاوکات بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان، ڕایگەیاند کە ژنان لە ١٠٠٪ پابەندی ڕێنمایی و یاساکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆن.

لەدوای ساڵی ١٩٩٨، ژنان لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕوویان لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل کردووە. ناوچەی گەرمیان، دیارترین شوێنێکە کە تێدا ژنان، لەنووسینگەکانی تایبەت بەفێربوونی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، ڕاهێنان دەکەن. بەو هۆیەوە ژمارەی ژنانی شوفێر، ساڵ لەدوای ساڵ، لەو ناوچەیەدا زیاد دەکات. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان، لەساڵی ٢٠٠٨دا ٧٩ ژن، مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلیان وەرگرتووەو ئەمساڵیش تا مانگی نۆ نزیکەی ٩٠ ژن، مۆڵەتیان پێدراوە. ژنان، لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا حەز بەجۆری گێڕ ئۆتۆماتیک دەکەن.

ساکار، شوفێرێکی گەنجەو سەرقاڵی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێرییە. تاقیکردنەوەی تیۆری ئەنجام داوە. لە یەکەم تاقیکردنەوەدا دەرچووەو چاوەڕوانی تاقیکردنەوەی پراکتیکییە، چونکە دوای ئەوە دەبێتە شوفێرێکی یاسایی. ساکار، لەگەڵ ئەوەی بەفێربوونی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دڵخۆشە، بەڵام تانەوتەشەری شوفێرە پیاوەکان، نیگەرانی کردووە. "بەچوار مانگ فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بووم و ئێستا بەبێ ئەوەی هەست بەمەترسی بکەم، ئۆتۆمبێل لێدەخوڕم. بەڵام زۆرجار بەهۆی شەرفرۆشتن و تانەوتەشەری شوفێری پیاو، لەتووشبوون بەحاڵەتی ڕووداو نزیک بوومەتەوە. بۆیە داوا لەشوفێرە پیاوەکان دەکەم، واز لەو دیاردەیە بهێنن و ژنان لەخۆیان بەکەمتر نەزانن".

ژیان، شوفێرێکی تری ژنەو زۆربوونی ڕێژەی شوفێری ژنان، بەدیاردەیەکی شارستانی و پێشکەوتنی ژنانی کورد دەزانێت، بەڵام ئەویش لەرەفتاری هەندێک لەشوفێرە پیاوەکان نارازییەو دەڵێت، "شوفێری ژن، ئەوەندە بێزاردەکرێت کە لەوانەیە تووشی ڕووداوی بکەن". ژیان، ڕێزگرتنی پۆلیسی هاتووچۆی بەرامبەر بە ژنە شوفێرەکان خستەڕوو و گوتی: "زۆر ڕێزمان لێدەگرن". یەکەمین شوفێری ژن، لە شارۆچکەی کەلار، ئەمیرەیە. ئەو لەساڵی٢٠٠٣ تائێستا شوفێرەو دووجاریش بەئۆتۆمبێلەکەی، لەئاهەنگی پێکهێنانی هاوسەرگیریدا بووکی، گواستووەتەوە. سەبارەت بەو گرفتانەی کە بەهۆی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل هاتووەتە ڕێی گوتی: "لەبەرئەوەی تاکە ژن بووم ئۆتۆمبێلم لەناوچەکەدا لێدەخوڕی، گەنج و پیر، تانەیان لێدەدام و ئێستاش لەچاو ئەوکات تانەلێدان زۆر کەمبووەتەوە". ئەمیرە، هانی ژنانی کورد دەدات، کە پشت بەخۆیان ببەستن و ئەوانیش بێنە گۆڕەپانی ژیان و پێداویستییەکانی خۆیان جێبەجێبکەن. سۆران، کوڕە شوفێرێکی گەنجەو پێیوایە، بەرەبەرە تانەوتەشەر لەژنی شوفێر کەمبووەتەوە. "خەریکە ئاسایی دەبێت و هیوادارم ژنان، ببنە خاوەن شوفێری تاکسیش".



**ژنان یاسا پێشێل ناکەن**

ژنان لەشارۆچکەی کەلاردا بەڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو لەنووسینگەی بەڵێن بۆ فێربوونی خولی شۆفێری، دەکەن. ڕاهێنەری شوفێران، لەنووسینگەی بەڵێن ئەحمەد مەحمود، زۆربوونی ژمارەی ئەو ژنانەی کە بۆ فێربوونی شوفێری ڕوو لەنووسینەگەکەیان دەکەن ڕادەگەیەنێت و دەڵێت: "لەکۆی چل کەس لەهەر کۆمەڵە کەسێکدا، بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دێنە نووسینگە، چواریان ژنن و زۆر لەژنەکانیش بەبێ ترس لەسەر شەقامەکان ئۆتۆمبێل لێدەخورن".

ئەحمەد مەحمود، لەکاتی ڕاهێنانی ژنان بۆ شوفێری، لەچک و خشڵ و بابەتەکانی خۆڕازاندنەوە بە گرفت لەبەردەم باش لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن ژنانەوە دەزانێت. سەبارەت بەپابەندبوونی ژنان، بەڕێنماییەکانی هاتووچۆ، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی هاتووچۆی گەرمیان ملازم نیاز، جەخت لەپابەندبوونی شوفێرانی ژن، بەڕێژەی لە١٠٠٪ دەکاتەوەو تیشک دەخاتە سەر نەبوونی هیچ سەرپێچی و بژاردنێک کە تێیدا ژن، هۆکار بووبێت.

**سەباح عەلی – وەفا مەجید**

www.netewe.com

# ژنانی نەخوێندەوار داوای هەلی کار دەکەن

رانیە

"گەنجەکانمان هەمووی لەتاو بێکاری ڕۆیشتن. ئەگەر حکوومەت، لەجیاتی بەرزکردنەوەی ڤێلای بەرپرسان بیر لەدامەزراندنی چەند کارگەیەک بکاتەوە، نە پێویستمان بەهێنانی شتوومەکی دەرەوە دەبێت و نە گەنجی ئەم وڵاتەش، بێکار دەبێت".

## بێکاری

ئەمە گوتەی ژنێکە کە لەتاو بێکاریدا پەیامی خۆی ئاراستەی حکوومەت دەکات. بەپێی ئەو ئامارەی کە لەلایەن وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی عێراقەوە بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە کە لەسەرانسەری عێراقدا یەک ملیۆن و ٤٠٠ هەزار هاووڵاتی تاکو ئێستا گرفتی بێکارییان هەیەو ناوی خۆیان لەم وەزارەتە بۆ دابینکردنی هەلی کار تۆمارکردووە.

لەهەرێمی کوردستان ڕێژەی بێکاری لەناو ژناندا حاڵەتێکی بەرچاوەو بەپێی ئامارە نافەرمییەکانی هەرێم زۆرترین ڕێژەی بێکاری لەکوردستاندا توێژی ئافرەتانن و ڕێژەیان لەهێزی کاردا ١٠٪ دەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە نزیکەی ٣٠٪ی ئافرەتانی کوردستان، مووچەخۆرن.

یەکێک لەهۆکارەکانی بێکاری ژنان لەهەرێمی کوردستاندا باڵادەستبوونی کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵگایە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕەگەزی مێ بەشێوەیەکی یەکسان دەرفەتی کارکردنیان بۆ نەڕەخسێت و خاوەنی داهات خۆی نەبێت. لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ گەشەکردنی ئابووری کوردستان و هاتنی کۆمپانیاکان، ڕێژەیەک لەژنان لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن و ئەو ڕێژەیەش تا دێ روو لەزیادبوون دەکات. ئەوەش وایکردووە کە ژنانی نەخوێندەوار داوای دۆزینەوەی هەلی کار لەحکوومەت بکەن.

## بێ شوێنێ

"دایک و باوکم نەماوەو چەند براو خوشکێکین و بەتەنیا سەرپەرشتییان دەکەم. منداڵێکی کەم ئەندامنمان هەیەو ئەرکی بەخێوکردنی لەمنداڵێکی ئاسایی زیاترە. زۆر هەوڵمداوە کارێکم دەستبکەوێت، چونکە زۆر پێویستم بەکارکردنە. ئەگەر خزمەتکاری بێت قبووڵی دەکەم. روو لەهەر شوێنێک دەکەم، دەڵێن، بڕوانامەت هەیە؟ منیش تەنیا بڕوانامەی شەشی سەرەتاییم هەیە". ئەوە قسەی (هێرۆ سەباح)ی تەمەن ٢٨ ساڵە. هێرۆ، داوا لەحکوومەت دەکات، هەلی کاری بۆ بڕەخسێنێت. چونکە ئەو، ئەرکی بەخێوکردنی خێزانێکی لەئەستۆیەو هیچ مووچەیەکیشیان نییە تا بژێوی ژیانیانی پێ دابین بکات. وەک هێرۆ، دەڵێت، ژنانی نەخوێندەوار، وەک پیاوانی ناتوانن بڕۆنە گۆڕەپان و کرێکاری بکەن. سەبرییە، کچێکی ترە لەو کچانەی کەبەهۆی نەخوێندەوارییەوە کاری دەستناکەوێت. سەبرییە، پێیوایە ئەگەر کارگەیەک هەبێت، ئەویش دەتوانێت کرێکاری بکات. ئەو کچە دەڵێت:" لەبەرئەوەی نەخوێندەوارین. لەهەموو شتێک بێبەشین. ئێمەش حەز دەکەین هیچ نەبێت بتوانین، خۆمان بەخێو بکەین. داوا لەپەرلەمان دەکەین ڕێگا چارەیەک بۆ ئێمەی کچانی نەخوێندەوار، بدۆزێتەوە". بەسێ، کچێکی تری نەخوێندەوارەو قوربانی دابوونەریت و کەلتووری کۆمەڵگایەو، لەبەرئەوەی کچە، لەتەمەنی پێویستدا نەنێردراوەتە خوێندن و وەک خۆی گوتی، بەو تەمەنە بچنە قوتابخانە، تا تەواوی دەکەن، سەریان سپی دەبێت. بەسێ، دەڵێت:"ئەرکی حکوومەتە، هەلی کار بۆ ئێمە بڕەخسێنێت. ئەگەر خاوەنی داهاتی خۆمان بین. ناچار نابین دەست لەکەسووکارمان پان بکەینەوەو کەسیش منەتی ئەوەمان لەسەر ناکات، کە بەخێومان دەکەن".

مریەم قادر، لەگەڵ کچانی تری نەخوێندەواردا هاوڕایە:"پێویستە حکوومەت پرۆژەی بۆ ئێمە هەبێت. هەم سوود لەبەرهەمەکەمان وەربگیرێت و هەم ئێمەش لە بێکاری ڕزگارمان بێت". شیلان، کە تەمەنی بیست وچوار ساڵە، ئاماژە بێکاری لەناو کوڕانی گەنجیشدا دەکات و بەبۆچوونی ئەو،"گەنجەکانمان هەمووی لەتاو بێکاری ڕۆیشتن. ئەگەر حکوومەت، لەجیاتی بەرزکردنەوەی ڤێلای بەرپرسان بیری لەدامەزراندنی چەند کارگەیەک بکاتەوە، ئەوا نەپێویستمان بەهێنانی شتوومەکی دەرەوە دەبێت و نە گەنجی ئەم وڵاتەش بێکار



www.netewe.com

دەبێت“.

## حکوومەت کەمتەرخەمە

مامۆستا موەفەق عەبدوڵڵا، ئاماژە بەپێڕەوکردنی سیستمی سەرمایەداری لەکوردستان دەکات و بەبڕوای ئەو، پێویستە حکوومەت، ئەو سیستەمە بۆ سیستەمی سۆشیال بگۆڕێت و پێیوایە، لە وڵاتی ئێمە سیستەمەکان تێکەڵکراون و پاشاگەردانییەک لەبواری ئابووریدا هەیە. ئەو مامۆستایە، لەبەرامبەر ڕێژەی بەرزی بێکاریدا حکوومەت بە کەمتەرخەم دەزانێت. چونکە تائێستا نەیتوانیوە هێزی کرێکار لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو پرۆژەو کارگەی ئەوتۆی لەسنووره کشتووکاڵییەکان هەبێت کە هێزی گەنجان تێیدا کاربکات. ئەو دەڵێت:“بەشێکی زۆری خەڵک دامەزراون کە هیچ بەرهەمێکیان نییەو بێکارییان پێ داپۆشیوە“. مامۆستا موەفەق، سنووری پشدەرو بیتوێن کە سنوورێکی فـراوان و کشتوکاڵییە، بەنموونە وەردەگرێت و دەڵێت:“لەهەردوو ناوچە تەنیا یەک پڕۆژە هەیە ئەویش قەسابخانەی ڕانیەیە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک کاری تێدا دەکـەن“.

مامۆستا موەفەق، بێکاری بەهۆکاری سەرهەڵدانی کێشە بۆگەنجان دەزانێت و بەرای ئەو، زۆر لەو گەنجانەی کێشە بۆکۆمەڵگەو خێزانەکانیان دروســتــدەکـەن، بـێـکـارن،“تـەنـیـا لـەسـنـووری پـشـدەر،٣٥٠٠ خوێندکارمان هەیە کە هەموویان لەتەمەنی کـاردان، بەڵام کار نییە بیکەن، بۆیە ڕێژەیەکی زۆریان دەبنە چەکدار، لەوانەشە گرفتی بێکاری، کاریگەری لەسەر باری دەروونی کەسەکان دروست بکات و تووشی هەڵەبن و ببنە پیاوکوژ“.

## کابینەی شەش و بێکاری

قایمقامی قەزای ڕانیە عەلی ئەحمەد بەگ، سەبارەت بەزۆری ڕێژەی بێکاری لەو سنوورە گوتی:“ڕێژەی بێکاری لـەدەڤـەرەکـەمـان زۆرەو ئێمە سـەروی خۆمانمان لەوە ئاگادار کردووەتەوەو تا ڕادەیەک توانیومانە چارەسەر بدۆزینەوە، بەوەی کە زۆر لەهاووڵاتییانمان بەپۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە




دامـەزرانـدووە. ئەگەر وامـان نەکردایە. بێکاری بەڕێژەیەکی زیاتر سنوورەکەی دەگرت و هەراسانی زیاتری دروست دەکرد“.

قایمقامی ڕانیە، ئەوناوچەیە بەناوچەیەکی کشتووکاڵی و گەشتیاری گرنگ وەسف دەکات و بایەخپێدانی بەگرنگ دەزانێت. بەقسەی ئەو، دەتوانرێت لەو دەڤـەرەدا پـڕۆژەی گرنگ بەرهەمبهێنرێت. عەلی ئەحمەد، باس لەگەیاندنی چەندین داواکاری خۆیان بۆحکوومەت دەکات کە داوای کردنەوەی کارگەیان کردووە، چونکە خەڵکی ئەوێ بەگشتی شارەزاییان لەرستن و چنیندا هەیە، بۆیە دەتوانرێت لەو ناوچەیە لەو بوارەدا بەرهەمهێنانی باش بکرێت. قایمقامی ڕانیە، هیوادارە کابینەی شەشی حکوومەت، بەدەنگ داواکارییەکانیانەوە بێت.

ئەندامی پەرلەمانی پێشوی کوردستان ئارێز عەبدوڵڵا، لەبارەی گرفتی بێکارییەوە گوتی:“تائێستا پەرلەمانی کوردستان، پڕۆژەیەکی جیدی سەبارەت بەکێشەی بێکاری نەبووە کە کاری لەسەر بکات، بەڵام لەدانیشتنەکاندا قسە لەدۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ ئەو پرسە کراوە“.

مامۆستا لەکۆلێژی بەڕێوبردن و کارگێڕی زانکۆی سەلاحەدین ئیدریس ڕەمەزان، دەڵێت، بۆ دۆزینەوەی هەلی کـار بۆ ئافرەتانی نەخوێندەوار و بێکار پێویستە حکوومەت خولی ڕاهێنانیان بۆ بکاتەوە تا بتوانن شارەزایی لەبوارێکی کارکردندا پەیدابکەن و لەو ڕێگایەشەوە بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن یاخود حکوومەت، کاریان بۆ دابین بکات، چونکە بەدۆزینەوەی کار بۆ ئەو کەسانە زۆر کێشە لەکۆمەڵگادا بەرەو نەمان دەڕوات.

ئەو مامۆستایە هەروەها پێیوایە، ئافرەتانیش دەتوانن لەلایەنی ئابوورییەوە هاوکاری پیاوان بکەن، بەمشێوەیە جۆرە هەماهەنگییەک لەنێوان ژن و پیاودا دروست دەبێت.“لەو ڕێگایەشەوە ژنان دەبنە خاوەن داهاتی تایبەتی خۆیان و ئەوەش ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی ئـەوەی ببنە خاوەنی بڕیاری خۆیان، چونکە لایەنی ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەرزگاربوونی ئافرەت لەپاشکۆیەتی پیاوان“. بەکردنەوەی خولی ڕاهێنان حکوومەت دەتوانێت کادێری پێویست بۆ ئەو شوێنانە فەراهەم بکات کە پێویستیان پێیەتی.



گوڵە ئەحمەد

www.netewe.com



کچەیاریزانی تێنسی سڕبی (ئانا ئیڤانۆڤیچ)

www.netewe.com

# سیرینا ویلیامز هەر لە پلەی یەکەمی جیهانە

# (ئاراڤان رەزایی)، ئەستێرەیەکی تازەی جیهانی تێنس




لە دواپۆلێنی یاریزانانی تێنس لە جیهاندا، کچە یاریزانی فەرەنسی و بەرەسەن ئێرانی ئاراڤان رەزایی بە یەک جار توانی ١٨ پلە بۆ پلەکانی پێشەوەی ریزبەندییەکە سەرکەوێت و ئێستا لە پلەی ٢٦دا دێت، ئەمەش باشترین پۆلێنە بۆ ئەو کچەیاریزانە لەوەتەی دەستی بە یاری کردووە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا.

ئاراڤان رەزایی سەرەتای ئەم مانگە توانی نازناوی پاڵەوانیەتی تێنسی بالی بباتەوە و بەمەش لە نێوەندی تێنسی جیهاندا زیاتر ناسرا.

جێی ئاماژەیە لە پۆلینە تازەکەدا، کە دووشەممەی رابردوو بڵاو کرایەوە، هیچ گۆرانکارییەک بەسەر پلەکانی پێشەوەدا نەهات و کچەیاریزانی رەشئەسمەری ئەمەریکی سیرینا ویلیامز هەر لە پلەی یەکەمدا دێت بە کۆکردنەوەی ٩٠٧٥ خاڵ، لە دوای ئەویش کچەیاریزانی رووسی دینارا سافینا دێت بە ٧٨٠٠ خاڵ. لە پلەی سێیەمیش سڤتلانا کۆزینتزۆڤای رووسی دێت بە ٦١٤١ خاڵ. پلەکانی چوارەم تا دەیەمی پۆلێنە تازەکەی باشترین کچەیاریزانەکانی تێنس لە جیهاندا بەو جۆرەیە:

٤- کارۆلین ڤۆزنیاکی – دانیمارک – ٥٨٧٥ خاڵ

٥- یلینا دیمنتیێڤا – رووسیا – ٥٥٨٥ خاڵ

٦- ڤینۆس ویلیامز – ئەمەریکا – ٥١٢٦ خاڵ

٧- ڤیکتۆریا ئازارینکا – بیلارووسیا–٤٨٢٠ خاڵ

٨- یلینا یانکۆڤیچ – سربیا – ٣٩٦٥ خاڵ

٩- ڤێرا زڤۆناریڤا – رووسیا – ٣٥٦٠ خاڵ

١٠ – ئەینیسکا رادڤانسکا – پۆڵەندا- ٣٤٥٠ خاڵ.

# ژمارەیەکی پێوانەیی بۆ تۆتیانا بۆشکاریۆڤا لە ماراسۆن



کچەیاریزانی راکەری رووسی تۆتیانا بۆشکاریۆڤا توانی میدالیای زێر لە ماراسۆنی سان ئەنتۆنیۆ بەدەست بهێنێت، کە بەشێک لە زنجیرە پێشبڕکێیەکانی (Rock'n'Roll Marathon Series) بوو، کە لە ئەمەریکا ساز کرا.

هەروەها لە پێشبڕکێیەکەدا کچەیاریزانێکی دیکەی رووسی بە ناوی سڤیتلانا بۆنۆماریۆنکۆ پلەی دووەمی بردەوە.

تۆتیانا بۆشکاریۆڤا ماوەی ماراسۆنەکەی بە ٢ سەعات و ٣٠ خولەک و ٣٠ چرکە بری، ئەمەش ژمارەیەکی تازەی پێوانەیی بوو، هەروەها سڤیتلانا بۆنۆماریۆنکۆش ماوەکەی بە ٢ سەعات و ٣٤ خولەک و ٥٧ چرکە بری.

هاوکات ئەمە سەرکەوتنی دووەمی بۆشکاریۆڤا بوو لە زنجیرە پێشبڕکێیەکانی سان ئەنتۆنیۆدا لە ماراسۆن.

www.netewe.com

# وەرزش لە قوتابخانەکانی کچاندا لە نێو گرنگی و پەراوێزخستندا

## مامۆستا تەلار نامیق: حەز دەکەین وەزارەتی پەروەردە کتێبێک بۆ پرۆگرامی وەرزش دابنێت و قوتابیان بیخوێنن

هەولێر

ئەرسەلان عەبدوڵڵا

**بەشی دووەم و کۆتایی**

### باکگراوند

لە بەشی یەکەمی ئەو بەدواداچوونەدا، تیشکمان خستە سەر چەند کێشە و گرفتێکی بەردەم بابەتی وانەی وەرزش لە پرۆسەی خوێندندا لە قوتابخانەکانی کوردستان لە ئاست جیاجیاکاندا، لەوانە نەبوونی مامۆستای وانەی وەرزش، یان مامۆستا هەیە بەڵام جلی وەرزشی لە بەر ناکات، جگە لەوەش بوونی کێشەی ئەوەی کە وانەی وەرزش دەکرێتە قوربانی وانەکانی دیکە، لەو بەشەشدا تیشک دەخەینە سەر چەند کێشەیەکی دیکە، بە هیوای ئەوەی لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە چارە بکرێت و وانەی وەرزشیش زیاتر گرنگی پێ بدرێت و بەرەو پێشەوە بچێت.

### وانەی وەرزش لەنێو خشتەی هەفتەدا

بە پێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستە، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان بڕیاری داوە، کە وانەی وەرزش لە نێو خشتەی هەفتانەی خوێندنی قوتابخانەکاندا، نابێت لە وانەی یەکەم یان شەشەمی ڕۆژدا بێت، بەڵکو دەبێت لە ناوەڕاستی خشتەی ڕۆژدا بێت، ئەمەش لە پێناو ئەوەی وانەکە بە پراکتیکی بخوێندرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هەندێک لە قوتابخانەکان پابەندی ئەو بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە نین.

(دیلمان)ی قوتابی لەو ڕووەوە ئاشکرای کرد: "چەند جارێک ڕووی داوە کە وانەی وەرزش لە وانەی شەشەمەوە دانراوە، یەکسەریش لە بری وەرزشکردن، پێیان گوتووین بڕۆنەوەماڵەوە".

گوتیشی: "جاری واش هەبووە کە وانەکە لە کاتی گونجاودا بووە، بەڵام کە مامۆستای وەرزشمان نەبێت، چی بکەین، ناچارین بە گۆڕەپان و حەوشەی قوتابخانەدا سووڕاینەتەوە".

سەرپەرشتیارێکی پەروەردەییش کە تازە ئەو پۆستەی وەرگرتووە و حەزی نەکرد ناوی بهێنین، لەمبارەیەوە گوتی: "ئەوە دەمێنێتەوە سەر مامۆستای وەرزش، کە وانەکە لە چ شوێنێکی خشتەکەدا بێت، ئەگەر ئەو وانەکەی خۆی خۆش بوویت و هەوڵی مومارەسەکردنی بدات، ئەوا هەوڵ دەدات وانەکە لە کاتێکی گونجاودابێت و پێم وایە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکانیش لارییان لەوەدا نییە و حەزدەکەن وانەکە پراکتیک بکرێت".

### هەندێک لەخێزانەکان ڕێگریی لە وەرزشی کچەکانیان دەکەن

مامۆستا تەلار نامیق لە ئامادەیی قەڵای کچان لە هەولێر باس لەوە دەکات کە هەندێک لە خانەوادەکان ڕێگە نادەن کچەکانیان بەشداریی ئەو چالاکییە وەرزشییانە بکەن، کە ساڵانە بۆ قوتابخانەکان ئەنجام دەدرێت. ئەو لەمبارەیەوە دەڵێت: "من هەموو ساڵێک کۆمەڵێک یاریزان بۆ تیپی قوتابخانە ئامادە دەکەم، بۆ ئەوەی بەشداریی چالاکیی قوتابخانەکان بکەین، بەڵام هەندێک لە قوتابیان ئامادە نین بۆ تیپی قوتابخانە یاری بکەن و دەڵێن ماڵەوەیان ڕێگەیان نادەن، ئەمەش بۆ خۆی گرفتە".

هەروەها دەڵێت: "بۆ خۆم دەچمە ماڵی ئەو کچە قوتابییانە و لەگەڵ دایک و باوکیان قسە دەکەم و ڕازییان دەکەم بۆ ئەوەی ڕێگریی لە کچەکانیان نەکەن، بەڵام ئەمەش بە شێوەیەکی کاتییە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕێگەیان پێدەدەن".

(تەلار نامیق) باسی ئەوەشی کرد هەندێک لە کچە قوتابییەکان هەر خۆیان حەزیان لە وەرزش نییە و لە وانەی وەرزشدا بەشداریی ناکەن، بەڵام ئاماژەی بەوەش دا کە زۆرینەی قوتابییە کچەکان بەشداریی وانەی وەرزش دەکەن.

### جیاکاری دەکرێت

مامۆستا تەلار ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو گرنگی بە هەندێک قوتابی دەدات، کە بەهرە و توانای

> تەلار نامیق "من هەموو ساڵێک کۆمەڵێک یاریزان بۆ تیپی قوتابخانە ئامادە دەکەم، بۆ ئەوەی بەشداریی چالاکیی قوتابخانەکان بکەین، بەڵام هەندێک لە قوتابیان ئامادە نین بۆ تیپی قوتابخانە یاری بکەن و دەڵێن ماڵەوەیان ڕێگەیان نادەن، ئەمەش بۆ خۆی گرفتە"

www.netewe.com

وەرزشییان هەیە، ئەو گوتی: "بۆ پێکهێنانی تیپی قوتابخانە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکان، هەموو قوتابییەکان تاقی دەکەمەوە و ئەوانەی کە ئاستیان باشە و بەهرەیەکیان هەیە، بۆ تیپی قوتابخانە دەستنیشان دەکرێن، بەڵام جیاوازی لە نێوانیاندا ناکەم و بە پێی ئاستی خۆیان، کچە قوتابییەکان دەستنیشان دەکەم، بەڵام لێرەشدا کێشەم بۆ دروست دەبێت، چونکە هەندێک لە قوتابییەکان ئامادە نین لە چالاکییەکانی دەرەوەی چوارچێوەی قوتابخانەدا بەشداریی بکەن و جلی وەرزشی بپۆشن".

بەڕێوەبەری قوتابخانەی باڵای نموونەیی لە هەولێر (مامۆستا تریسکە ئیحسان یاسین)یش لە لای خۆیەوە سەبارەت بە بەشداریکردن لە چالاکییەکان و نەبوونی جیاوازی لە نێوان قوتابیاندا، گوتی: "هیچ جیاوازییەک لە نێوان قوتابییەکاندا ناکەین و لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکانیش، ئەوانەی کە وەزارەتی پەروەردە سازیان دەکات، بەشداریی دەکەین، وەکوو یارییەکانی تایکواندۆ و تۆپی باسکە و باڵە و ئەوانی دیکە".

## کێشەیەکی دیکە

مامۆستا تەلار، کە دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە، باسی کێشەیەکی دیکە دەکات، کە تا رادەیەک پەیوەندیی بە وانەی وەرزشەوە هەیە، ئەویش بابەتی بەشداریکردنە لە چالاکییەکە وەرزشییەکان، ئەو دەڵێت: کێشەی ئێمە لەگەڵ چالاکییەکان تەنیا لەوەدا نییە کە هەندێک لە قوتابیان بەشداریی ناکەن، بەڵکو کێشەی ئەوەشمان هەیە کە کاتی دەستپێکردنی چالاکییەکان دیار نییە و جار هەبووە چەند رۆژێک پێش دەستپێکردنی ئاگادار کراوینەتەوە، ئەمەش وای کردووە نەتوانین بە باشیی خۆمان ئامادە بکەین، کە کاریگەریی بەسەر ئەنجامەکانمانەوە دەبێت، کە دواتریش کاریگەریی بەسەر حەز و خولیای کچە وەرزشوانەکانی قوتابخانەکەمان لەگەڵ وانەی وەرزشدا دەبێت. ئەو گوتیشی: " پێویستە بە لای کەمەوە زیاتر لە مانگێک پێش دەستپێکردنی چالاکییەکان، ئاگادار بکرێینەوە".

## نەبوونی پرۆگرامێک بۆ وانەی وەرزش

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی وانەی وەرزش، نەبوونی پرۆگرامێکە بۆ وانەکە، مامۆستا تریسکە باسی ئەوە دەکات کە ئەوان گرنگی بە هەموو یارییە وەرزشییەکان دەکەن و قوتابییەکانیان فێر دەکەن و مامۆستای تایبەتییان هەیە.

مامۆستا تەلاریش ئاماژەی بەوە دا: "حەز دەکەین وەزارەتی پەروەردە کتێبێک بۆ پرۆگرامی وەرزش دابنێت و قوتابیان بیخوێنن، ئەگەرنا من لە لای خۆمەوە هەوڵم داوە کە زانیاری لەسەر زۆربەی یارییە وەرزشییەکان بۆ قوتابیان باس بکەم و پلانم بۆ وانەکە هەیە، کە بە شێوەیەکی ئاسان یاسای یارییەکانیان بۆ روون دەکەمەوە، پەروەردەش بڕیاری داوە کە دەبێت وانەی وەرزش بخوێندرێت و تاقیکردنەوەشی لەسەر بکرێت، بەڵام خۆزگە کتێبی وانەی وەرزشیش هەبووایە وەکو وانەکانی دیکە.

## لە کۆتاییدا

رەنگە کێشەی دیکە لە پرۆسەی خوێندنی وانەی وەرزش لە قوتابخانەکانی کوردستاندا هەبێت و دەرفەتی ئەوەمان نەبێت باسی بکەین، لەوانە دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی و جلوبەرگی وەرزشی بۆ قوتابیان، یان بوونی جیاوازی لە نێوان قوتابخانەکان لە بارەی وەرزشکردن و نەبوونی جێگەورێگە بۆ مومارەسەکردنی وانەی وەرزش و بابەتی دیکەش، بەڵام بە گشتی دەگەینە ئەو راستییەی، کە وانەی وەرزش حەزی زۆرینەی قوتابیان بە گشتی و قوتابییە کچەکانی لە سەرە، پەروەردەش دەمێکە گرنگی پێداوە و جەختیشی لێ دەکاتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وانەیەکە لە لایەن مامۆستا و ئیدارەی قوتابخانەکان و ئەوان تا چەند دەتوانن وانەکە بەرەو پێشەوە ببەن و پێداویستییەکانی بۆ دابین بکەن، تا چەندیش دەتوانن قوتابیانیش وا لێ بکەن وانەکە بە باشیی و بە تەواوی ئارەزووەکانیان، پراکتیک بکەن.



Photo
Hogir muhamad



Photo هێمن

www.netewe.com

# ئایا پەیوەندی سێکسی لەکاتی دوو گیانیدا دروستە؟

ئەو حاڵەتانە کامەنەن کە لەکاتی دووگیانی ڕێگە بە پەیوەندی سێکسی دەدات؟

ئەی کاتی گونجاو بۆ پەیوەندی سێکسی لە کاتی دووگیانیدا کەیە؟

هەمیشە زۆرترین پرسیار کە ئاراستەی پزیشکان دەکرێت پرسیار کردنە لەبارەی دروستی پەیوەندی سێکسی لە کاتی دووگیانی و کاریگەری لەسەر تەندروستی وەچە و دایکەکە.

زۆربەی توێژینەوە زانستییەکان ئەوە بەدیار دەخەن کە پەیوەندی سێکسی، لە کاتی دوو گیانیدا شتێکی ئاساییە و هیچ زیانێک بەدایک و بە کۆرپەکەی ناگەیەنێت.

بەڵام هەندێک توێژینەوە دەریانخستووە، کە پەیوەندی سێکسی لەکاتی دوو گیانی زیان بە تەندروستی دایک و کۆرپەکەی دەگەیەنێت لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

–ئەگەر هاتوو ئافرەتەکە پێشتر بەهۆی منداڵ لەبارچوون و منداڵی پێش وەختە ئەزیەتی خواردبێت.

–ئەگەر وێڵاشەکە لە شوێنی سروشتی خۆی نەبێت.

– خوێنبەربوون لە کاتی دوو گیانیدا (ڤهور نزیف اپناء الحمل).

–دیارکەوتنی ئاوی پێش منداڵبوون .

ئەگەر هاتوو پیاوەکە تووشبووی یەکێک لە نەخۆشییە سێکسییەکان بوو وەک (الهربس والکلامیدیا) چونکە لەم حاڵەتانە ئەم نەخۆشییە بۆ ئافرەتەکە و کۆرپەکەی ناو سکی دەگوازرێتەوە.

بەلام لەکاتی نەبوونی هیچ گرفتیک لەمانەی سەرەوە یان نەبوونی هۆکاری تر ئەوا پسپۆڕانی تایبەتمەند لەم بوارە دەڵێن، پەیوەندی سێکسی نێوان هاوسەران هیچ مەترسییەکی نییە بۆسەر ئافرەتەکە و کۆرپەکەی و ڕێگەی پێدراوە، بگرە سۆزی زیاتریشیان پێدەبەخشێت.

## تەندروستی و هەوەسی سێکسی لەکاتی دوو گیانی ئافرەت

ئافرەت لەکاتی دوو گیانیدا هەوەسی سێکسی بەگوێرەی تەمەنی سک پڕیەکە دەگۆڕێت.

ئافرەتان بەگشتی لە سێ مانگی یەکەمی دوو گیانیدا، هەندێک نیشانەیان لێ بەدیاردەکەوێت وەکو (دڵ تێک هەڵاتن و ڕشانەوەو هەستکردن بە ماندوێتی و ئارەزوو نەکردنی خۆراک و کەمبوونەوەی چێژی سێکسی).

بۆیە پیاوەکە دەبێت ڕەچاوی ئەم حاڵەتانە بکات و تێگەیشتنی بۆ ئەم ماوەیە هەبێت، لەگەڵ سەرەتای



مانگی چوارەمی دوو گیانیدا ئەم نیشانانە بە کۆتا دێت و زێی ئافرەت (مهبل) زیاتر دەکرێتەوەو بەمەش پتر ئارەزووی سێکسی دەکات و پەیوەندی سێکسی زۆربەباشی و ئاسانی ئەنجامدەدرێت و ئافرەتەکە هاندەدات بۆ چێژی سێکسی زیاتر. جالەبەرئەوە ماوەی چوار مانگی تا شەش مانگی دوو گیانی بەباشترین و چاکترین ماوە دادەنرێت بۆ پەیوەندی سێکسی.بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە دەرئەنجامی توێژینەوەکان بۆ پەیوەندی سێکسی لە سێ مانگی کۆتایی تاکو ئێستا دوو بیروڕان، بەشێکیان وای دەرخستووە کە تەندروست نییە لە سێ مانگی کۆتایی پەیوەندی سێکسی هەبێت. بەڵام بەشەکەی تر کە زۆرینەن لەگەڵ ئەو بڕوایە دان و دەڵێن، نەخێر دروستە لە سێ مانگی کۆتایشدا ئەم پەیوەندیە باهەر بەردەوام بێت بەڵام بە شێوازی بەرامبەر یەکتر لەکاتی جووتبوون

چونکە هیچ کاریگەرییەکی خراپی نییە و یارمەتیدەرێکیشە بۆ نەمانی پاڵەپەستۆ لەسەر سکی ئافرەتەکە، بەگشتی لەم کاتانەدا دەبێت پیاوەکە پشوو درێژبێت بەرامبەر ئافرەت، چونکە نەگەیشتنی ئافرەت بە چێژی سێکسی پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر منداڵدانی ئافرەتەکە و زیان بەکۆرپەکەی دەگەیەنێت.

## بەکارهێنانی کۆندۆم

بەکارهێنانی کۆندۆم (عازل المگاگی) لەلایەن پیاوەوە یارمەتیدەرە بۆکەمبوونەوەی حاڵەتی دژوارو نەرژانی مەنی پیاو لە زێی ئافرەتەوە، لەهەندێک توێژینەوە دەرکەوت مەنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە منداڵبوونی پێش وەختەوە هەیە. لەمانگەکانی کۆتایی دووگیانیدا. فاکتەری سەرەکیشە بۆ دەستەبەرکردنی پەیوەندی سێکسی لەکاتی دووگیانیدا سەرەڕای ئەوەش دەستپێشخەری ڕاستەقینەیە لەنێوان هاوسەران، بەمەش ئافرەتەکە هەست بەترس و دڵەڕاوکێ ناکات بۆ کاریگەری لەسەر کۆرپەکەی و پیاوەکەش دەبێت تێگەیشتنی زیاتری هەبێت بۆ ژنەکەی لەکاتی پێویستیش دەتوانن سەردانی سەردانی پزیشکی تایبەتمەند بکەن.



www.netewe.com

## لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا:

# ڕێژەی منداڵبوون بە نەشتەرگەری زیادی کردووە

هەولێر

لەدوو ساڵی رابردوودا رێژەی لەدایكبوونی منداڵان، بە ڕێگەی نەشتەرگەری قەیسەرییەوە رووی لەزیادبوون كردووە و پزیشكێكی پسپۆڕ لەبواری لەدایكبوونی منداڵانیش پێیوایە، ئەگەر ژنێك زیاتر لەچوار نەشتەرگەری منداڵبوونی بۆ ئەنجامبدرێت، مەترسی لەسەر ژیانی دروست دەبێت. هاوكات ژنێك هۆكاری ئەنجامدانی نەشتەرگەری قەیسەری، بۆ حەزی پیاوەكەی دەگەڕێنێتەوە.

منداڵبوون بەرێگەی نەشتەرگەری، بریتیە لەدەرهێنانی منداڵ، لەرێگەی دڕینی سكەوە "فتح البطن". مێژووی ئەم نەشتەرگەرییە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی قەیسەری رووسیا، لە سەدەی نۆزدەهەم. وەك باسی لێكراوە كاتێك دایكی قەیسەر، وادەی منداڵبوونی هاتووە، بەهۆی زۆری تەمەنییەوە، پڕۆسەی منداڵبوونەكەی زۆرسەخت بووە، بۆیە قەیسەریش داوای كردووە، كە رێگەیەكی تر بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی زووتر منداڵەكەی ببێت و دایكی لەو ئازارە رزگاری ببێت. پزیشكانی ئەو سەردەمەش لەرێگەی دڕینی سكی دایكی قەیسەرەوە، منداڵەكە دەردەهێنن و دایكی لەمردن رزگار، دەكەن. ئیتر لەوكاتەوە نەشتەرگەری منداڵبوون، بە"نەشتەرگەریی قەیسەری" ناسراوە.

بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی لەدایكبوون و منداڵانی هەولێر، رێژەی منداڵبوون بەرێگەی نەشتەرگەری قەیسەری، لەساڵی ٢٠٠٨دا،٦٠٥٨ منداڵ بووەو لەو رێژەیەش، ٣١٨٧ كوڕ و٢٨٧١یان كچ بوون. لەهەشت مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩دا، ئەو رێژەیە گەیشتووەتە ٤٧٩٩ منداڵ كە (٢٦٣٠) كوڕو (٢١٦٩)یان كچن. لەنەخۆشخانە ئەهلیەكانیشدا رێژەی منداڵبوون، بەنەشتەرگەری بەردەوامی هەیەو بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی تایبەتی هەولێر، لە ماوەی هەشت مانگی سەرەتای ٢٠٠٩دا، (٢٩٢) نەشتەرگەری قەیسەری بۆ ژنان، ئەنجامدراوە. لەلایەكی دیكەوە دەستەی كارگێڕی نەخۆشخانەی ئەهلی هەولێر، رەتیكردەوە كە بەپێی داخوازی ژنانی دووگیان، نەشتەرگەرییان بۆ بكەن، "ئەگەر زانرا ژنەكە پێویستی بەنەشتەرگەرییە، ئەوكات نەشتەرگەری بۆ دەكرێت". بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لەدایكبوون ومنداڵانی هەولێر د.سەبریە خدر، ئەوەدەخاتە ڕوو كە بەهۆی سەقامگیری ئەمن و ئاسایش و هەبوونی "خزمەتگوزاری" لە نەخۆشخانەكانی هەولێردا، جیا لەوەی هاووڵاتیانی پایتەخت سەردانی نەخۆشخانەكانی هەولێر دەكەن، خەڵكێكی زۆریش كە لەدەرەوەی ئەو شارەن، بۆ منداڵبوون روو لە نەخۆشخانەی لەدایكبوون و منداڵان دەكەن.

هاوكات نەهلا، كە ژنێكی كەركووكییەو منداڵی سێیەمی بە نەشتەرگەری بووە، دەڵێت:"كاتێك كە سكی یەكەمم هەبوو، دەكرا بەشێوەی ئاسایی منداڵم ببێت، بەڵام مێردەكەم زۆری لێكردم كە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی (جووتبوون)، داوایكرد كە بەنەشتەرگەری منداڵم ببێت. لەترسی ئەو نەشتەرگەرییە بڕیارمدا ئیتر منداڵم نەبێت، چونكە باری تەندروستیم كەوتە مەترسییەوە".

د. سەبریە، باس لەو حاڵەتانە دەكات كە پێویستیان بەنەشتەرگەری هەیەو دەڵێت:"هەر ژنێك، دوو جار بەنەشتەرگەری منداڵی بوو، جارێكیتر بواری منداڵبوونی بەشێوەی ئاسایی نابێت. هەروەها نابێت بهێڵدرێت كە لەپێنج تا شەش منداڵ، زیاتریان ببێت". ئەو پزیشكە لەدژی ئەوەیە كە بە ویستی ژنان، نەشتەرگەریی منداڵبوون ئەنجام بدرێت،" تا حاڵەتەكە پێویست نەكات، نەشتەرگەری منداڵبوون، ئەنجام نادەین". شەونم، ژنێكی گەنجەو لەنەخۆشخانەی لەدایكبوون و منداڵانی هەولێر، بە نەشتەرگەری منداڵی دووەمی ببوو، گوتی:" منداڵی یەكەمم لەنەخۆشخانەیەكی ئەهلی بوو و بەویستی خۆم نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجام دام، ئێستا منداڵی دووهەمیشم هەر بەنەشتەرگەریی بووە". شەونم، لەگەڵ ئەوەی" پەشیمان"بوو، بەڵام رووی گلەیی ئاراستەی پزیشكانی ئافرەتان و منداڵبوون دەكات و دەڵێت:"راستە بەویستی خۆم تووشی ئەو هەڵەیە بووم، بەڵام دەبوایە پزیشك، نەشتەرگەرییەكەی بۆ نەكردبام. ئەوان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان نەشتەرگەرییان بۆكردم و پێیاننەگوتم، هەڵەیت و لەبەرامبەر پارەیەكی زۆردا نەشتەرگەرییان بۆكردم".

**ئەنجامدانی نەشتەرگەری منداڵبوون، بەبێ ئەوەی كە ژنەكە پێویستی پێبێت، لەنەخۆشخانە ئەهلییەكان تارادەیەك وەك دیاردەی لێهاتووە هەندێك حاڵەت هەیە پێویستی بە نەشتەرگەری منداڵبوونە، وەك تەسكی حەوزی ژن، یان نەهاتنی سەری منداڵ لەپێشداو هاتنی قاچی". سایە، ژنێكی تەمەن نۆزدە ساڵە.**

www.netewe.com

لەبارەی ئەو حاڵەتانەی، پێویست بە نەشتەر گەری دەکات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئافرەتان و منداڵبوون گوتی:"ئەو حاڵەتانەی کە سکی یەکەمیانەو منداڵەکەیان بەنارێکی هاتووە، ئەو ئافرەتانەی (وێلاشیان) لەپێش منداڵەکەیانەوە هاتووە، یان منداڵێکی پێشتریان بەنەشتەرگەری بووە، یانیش بەهۆی ژانەوە گوشاریان لەسەرەو تووشی گەشکە دەبن، یان ئەو ئافرەتانەی پێش منداڵبوون تووشی خوێنبەربوون دەبن، لەحاڵەتی خراپی جوڵەی منداڵدا، پێویستیان بە نەشتەرگەریی هەیە". بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان، ئاماژە بەڕێژەیەکی زۆری ژنان دەکات کە بەبیانووی ئەوەی" بەرگەی ژانی منداڵبوون" ناگرن، داوای نەشتەرگەری دەکەن و ئامۆژگاریی ژنان دەکات، کە بەهیچ شێوەیەک بیر لەنەشتەرگەری نەکەنەوە، چونکە ئەگەری مردنیان زیاد دەکات.

فاتیمە عەزیز، تازە لەنەشتەرگەری منداڵبوون رزگاری ببوو، هۆکاری ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکەی، بۆ دواکەوتنی وادەی منداڵبوون دەگێڕێتەوە،"١٥ رۆژ لەوادەی منداڵبوون دواکەوتم، منداڵەکەم بەپێچەوانە هات، ئەگەر نەشتەرگەریم نەکردایە، مەترسی لەسەر ژیانم و منداڵەکەم دەبوو". بەڕای پزیشکی پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون د. دەرەخت، شێوەی سروشتی منداڵبوون بەباشترین شێوە دەزانێت. ئەم پزیشکە، ئەنجامدانی نەشتەرگەریی بەبێ حاڵەتی پێویست بە" مەترسی" بۆ سەر ژیانی دایک وەسف دەکات و دەڵێت:" ئەو ژنانەی کە لەسەرداوای خۆیان نەشتەرگەری دەکەن، تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبن، چونکە مەترسی زۆر دەکەوێتە سەر ژیانیان و منداڵبوونیشیان سنووردار دەبێت و ستەمێکی گەورە لەخۆیان دەکەن".

د.دەرەخت، ئەنجامدانی نەشتەرگەریی بەبێ حاڵەتی پێویست لەنەخۆشخانە ئەهلییەکان پشتڕاست دەکاتەوە،" ئەنجامدانی نەشتەرگەری منداڵبوون، بەبێ ئەوەی کە ژنەکە پێویستی پێبێت، لەنەخۆشخانە ئەهلییەکان تارادەیەک وەک دیاردەی لێهاتووە". د. دەرەخت گوتی:" هەندێک حاڵەت هەیە پێویستی بە نەشتەرگەری منداڵبوونە، وەک تەسکی حەوزی ژن، یان نەهاتنی سەری منداڵ لەپێشداو هاتنی قاچی".

سایە، ژنێکی تەمەن نۆزدە ساڵە. لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە نەشتەرگەری نییە، بەڵام خۆی دەیەوێت نەشتەرگەری ئەنجام بدات" من بەرگەی ئەو ژانە ناگرم و زۆر ترسنۆکم، بۆیە دەمەوێت بە نەشتەرگەری منداڵم ببێت. منداڵی یەکەممەو دەشزانم نەشتەرگەری کاریگەری خراپی هەیە".

ئیمان فەتحوڵڵا، ژنێکی تەمەن ٣٢ ساڵە و منداڵی پێنجەمیەتی" من کێشم نەوەت و پێنج کیلۆیە. زۆر بەزەحمەت منداڵم دەبێ. بۆیە دەمەوێ بڕۆمە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی و بە نەشتەرگەری منداڵەکەم ببێت". پسپۆڕ لەنەخۆشیەکانی نەزۆکی و ئافرەتان و لەدایکبوون، د.نازەنین فایق، دەڵێت. لەبەرئەوەی منداڵبوون بە نەشتەرگەری ژانی نییە، هەندێکجار نەخۆش خۆی داوای نەشتەرگەری دەکات، چونکە کاریگەرییە خراپەکانی نەشتەرگەری لەسەر تەندروستی خۆی نازانێت.

بەرای د.نازەنین، لەو حاڵەتەدا، پێویستە پزیشک بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە رازی نەبێت و کاریگەرییە خراپەکانی نەشتەرگەری بۆ نەخۆش روون بکاتەوە. یەکێک لەهۆکارەکانی تری گوێ پێنەدانی پزیشکان بە نەخۆشەکان، د.نازەنین، دەڵێت" هەموو هەولێر، یەک نەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەیە، ئەوەش گوشاری زۆر لەسەر پزیشکان دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوە، پزیشک ئەوەندە گوێ بەنەخۆش نەدات. هەرچەندە نەخۆش دووچاری هەر نەخۆشیەک ببێتەوە پزیشکەکە بەرپرسیارە". ئەم پزیشکە پێیوایە، وەزارەتی تەندروستیش ئاگاداری ئەو بارودۆخەیەو پێویستە ئەوان رێگاچارەی ئەو گرفتە بدۆزنەوە.



**نەشتەرگەری قەیسەری**

**بۆکان هیوا**

www.netewe.com

# حەبی ڤیاگرا و نهێنییەکانی ژنان

رانیە – هەولێر

هەندێ لەژنان تەمەنێکی درێژیان لەبەکارهێنانی دەرمانی ڤیاگرا بەنهێنی هاوسەرەکەیان بەسەربردووە، تا لەکرداری سێکسیدا یارمەتیان بدات و بەوهۆیەوە حەزی هاوسەرەکەیان تێربکەن، بەڵام پسپۆڕێکی نەخۆشییە دەروونییەکان، جگە لەدوو حاڵەتی تایبەتدا نەبێت بەکارهێنانی دەرمانی ڤیاگرا، بەباش نازانێت.

هەریەک لەجۆرە حەبەکانی، جنسیاگرا، نۆڤاگرا و کاماگرا، لەجۆرەکانی حەبی ڤیاگران و هەر کارگەیەک بەناوێک دروستی دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێیاندەگوترێت ڤیاگرا. ئەو حەبانە بۆ زیادبوونی چالاکی سێکسی بەکاردێن. بەپێی قسەی دەرمانفرۆشان، رێژەی بەکارهێنانی ئەو جۆرە دەرمانانە، لەهەرێمی کوردستاندا، روو لەزیادبوونەو ژنان بۆ رازیکردنی دڵی مێردەکانیان و پیاوان بۆ سەلماندنی پیاوەتی و حەزی سێکسیان بەکاریدەهێنن. هاوکات پسپۆڕان، بەمەترسی بۆ سەر تەندروستی کەسانی بەساڵاچوو و تووشبوون بەنەخۆشیەکانی دڵ و جەڵتە وەسفی دەکەن.

## چالاکی سێکسی تەبایی ماڵە

مەنیج، ژنێکی تەمەن ٣٠ ساڵەو نیشتەجێی شارۆچکەی قەڵادزێیە. بەگوتەی خۆی سەرەتا لەرۆژهەڵاتی کوردستان، لەرێگەی ژنێکی دراوسێیانەوە، حەبی ڤیاگرای بەکارهێناوە"چونکە تۆزێک لەمێردەکەی بەتەمەنترە، نایەوێت هەست بکات کە چالاکی سێکسی لاوازە". مەنیج، چالاکی سێکسی، بەبەشێکی گرنگ لەپەیوەندیی نێوان ژن ومێرد دەزانێت. "پیاو، ئەگەر زانی تۆ حەزی سێکسیت نییە، پێیخۆشە کوێرایی دایگرێت، بەڵام ئەو ماڵە نەبینێت. بۆیە من بەهۆی بەکارهێنانی حەبی ڤیاگرا، دەمەوێت هەمیشە لەپیاوەکەم بەزەوقتربم و لەپێش ئەویشدا ئۆرگازم بم". ئەو، باسی لەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو دەرمانە کرد و گوتیشی، تائێستا پیاوەکەی نازانێ ڤیاگرا بەکاردەهێنێت.

## "هەیە وەک گوڵەبەڕۆژە دەیخوات بەڵام باسی ناکات"

بەشێک لەقسەو گاڵتەی دانیشتنی پیاوانی لە رانیە، بریتییە لەقسەو باسی چالاکییە سێکسییەکان، کە زۆرجار پیاوان ئەو باسە بەنموونەیەکی بەرزی پیاوەتی دەزانن و بەشانازییەوە باسیدەکەن. عەلی حوسێن، پیاوێکی تەمەن ٦٥ساڵە، باس لەقسەی دانیشتنەکانی پیاوان، دەکات و دەڵێت:"پیاوان بەیەکتر دەڵێن، ئەرێ پێت ماوە یان نە". بۆیە بەڕای مام عەلی،"خۆشە پیاو، مەرگی پێش مەرگی چالاکی سێکسی بکەوێت". ئەو، باسکردن لەبەکارهێنانی ئەو حەبە، بەجورئەت دەزانێت، چونکە هاوکات

زیانەکانی ئەو حەبە دەزانێت، بەڵام لەبەرئەوەی، چالاکی سێکسی کەمبووەتەوە، مانگی پارچەیەک بەکار دەهێنێت. مام عەلی، هۆکاری بەکارهێنانی ئەو دەرمانە بەکەمبوونەوەی چالاکی سێکسی دەگەرێنێتەوەو پێیوایە، زۆربەی پیاوان بەکاریدەهێنن،"هەیە وەک، گوڵە بەڕۆژە دەیخوات، بەڵام وەک من باسیناکەن".

## ڤیاگرا نەبوایە، تەڵاقدرابووم

بەهۆی باکگراوندی عەیبەو زاڵبوونی دابوونەریت لەکۆمەڵگادا، باسکردن لەسێکس، لەناو ژناندا لەچوارچێوەیەکدا سنووردار کراوە. بۆیە، رێژەیەکی بەرچاوی ژنی کۆمەڵگای کوردستان رۆشنبیری سێکسی نییەو ئەوەش بووەتە هۆکاری دروستبوونی گرفتی سێکسی و کۆمەڵایەتی. زۆرجار بەهۆی نەبوونی هوشیاری سێکسی، ژنان لەگەڵ مێردەکانیان رووبەڕووی کێشە بوونەتەوە. لەکاتی دروستبوون یان هەستکردن بەهەر گرفتێکی سێکسی، لەجیاتی گەڕان بەدوای چارەسەردا، بەبێ راوێژ و سەردانی پزیشک، بەنهێنی پەنا بۆ



www.netewe.com



بەکارهێنانی دەرمانی چالاکبوونی سێکسی دەبەن کە لەوانەیە، کێشەی تەندروستی تریان بۆ دروستبکات. شیلان، ژنێکی تەمەن ٣٠ ساڵە. "بەهۆی نەبوونی چالاکی سێکسی، زۆرجار پیاوەکەی هەرەشەی تەڵاقدانی لێکردووە". بۆیە ناچاربووە، رووبکاتە بەکارهێنانی حەبی ڤیاگرا و دەڵێت: "ساڵێک و چوارمانگە، ئەو دەرمانە بەکاردێنم. شەوان بیست خولەک، پێش چوونەسەر جێگای خەوتن، پانزە قەترە لەپەرداخێک ئاودەکەم و دەیخۆمەوە. بەهۆی ئەو دەرمانە زۆر شەو لەپیاوەکەم چالاکترم و بەو دەرمانەش خۆم راگرتووە". پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، د. توانا عەبدولڕەحمان، لە زۆربەی نەخۆشییە سێکسییەکان، وەک کاریگەری کێشەو نالەباری باری دەروونی کەسەکان ناودەبات. بەپێی قسەکانی ئەو پزیشکە، دەرمانانەکانی گروپی ڤیاگرا، لەرووی زانستییەوە کاریگەری لەزیادکردنی حەزی سێکسی و ئۆرگازم، ناکەن. د. توانا، سووڕی سێکسی بەم جۆرە باس دەکات:

### حەزی سێکسی بۆ جووتبوون:

Libido) _halchunisexi)
(arousal)
Orgasm (orgasm)
(kotayi(resolsion

بەبڕوای ئەو، دەرمانی ڤیاگرا، تەنیا لەسەر (arousal) کاردەکات و بۆ ئەو پیاوانە باشە کە کێشەیان لەرەقبوونی ئەندامی زاوزێ هەیە. یا ئەو ژنانەی کە کێشەی تەڕنەبوونیان لەکاتی سێکسکردندا دەبێت. بەڵام لەهەندێک پشکنینی پزیشکیدا نووسراوە، لەهەندێک حاڵەتی کەمی حەزی سێکسیدا، لەوانەیە سوود لە ڤیاگرا، وەربگیرێت، نەک هەموو حاڵەتەکان. "من پێموایە کە ئەو بەڕێزانەی کە لێدوانیان داوە، تەنیا لەرووی دەروونییەوە بۆ زیادبوونی زەوقی سێکسی سوودیان لەڤیاگرا، وەرگرتووە. ئەوەش بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە، کە نەخۆشی سێکسی هۆکاری دەروونی هەیە".

### بەکارهێنانی ڤیاگرا رووی لەزیادبوون کردووە

دەرمانفرۆشەکان، ئاماژە بەزیادبوونی فرۆشی دەرمانی چالاکییە سێکسییەکان دەکەن و بەپێی قسەی ئەوان، رێژەی بەکارهێنەرانی ئەو جۆرە دەرمانانە زیادی کردووەو زۆربەی زۆریشیان، بەبێ راوێژی پزیشک بەکاریدەهێنن. خاوەنی دوکانی گەڕانەوە بۆ سروشت، خالیدەسوور، باس لەزیادبوونی فرۆشی هەموو ئەو جۆرە دەرمانانە دەکات، کە پەیوەندییان بەسێکسەوە هەیە. وەکو، ئەستورکردنی سنگ و ران. خالید، تەمەنی کڕیارانی دەرمانە سێکسییەکان دەخاتەروو، کە تەنیا پیاوانی بەتەمەن نین و گەنجانی تەمەن بیست، تا بیست و پێنج ساڵیش دەیکڕن. لەبارەی جۆری دەرمانەکانەوە، ئەو دوکاندارە گوتی: "دەرمان هەیە لینجەو وەک، مەڵحەم بەکاردەهێنرێت و هەیە حەب و هەشە قەترەیە". لەبارەی ئاگاداری وەزارەتی تەندروستی لە فرۆشتنی ئەو جۆرە دەرمانانە، دەرمانفرۆشێکی تری دەرمانە سێکسییەکان، هێمن کە گەنجێکی تەمەن ٣٨ ساڵە. دەڵێت: "ئێمە لەسەر داواکاری پزیشک و خاوەن دەرمانخانەکان دەیهێنین. بەکۆ ڤیاگرا دەفرۆشین نەوەک بەدانە". هێمن، پیاوان بەزۆرترین بەکارهێنەری دەرمانە سێکسیەکان ناودەبات.

### بەکارهێنانی ڤیاگرا مەترسیدارە

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی رانیە، دکتۆر بەهزاد وسوو، بەکارهێنانی دەرمانە سێکسییەکان بەبێ راوێژی پزیشکی پسپۆڕ، بەمەترسیدار دەزانێت: "بەکارهێنانی هەرجۆرە دەرمانێک بەبێ رێنمایی و چاودێری پزیشک زیانبەخشە. چونکە مەترسی لەسەر دروستبوونی نەخۆشی لاوەکی هەیەو دەکرێت هۆکاری کەمبوونەوەی توانای سێکسی دەروونی لێبکەوێتەوە. لە حاڵەتانەشدا بەکارهێنانی ئەودەرمانانە نەک سوودی نییە، بەڵکو زیان بەکەسی بەکارهێنەر دەگەیەنێت". بەبۆچوونی ئەو پزیشکە، زۆربەی گەنجان، کە بۆ ماوەیەکی کاتی تووشی پەککەوتنی سێکسی دەبن، ئەوانەن کە حەبی ڤیاگراو تەواوی ئەو دەرمانانە دەخۆن کە ئارەزوی سێکسیان زیادەکات". ئەوپزیشکە، باس




لەکاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو دەرمانانە دەکات، کە تووشی حاڵەتی، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، تێکچونی شیرازەی پەیوەندییە سۆزدارییەکان، دەبن و دواجار هەست دەکەن کە ئارەزووی سێکسییان نامێنێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی گەر ئەو کەسە پێویستی پێبێت و لەژێر چاودێری پزیشک بەکاری بهێنێت، دەتوانێ بەکاری بێنێت. دکتۆر بەهزاد، ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکات کە"نەخۆشی دڵ و زەخت و شەکرەیان هەیە، نابێت بەهیچ شێوەیەک ڤیاگرا بەکاربهێنن، چونکە زیانی بۆ ماسوولکەو دەمارەکانی دڵ هەیەو دەمارەکانی دەگوشێت و تووشی جەڵتەی دڵیان دەکات". هاوکات پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان د.توانا، زیانەکانی دەرمانی ڤیاگرا، دەخاتەروو کە زیانی بۆ سووڕی خوێن و دڵ هەیەو پێیوایە، ئەو کەسانەی کە هەستدەکەن، بەهۆی ڤیاگراوە حەزی سێکسیان زیادبووە هەڵەیە، چونکە ئەو دەرمانانە لایەنی دەروونی چاککردوونەتەوە نەک فەسلەجی.

### بریتی حەبی ڤیاگرا

د.توانا، ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکات، کە کێشەی کەمی حەزی سێکسیان هەیە سەردانی دکتۆر بکەن و بەدوای هۆیەکانیدا بگەڕێن. ئەو پسپۆڕە دەروونییە، زۆرجار نەبوونی حەزی سێکسی، لەنێوان ژن ومێرد دا بۆ نەبوونی سۆز و خۆشەویستی نێوانیان، یا نەزانینی چۆنیەتی پراکتیکی سێکس، دەگەڕێنێتەوە. بەتایبەتی پیاوان، کە لەکاتی سێکس کردندا، تەنیا بیر لەتام وخۆشی خۆیان دەکەنەوەو نازانن چۆن حەزی سێکسی، بۆ ژنەکانیان دابینبکەن. جگە لەوەی کە هەندێکجار لەوانەیە کێشەی سێکسی، نیشانەی نەخۆشییەکی دەروونی وەک، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و نەخۆشە دەرونیەکانی تر بێت.

هاوڕێ کاوە – رانیە
شیلان یاسین – هەولێر

www.netewe.com

# کنتاکی(٧)پارچە بە گۆشتی مریشك





ئامادەکردنی:
وەستا بیرهات عیسا
ڕێستوڕانتی دوو بە دوو

## کەرەستەکان

گۆشتی مریشک، کە پێکهاتبێ، لە باڵ، سینگ، ڕانی سەروو، ڕانی خواروو.
٢ هێلکە
١پیاڵە شیر
١کیلۆ ئارد
٥٠گرام خوێ
١٥٠گرام بەهاراتی تایبەت بە کنتاکی
٤پەرداخ ئاو
ڕۆنی زەیتی شانەدەری نیولیتر

## چۆنیەتی ئامادەکردن

سەرەتا ئاوەکە دەخەینە ناوقاپێکی قوڵ. ئینجا ٢هێلکە وخوێ و شیرەکە تێکەڵ بەئاوەکە دەکرێ ودەگیرێتەوە. پاشان بەهاراتەکە لەگۆشتی مریشکەکەدەدرێت وجوان دەشێلدرێت. دواترتێکەڵ بەگیراوەی ئاوەکەدەکرێت. ئینجا دەردەهێندرێت و دەخرێتە ناو ئاردەکەوە و چەندجارێکی تر لەناو ئاردەکە دەشێلدرێتەوە ولەپاشان دەردەهێندرێ لەناو ئاردەکەو دەخرێتە تاوەی ڕۆن و بۆماوەی ١٥خولەک سووردەبێتەوە. دواتر دەردەهێندرێت و دەخرێتە ناو قاپەوە لەگەڵ پەتاتەی سوورەوکراوە ومایونز وساس و زەڵاتە وەسەمونی بەشیر
بەپێی ئارەزو و ئامادە دەبێ بۆخواردن.

www.netewe.com

# ئەستێرەکان




٢١/٣-٢٠/٤

رووبەرووی چەند کێشەیەکی لە ناکاو دەبیتەوە. ناچارت دەکات بڕیاری پەلە بدەیت، لەرووی سۆزدارییەوە بارودۆخەکە لەبار نیە تاکو بچیتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە، پێویستە ئەوە بۆکاتێکی تر دوابخەیت.




٢١/٤-٢٠/٥

تووشی هەندێک گوشار دەبیت کە دەبنە هۆی ئەوەی نەتوانیت، کارە ئاساییەکانت وەک پێویست رایی بکەیت. لە رووی سۆزدارییەوە کاتێکی رۆمانسی لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر دەبەیت.




٢١/٥-٢١/٦

ئەم ماوەیە هەست بە خەمۆکی دەکەیت. لەبەرئەوەی هەموو کاتەکانت لە ووردبینی ئەرکە داراییەکاندا بردۆتە سەر. خۆشەویستەکەت هەست بە دڵنیایی ناکات هەوڵبدە زیاتر لێی نزیک بیتەوە.




٢٢/٦-٢٢/٧

بە هۆی کارە ئاساییەکانەوە گوشار مەخە سەر خۆت. کاتەکانت بۆ ئەو کارانەی کە پێویستیان بە پلانی زۆر هەیە تەرخان بکە. ئەوەندە لە خۆشەویستەکەت تووڕە مەبە، چونکە ئەوە وایلێدەکات لە پەیوەندیەکەتان بێزار بێت.




٢٣/٧-٢٢/٨

بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە کارەکەتدا روویداوە خۆت خەمبار مەکە. بەرامبەر خۆشەویستەکەت دڵپیس مەبە و لە جاران زیاتر خۆشیدەوێت، پێویستە تۆش هەمان هەستت هەبێت بۆی.




٢٣/٨-٢٢/٩

ئەو کاروبارانەی بەڕێوبەرەکەت داوات لێدەکات دوایان مەخە و لە کاتی خۆیدا ئەنجامیان بدە. چونکە دواکەوتنی لەبەرژەوەندی تۆدا نیە، ئەو خۆشەویستەی بۆی دەگەڕێیت زۆر نزیکە لێتەوە بەڵام خۆت هەوڵنادەیت دەرفەتێکی بدەیتێ.




٢٣/٩-٢٣/١٠

باشتروایە ئەم ماوەیە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە دواخراوەکان تەرخان بکەیت. ئەو بابەتانەی کە دەتەوێت لەگەڵ خۆشەویستەکەت باسی بکەیت، باشتر وایە بۆکاتێکی تری دوابخەی.




٢٣/١٠-٢١/١١

ئەوەندە کەللە ڕەق مەبە و هەوڵبدە ڕێزو خۆشەویستی هاوکارەکانت بە دەست بهێنیت. لە رووی سۆزدارییەوە ئەو بۆنە کۆمەڵایەتیانە لە بیر مەکە کە تایبەتن بە خۆشەویستەکەت چونکە ئەمە دەبێتە هۆی خەمبار بوونی.




٢٢/١١-٢١/١٢

هەست بە هیلاکی دەکەیت و ئارەزووی ئەنجامدانی هیچ کارێک ناکەیت. هەوڵبدە خۆت لەو حاڵەتە رزگار بکەیت تا درێژە نەکێشێت. لە رووی سۆزدارییەوە کێشەکان گەورە مەکە و زیاتر لەوەی کە هەتە ببەخشە بە خۆشەویستەکەت چونکە ئەو شایانی زیاترە.




٢٢/١٢-١٩/١

گوێ بەو قسانە مەدە کە لەلایەن هاوپیشەکانتەوە دەیبیستیت. هەوڵبدە دڵنیا بیتەوە لە پڕوپاگەندەکان ئینجا بڕیاریان لەسەر بدەیت. خۆشەویستەکەت بە دیارییەک سەرسام بکە..




٢٠/١-١٨/٢

چاوپێکەوتنێک ئەنجامدەدەیت بۆ کارێکی نوێ. پێش ئەوەی بڕیار بدەیت زۆر باش بیربکەرەوە، لە رووی سۆزدارییەوە ئەوەندە توند مەبە لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەوڵبدە نەرم نیان بیت لەگەڵی.




نەهەنگ ١٩/٢-٢٠/٣

هەوڵبدە بە هێزتر بیت چونکە لەو قەیرانە داراییە رزگارت دەبێت کە تووشت بووە. پەیوەندیەکانت بەهێزتر بکە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەوەی زیاتر ببینیت.



www.netewe.com

# ڕێساکانی ئەتەکێت



کنێر عەبدوڵلا

-ڕێورەسمی نان خواردن:
ئەگەر لەلایەن هاوڕێیەکت یان لەچێشتخانەیەکی ڕازاوەدا بۆ خوانی نیوەڕۆ یان ئێوارە، بانگهێشت کرایت دەبێت ئەو ڕێسایانە چی بن کە پێویستە لەسەر مێزی نانخواردن پەیڕەوی بکەیت.
بۆ ئەوەی تووشی ماندووبوون و بەگیرهێنان نەبیتەوە، ئەمانە هەندێ ڕێنماین کە دەتوانیت لەماڵەوە ڕاهێنانیان لەسەر بکەیت.

-دیارییەکان:
ئەو کاتەی بەمەبەستی نانخواردنی نیوەڕۆ یان ئێوارە، بۆ ماڵی کەسێک یان چێشتخانەیەکی ڕازاوە دەچیت، دەکرێت دیارییەک بکڕیت و مەرج نییە نرخەکەی زۆر بێت. بەڵکو تەنیا وەک ئاماژەیەکە بۆ گوزارشتکردن لەڕێز، بۆیە دەکرێت ئەو دیارییە وەک ئامرازێک بۆ سوپاس و پێزانین بێت و هەروەها ساکار بێت.
-جلووبەرگ:
ئەو کاتەی بانگهێشتەکەت پێدەگات، پێویستە پرسیار لەوە بکەیت کە ئایا بانگهێشتی ئێوارە خوانەکە ڕەسمییە یان نارەسمی، بۆ ئەوەی بزانیت جۆری ئەو جلووبەرگەی لەبەری دەکەیت چییە، بەڵام ئەگەر ئاهەنگی گۆشتبرژاندن بوو پرسیار کردن گرنگ نییە. بە واتایەکی دی پێویستە جۆر و مەبەست و کاتی بۆنەکە بزانیت.
-دەستەسڕی خوانەکە:
-لەگەڵ دانیشتنتدا پێویستە لەسەر هەردوو قاچت دایبنێیت بۆ ئەوەی لە تەڵەزمی خواردنەکە بتپارێزێ.
-چۆنێتی دانیشتن:
-پێویستە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بحەسێیتەوەو چێژ لەکاتەکە وەربگریت، لەکاتی دانیشتندا جووڵە بە کورسییەکەت مەکە. لەکاتی نانخواردندا پێویستە د ە ستە سڕ ە کە لە تە نیشتە و ە دابنێیت.
-دەستکردن بەنانخواردن:
-پێویستە چاوەڕوان بیت، تا ئەوکاتەی خاوەنماڵ دەست بەنانخواردن دەکات واتە تەنیا لەو کاتەی چەقۆ و چنگاڵەکەی هەڵدەگریت دەتوانیت دەست پێ بکەیت.
-ژاوەژاو:
-پێویستە تەلەفۆنەکەت دابخەیت تا ئەوکاتەی لەنانخواردن تەواو دەبیت. لەو کاتەی خواردن لەدەمتدایە قسە مەکە، پێویستە لە کاتی شۆربا خواردندا دەنگت لێدەرنەچێت و بەمەبەستی ساردکردنەوەی خواردنەکە فوو لەگەرمی خواردنەکە نەکەیت.
گەر بتەوێت دەتوانیت ڕێخواستن وەربگریت بە دوور لەمێزی نانخواردنەکە.
-بە جێهێشتن:
-پاش تەواوکردنی خواردنەکە پێویستە هەندێک چاوەڕوان بیت. ڕاستەوخۆ بەجێی مەهێڵەو دەتوانیت بەقسەکردنەوە خۆت سەرقاڵ بکەیت.
-سوپاس:
-پێویستە ڕۆژی دوای ئەوە لەڕێی تەلەفونەوە سەبارەت دەعوەتکردنەکەت، سوپاس ئاراستەی لایەنی بەرامبەر بکەیت.

www.netewe.com

# توودڕک:



ناوی کوردی: توودڕک، دەڕدووک.
ناوی زانستی: Rubus Fruticosus
خیزانی زانستی: Rosacese



## تایبەتمەندی فیزیکی

بۆن: نییە
تام: مزر
پلەی گەرمی بەرگەگر: ((-١ بۆ +٣٩)) س°
بەرزی رووەکەکە: ((٧٠ – ١٧٠)) سم

## ناوبانگی کوردی:

دەڕدووک رووەکێکی دڕکاوی و بەرزە، بۆیە بەو ناوە ناونراوە. هەر لەکۆنەوە باخەوانەکان لەدەوری باخچەکانیاندا، دەڕدووکیان چاندووە تاببێتە شوورەو پەرژینێکی باش بۆ باخەکانیان. دەڕدووک لەوەرزی هاویندا بەرێک دەگرێ لەشێوەی ( توو ) کە رەنگی رەشەو تامێکی زۆر مزرو خۆشی هەیەو وەک میوە دەخورێت، هەر بۆیە ئەم رووەکە جاروبار بە ( تووڕدک ) ناو دەبرێ. لەکوردەواریدا ( توو دڕک ) هەندێجار مرەبای زۆرخۆشی لێ ساز دەکرێ.

## شوێنی رووان:

دەم جۆگەو نزیک شوورەی باخچەکان





## وەرزی رووان:

بەهار: مانگی ((٣ - ٦))

## شێوەی بەرگرتنی:

لەوەرزی هاویندا

## ناوبانگی پزیشکی گیایی:

Rubus Fruticosus لەپزیشکی گیایی نێودەوڵەتیدا بۆ پاککردنەوەی ناو دەم و چارەسەری هەوکردنی دەم Stomatitis بەکاردێت. لەگرنگترین بەشە بەکارهاتووەکانی: گەڵاکەی کە ماددەی: Tenic Acid، Oxalic acid، Phlaphonite ی تێدایە. بەرەکەی کە ماددەی: Lanphonite، Bacten، Vitamin C ی تێدایە لەچارەسەری Diarrhea بەلەفیرە و مایەسیری Hemorrhoid دا، بەکاردێت. جێی ئاماژەیە، Rubus Fruticosus لەپزیشکە گیایی ئەورووپیدا هەر لەکۆنەوە بەرەکەیان بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنی گەروو Pharengitis گەڵایەکەیان بۆ خاوێنکردنەوەی برین بەکارهێناوە. جۆرێکی تری کە رەنگی شینەو بە Blue Beery ناوی دەبەن لەبواری جادوو Magic دا بەکاریان هێناوە.



سیراجەددین مەحمود

سەرچاوە:
1- Kurdish heritage – SMD; 2006.
2- www.academiainternational.com



# میتۆلۆژی لە روانگەی ژنەوە

روکەن خاتوون

گەلەک لێکۆڵینەوەوی ئاکادمیک لەسەر میتۆلۆژی و میتا ئەنجامدراوە. میتۆلۆژی چییە؟ میتا چییە؟ میتۆلۆژی ژنانە چییە؟ بۆچی پێویستە ئێمە لەمیتۆلۆژی ژنانە تێبگەین؟ لەم نووسینەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەمەوە. میت، لەقامووسدا وەک ئەو چیرۆک و قسانە پێناسە کراوە کە باسی ئایینی و قارەمانی دەکات. ئەو چیرۆکانەی کە بەپێی دابوونەریتی هەر گەلێک بەشێوەیەکی زارەکی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگێردرێتەوە. هاوکات ئەو قسانە زۆر دەگۆردرێن. میتۆلۆژی، لەبارەی زانیارییەکانی نێو ئەو چیرۆکانە لێکۆڵینەوە دەکات. چیرۆکی هەبوونی کورد بۆ چیرۆکی میتی کاوەی ئاسنگەر دەگەڕێتەوە. هی گەلی یۆنانیش بۆ ئیلیاد و ئۆدیسە، و هی ئاشوورییەکانیش بۆ عەشتار و گلگامێش دەگەڕێتەوە. هی میسریش بۆ ئیسیس و ئۆسیریس.

### میتۆلۆژی ژنانە

بەر لەساڵی١٩٦٠، زۆر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامدراوە. لەشەستەکاندا ژن، لەبواری فیمینیزم خۆی گەیاندە ئاستێکی بەرز. ژنان، ئەو زانیارییانەیان لەسەر بنەمایەکی ئاکادیمیک پێشخست. لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەو بابەتە، راستییەکان ئاشکرا دەکات. بەر لەسیستەمی باوکسالاری، سیستمێکی دایکسالاری هەبووە. سیستەمی دایکسالاری لەنێوان ساڵانی(٧٠٠٠- ٢٥٠٠)ی بەر لەزایینا هەبووە. لەوکاتانەدا چیرۆکی بەهێز و خوداڤانی بەهێز ژیانیان کردووە. لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ژیان و هۆشیاری لەئالیهەی ژنەوە دەستی پێ کردووە. کۆمەڵگا لەلایەن خوداڤانانی ژنەوە بەڕێوەدەچوو. ئالیهە ژنەکان هەموو شتێکیان لەرێگەی سیستمی خۆیانەوە بەڕێوەدەبرد. بۆ یەکەمجار ئەوان گەنم و جۆیان دۆزییەوە. ئەوان حەیوانە وەحشییەکانیان خۆماڵی کرد. لەو سەردەمەدا ژنیان بەسروشت چوواندووە. ناویان لێناوە،"دایکی سروشت". سیستمی "دایکی سروشتی"، بەدایک ناودێر دەکرێت". لەگەلەک چیرۆکدا ژن و سروشت بەیەک بەراورد کراون.

"سیستەمی دایکی سروشتی"، لەگەڵ سروشت لەهاوسەنگییەکدا دەژیت. سروشت لەو سیستەمەدا پیرۆزە. بۆیە ناوی ژنیان لەسەر زەوی ناوە. بەشێوەیەکی نەرم، توخم دەخەنە ناو خاک و ناوی"دایکە خاک"ی لێدەنێن. ژنانی ئالیهە، وەک فریشتەی ئاسمان پێناسە دەکرێن. جاری یەکەم کاتێک مرۆڤ سەیری ئاسمانی کردووە، تەمووزی ئاسمانی شاراوەیان وەک هێمای خۆشەویستی بینیوە.

### ژن و زانایی هاوواتا بوون

لەمیتۆلۆژی ژنانەدا پێگەی ژن، لەسەردەمی دایکسالاریدا، لەگەڵ زانایی و هۆشیاربووندا هاوواتایەو شوێندەستیان بەدیدەکرێت. ژنان سیستمی کۆمەڵگایان دروستکردووەو رێبەرایەتییان کردووە. رێبەرایەتی ژن، سەرەتاوە لەسیستەمی دامەزراندن و رێکخستنی کۆمەڵگاوە دەستی پێ کردووە. لێرەدایە کە ژن، مۆری خۆی لە ئافراندن داوە. ژن، بۆ هەموو بوارەکانی ژیان چارەسەری هەبووە. مێژووی سەرجەم گەلان بەو شێوەیە دەستی پێکردووە. لەمێژووی هەموو گەلاندا "دایکی خوداڤان" ناوی جۆراوجۆری لێ نراوە. لە مێزۆپۆتامیا، ئەنەدۆڵ، ئاشوور، دایکانی خوداڤان، هەر یەک بەشێوازێک خۆیان نیشانداوەو رۆڵی جیاوازیان گێراوە. لەمیسر خۆداڤانی رۆژ، پێشتر ناوی نور بوو. هەروەها لەمیسر گەلەک خوداڤان ناوی جۆربەجۆریان هەبووە. لەهێندستان خوداڤانی ساراسیاتی، سەرەتا پیتگەلی (ئەی.بی.سی) دروستکردووە. بۆیە پیرۆزەو ستایش دەکرێت. لەکەلتی ئیرلەندا خوداڤان بیرگیت زمانی دامەزراندووە. لەوێش ئالیهەبوون و زانابوون لەگەڵ ژن هاوواتا بووە. لەسومەر، خوداڤان نەدا، هونەری کتێب نووسینی لەسەر خاک و بەرد دەست پێ کردووە. لەمیزۆپۆتامیا خوداڤانی نینیل، رێگەی چاندن و کۆکردنەوەی بەرهەمەکان نیشان داوە. لەقەفقازیای باکووردا لەناو گرووپەکانی نارت دا خوداڤانی سەلەنەی، کێڵانی دۆزیوەتەوەو چۆنیەتی چاندنی گەنمی کەشف کردووە. لەئەنەدۆڵ دەمەتەر، لەمیسر ئیسیس، بوونەتە خاوەن بڵاوکردنەوەی رێز، هۆشیاری، ئامۆژگاری و یاساکانی ژیان و سیستەمیان بنیاتناوە. لەمێزۆپۆتامیادا عەشتار بەڕێوەبەرێکی ژن بوو. عەشتار، دەستپێک هەستی کردووەو زانیوەیەتی و بینیویەتی. هەموو کەس لەو بڕوایەدابوون کە ئەو سزا دەدات و دادوەری و یەکسانی پێکدێنێت.

### لەدایکبوون و خوداڤانی

لەسەرەتادا ژن یان دایک، خێزان دادەمەزرێنێت و وەچە دەخاتەوە. ئەو سەردەمە بە"چاخی ناوەندی بەردین" ناسراوە کە ٨٠٠٠ تا١٥٠٠٠ ساڵ بەر لەزایینی عیسای مەسیح، لەخۆ دەگرێت. لەو سەردەمەدا خوداڤانانی کۆمەڵگا سەربەخۆ و دەسەڵاتداربوون. لەکۆتایی ئەو سەردەمەدا هێدی هێدی جێگر بۆ خوداڤانانی ژن دروست بوو. جێگرەکەیان کوڕ یان براکانیان بوون. کوڕ و براکانی خوداڤانان گوێیان لەئامۆژگارییەکانی ئەوان نەگرت و گوتیان، "بەقسەی ژن بەڕێوەناچین" و لەدژی ئامۆژگاری و رێوشوێنەکانی ژن وەستانەوە. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا هێدی هێدی ژن بەڕێوەبەری، ئەرک و رێزەکەی خۆی لەدەست دا.

### قەڵای ئامازۆن: دوایین وێستگەی بەرخۆدانی ژن

ئەو ژنانە وەک قارەمانی ناو چیرۆکەکان بوون. شەڕکەر و جەنگاوەر. وڵاتێک لەباکووری رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵی کۆن نزیک سنوورەکانی زەریای رەش هەبوو. هیچ پیاوێک لەناو ئەو ژنانەدا نەبوو. دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دامەزراندبوو. لەشاری تەهمیشکیرا، لەژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرێکی پرەنسیس دا دەژیان. هەراکلەس و تەسۆس لەگەڵ ئامازۆندا شەڕیان کردووە، لەو شەڕەدا پرەنسیسەکەیان"پەنتەسیلیا" لەلایەن ئاکهیلەسەوە دەکوژرێت و لەکۆتاییدا دوایین قەڵای بەرخۆدانی ژنان دەکەوێتە دەست سیستەمی دەسەڵاتی پیاوان. هەرێمی مێزۆپۆتامیاش ئالیهەی هەبووە. چونکە ئەو خاکە لەمێژوودا بەناوی "هیلالی زێرین" ناسراوە. لەدەشت و پێدەشتەکانی زاگرۆسدا خوداڤانانی ژن ژیانیان کردووەو دەوڵەتی خۆیانیان هەبووە.

ئەگەر ئێمە وەک گەلی کورد و ژنی کورد ئەو میراتە بەهێز و پڕ ئەزموونە بەبنەما بگرین، دەتوانین لەگەڵ دەرفەت و پێوەرەکانی"ژنانی جیهانی"دا خۆمان بگونجێنین و هەروەها ئەو میراتە دەوڵەمەندە پێشکەش بەجیهانیان و گەلی خۆمان بکەین.

### نامەی خوداڤانێکی ژن بۆ ژنانی مێزۆپۆتامیا

لاپەڕەکانی مێژووی من لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە شاردراونەتەوە و سەریان بەبتۆن(سەبە) داپۆشراوە. لەسەر بنەمای ئەو هیواگەلە قسە دەکەم کە لەرۆڵەکانی

www.netewe.com



خۆم و نەوەکانمەوە وەرمگرتووە. ئەو لاپەڕانەی مێژووتان بۆ هەڵدەدەمەوە. من لەمێزۆپۆتامیای ژووریـنـم. من خوداڤانی گـەورە"گـوڵ خاتوونم". لەئەمڕۆدا پێیدەگوترێت باکووری کوردستان. من لەو خاکانەدا بەدەیانهەزار ساڵ سیستەمی ژنم دامەزراندووە. لەبەرەبەیانی مێژووی باوکسالارییەوە دەستگیر کراوم. ئەو شتانەی کە ئێمە ئافراندمان، رەنجمان، شارستانییەتەکەمان دزراو شارستانییەتی ئێستای پێ دروستکرا. لەدەستپێکدا لاسایی ئێمەیان کردەوە، دواتر نکۆڵییان لەشارستانیەتەکەمان کرد و لەبەرامبەر بەهاکانمان شەڕیان کرد. بەساڵانە شەڕ لەدژی سیستەمەکەمان درێـژەی هەیە. پیلانگێڕی تاج و تەختیان پێشخست و هێرش کرایە سەر نرخە مەعنەوییەکانمان. بەهێرش و شێوازە توندووتیژەکانی شارستانیەتی دەسەڵاتی بـردەوە. شارستانیەتی بتۆن (سەبە)یان لەسەرم دانا، بۆ ئەوەی جارێکی دی من شێن نەبم. شوێنی ناوەندیی شارستانییەتەکەم چیای (چۆلتا)یە کە دەکەوێتە ناوەندی "دارەهین". لەکاتی راپەڕینی شێخ سەعید، دا دارەهین پایەتەخت بوو. شوێنی ناوەندی تەختی من ئەو شوێنە بوو. ئایا ئەوە لەخۆیەوە وایلێهات یان ئەویش چارەنووسە. چیای چۆلتا لـەو هەرێمەدا چیای هـەرە بـەرز و عاسێیە. نزیکترین چیای ئاسمانە. تەختەکەم لـەوێ بـوو. نـاوی تەختەکەم" تەختی خاتوونۆ" بوو. هونەری بەڕێوەبردنم ژنانە بوو. هێزی خۆمان و هونەرەکەمانمان لەسیستەمەکەمانەوە وەرگرت. جارجار خۆم دەگەیەنمە دۆڵی چۆلتا. بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەم. ئەو گوندانەی ئێمە لەدۆڵی چۆلتادا بنیاتمان ناوە ریز بەریزن. حەساری دۆڵەکە نەوەکانی من دروستیان کردووەو ناوی" تاوساریز"یان لێناوە. وەک ئێوە لێیتێگەیشتوون، ئەوە ناوی" دۆڵی مەلەکە تاووس"ە. ئەو ناوانە گەلەک لەلای ژنانەوە هاتوون. تەختەکەم لە کێلەسیای چیای چۆلتایە. ئەو ناوە لەشێوەزاری زازاکی ناسک، واتە شێوەزاری ئێمەوە هاتووە. بەمانای قەڵای رەش دێت. بەرانبەری تەختی مـن" مێرگی ئـاگـۆ" هـەیـە. لەبەرامبەر تەختەکەمدا ناوەندی پیاوانیان دامەزراندووە. ئەو رەوشە لەخۆیەوە دروست نەبووە. زانراوە، گەلەک تێکۆشان بۆ ئەو شوێنە دراوە. لەمێژوودا دیار دەبێت ئەو کاتە مامناوەندی مێژووە. میتۆلۆژی سەردەمی مامناوەندی بۆ دەستنیشان دەکات. بەو هۆیانەوەو بەپێی میتۆلۆژییەکانی زازا، ئەز خوداڤانێکم کە لەسەردەمی ناوەڕاستدا ژیاوم. ژیانی من و قسەکانم دیار بکەن، جیاوازییەکانم چییە. من زۆر جیاوازم لەسیستەمی باوکسالاری. دایکی چیاکان دەشت و کوێستانەکان و گوندەکانم. دەڕوێم و دەڕوێنم، دەچێنم و بەرهەمم دەبێت. هەرزانی پێشدەخەم و بەرەکەت دەبارێنم. من هەمارەکانی گەنم پڕدەکەم و یەکسان دابەشی دەکەم. من دایکی دایکانم. باوەشم بۆ هەموو ئەو گیایانەی کە بەشێوەیەکی سروشتی دەژین کراوەتەوە. لەباوەش دەگرم، دەپارێزم و ژیان رێکدەخەم. بەرهەم بەهێز دەکەم. جاری یەکەم من کێڵانی خاکم دۆزیوەتەوە. من هەواو ئاوم تێکەڵی خـاک کــردووە. من ئـەو سێ روالـەتـە گـەورەیـەم هێناوەتە پاڵ یەک. لە لەدایکبوونی مرۆڤ، کاوڕ، بزن، مانگا، پشیلە، جووجەڵەو مریشکدا هاریکار بوومە. گەنم، زەرات، میوە، گیا و گوڵم لەخوداڤانی هەنگڤینەوە وەرگرتووەو پێمدوان. من ئەو خواردنانەم دۆزیوەتەوەو پاراستوومە. دەتوانم بۆ هەموو شتێک ببمە چارەسەر. شـارەزای ژمـارە یەکم. یەکەمین پزیشکی سروشتیم. کۆمەڵگەبوونم ئافراندووە. مێ، دەستپێکی هەموو شتێکی دامەزراندووە. هێزی خۆمم لەزانابوونی خۆمەوە وەرگرتووە. چاک دەکەمەوەو نوێدەکەمەوەو دەگۆڕم. وەک ئاو هەمیشە دەجووڵێم و روون دەبـمـەوە، مـن بەشێوەیەکی سروشتی نوێ دەبمەوە. قیبلەی ئەنەدۆڵم. بۆ ئیمپراتۆری ئاشوورییەکان وەک کۆتری بێ باڵ،"سەمیرامیس"م. لەمیسر،"ماتە" و"نۆتە"م. لەسەرانسەری مێزۆپۆتامیادا عەشتارم. لەئایینی زەردەشتیدا ئاناهیتام. لەناو مەسیحییەکاندا مریەمی باکیرەم. لەئیسلامیشدا من فاتیمەم. لە وڵاتی یۆنانیشدا ئافرۆدیتم. من لەچرکەساتی ئازادی گەلاندا ناوی جۆربەجۆرم لێ نراوە. وەک رۆژ ئاشکرایە من ژیاوم. نکۆڵیکردن لەمن بەدوور لەراستییە. ئێستا بەمێزۆپۆتامیای باشوور ژێرین دەڵێن باشووری کوردستان. لەو خاکەدا چەندین ئالیهەی بەهێز ژیاون. مێژوونووسان بەو خاکە دەڵێن" هیلالی زێڕین". ژنانی فیمینیستی جیهان بەدوای ریچکەی ئەو شارستانییەتەدا دەچن و بۆ ئەوان وەک دروشمێکە. سیستەمی ژنیان بەجوانی دۆزیوەتەوەو دەزانن ژیان لەبەرهەم، ئاشتیخوازی و گەوهەری ژندا هەیە. لەبەرامبەر سیستەمی باوکسالاریدا سیستەمی خوداڤانێن ژن وەک بریتێک لەباوەش گیراوە. لەسەر "هیلالی زێڕین" کتێبێکی لەرادەبەدەر نووسراوە. ئینسایکلۆپێدیایان لەسەر ئەو بابەتە دامەزراندووە. ئەو بابەتەیان وەک تێزی بڕوانامەکانیان بەکارهێناوە. پێگەی باشیان بەدەستەوەیە. ئایا ئێوە نەوە ئەسڵییەکانی منن؟ ئەی بۆچی ئێوە میراتی ناناسن؟ بۆچی ئێوە لەمیراتەکەی من سوودتان وەرنەگرتووە. من هیوادارم لەم نزیکانەدا رووناکیم لەدڵتاندا، لەمێشکتاندا، لەقەڵەمەکانتانداو لەژیانتاندا ببێتە دروشمێک و رەنگ بداتەوە.

# ئەستێرەی وارڤین

### چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

کارکردنم وەک بێژەری تیڤی، یەکێک بوو لەخولیاکانم و ئێستا مومارەسەی ئەو خولیایەم دەکەم. دەرکەوتنم لە کەناڵی (KNN)جێگەی شانازییە بۆ خۆم و خێزانەکەشم.

### کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

لەتیڤی کەی ئێن ئێن، بێژەری هەواڵە سیاسیەکانیشم، ڕۆژانە جگە لەکاری بێژەری سەرگەرمی ئامادەکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتم.

## پڕۆفایل

ناو: شۆخان کەریم

ڕەگەزنامە: سلێمانی – کوردستان

باری خێزانی: سەڵت

ئاستی خوێندەواری: بڕوانامەی سێهەمی ناوەندیم هەیەو ئەمساڵیش بەشداری تاقیکردنەوەی شەشەمی وێژەیی دەکەم.

شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی




### خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:

١. وەرەهاورێمبە – شێرکۆ تالب
٢. دەدەرکەوە – شێرکۆ تالب
٣. هەواری عەشقم – شێرکۆ تالب
٤. تۆگوڵێکت دایەدەستم – شێرکۆ تالب
٥. ئەلو ئەلو– بورهان مەجید
٦. شیرینەکەم – بورهان مەجید
٧. هەنگە زەردە لەگەڵ بەهارە بولبولی – نەجمەددین غولامی.
٨. لەپەنجەرەی ژورەکەمبە – عەدنان کەریم
٩. بمبەخشە– دیاری قەرەداغی
١٠. دڵم نوقمی ئێوارەیە – دیاری قەرەداغی

### نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

من کەسایەتییەکی زۆر کۆمەڵایەتیم هەیە، لەبەر ئەوە لەهەموو هاورێکانم و خێزانکەشمەوە زۆر نزیکم، دایکم خۆشەویسترین کەسی منە.

www.netewe.com

# کەمئەندام یان داهێنەر
# نیگارکێشان بە دەم و بە پەنجەی پێ

ئەڵمانیا

سیروان رەحیم

**کاری داهێنەرانە و پڕ لە کۆڵنەدان:**

له وەشانخانەیەکی شاری شتوتگارتی ئەڵمانیا، پرۆژەیەکی سەرنجراکێش هەمووان دەخاتە بیرکردنەوەو رامانی قوڵەوە. رامان سەبارەت بەتوانای مرۆڤ، سەبارەت بەکۆڵنەدان و خۆبەدەستەوەنەدانی مرۆڤ.

وێنەکردن و نیگارکێشان بەدەم و بەپەنجەکانی پێ. پرۆژەیەکە بۆ ئەو کەسانەی لەمنداڵییەوە ئیفلیجن، یان دەستیان کار ناکات، یاخود لەئەنجامی کارەساتێک دەستەکانیان بزر کردووە.

ئەگەر لەنزیکەوە لەبەرهەم و تابلۆی ئەو کەمئەندامانە رامێنیت بۆت دەردەکەوێ توانای مرۆڤ چەند بێ سنوورە، هەروەها حاڵیت دەبیت کۆڵنەدانی مرۆڤ چەند شتێکی پیرۆزە. مرۆڤ کە پەیگیرانە کار دەکات و دەستبەرداری ژیان و داهێنان نابێت. ئەو کەمئەندامانەی بوون بەنیگارکێشی داهێنەر نزیکەی ٧٠٠ کەس دەبن، هاووڵاتی ٨٠ وڵاتی جیاوازن و سەرقاڵی بەرهەمهێنان و نەخشاندنی تابلۆن بەچی، بەدەم و بەپەنجەکانی پێ، رۆژانە لەروانگەی کار و بەرهەمی خۆیانەوە پەرجوو پیشانی خەڵک دەدەن. پەرجوویەک پڕە لەکۆڵنەدان و تژیە لەمکوڕ بوون لەسەر ژیان و خۆشەویستی بۆ جوانکردنی ژیان. بەرهەمی ئەوان، کارگەلێکن لەخۆیاندا ئەوە دەسەلمێنن لەدەستدانی ئەندامێکی لەش نابێت بەهۆی پەککەوتن و کۆڵدان. ئەم مرۆڤانە لەسۆنگەی کۆڵنەدانەوە بەکەمئەندام ناودێر ناکرێن، بەڵکو بەهونەرمەندی دەسترەنگین دەناسرێن. ئەوەی کار و بەرهەمە وادەکات بینەر ئەو کەمئەندامانە بەمرۆڤی تەواوی بێ کێماسی ببینێت. ئەوان کار دەکەن و بەرهەمیان هەیە، بۆیە هەرگیز نابن بەمایەی بەزەیی پێداهاتنەوە. بەپێچەوانەوە رووبەرێک بۆ بەزەییپێداهاتنەوە نامێنێت و سەرسامی بەرانبەر بەکارەکانیان وادەکات هەمووان رێزیان لێبگرن و دەستخۆشیان لێبکەن. ئەوان بەهونەرەکیان بینەران سەرسام دەکەن و دەبن بەهۆی ئەوەی چێژیان پێببەخشن و قووڵ بەرانبەر بەکارەکانیان رامێنن.

کار و تابلۆ ناوازەو سەرسامکەرەکانی هونەرمەندانی وەک (لارس هۆیلەرەر، گوینتەر هۆڵتزئاپفەل، تۆماس کالاو، ئانتیە کراتز و راینهار میلتزەر) کە هەر هەموو تابلۆ جوان و نایابەکانیان بەپەنجەی پێ یان بەدەم کێشاوە، بوون بەبەرهەمگەلی نەمری دیرۆکی هونەر و کۆڵنەدان. بەرهەمی کۆششی بەردەوامیی مرۆڤ و سووربوون لەپای بەردەوامیی و جوانکردنی ژیاندا.

ئەو هونەرمەندانە یان پەرەمووچ بەدەمەوە دەگرن و دەست بەنیگارکێشان دەکەن یاخود پەرەمووچ دەخەنە نێوان پەنجەکانی پێوەو نیگار دەکێشن. نیگارکێشانێک کە چەندین سەعات بەردەوام دەبێت.

ئەو تابلۆگەلەی لێرەدا خوێنەر دەیانبینێت هەموو بەرهەمی کۆڵنەدانێکن ئەوە دەسەلمێنن مرۆڤ پاش ئەوەی ئەندامێکی جەستەیشی بزر دەکات دەتوانێ بەردەوام بێت و نەبێت بە کەرەستەی بەسەرچوو، یان بە مایەی سۆز و بەزەیی.

ئەمە ئەورووپایە، ئەورووپایەک زەمینەی لەبارە بۆ ئەوەی مرۆڤ تاهەناسە بدات هەر بەپیرۆزی بمێنێتەوەو هەمیشە رێزلێگیراو بێت. ئەمەیە ئەوروپا، ئەورووپای رەوشت و بنەماگەلی مرۆڤانەی سەرسامکەر. ئەوروپا، ئەو سەرزەمینەی دەکرێ بۆ زۆر شتی بەکەڵک بکرێت بەنموونەو سوودی لێوەربگرین.

پەیوەندی ئەم پرۆژەیە بە کوردستانەوە:

بێگومان نەبینین و بێئەزموونی شوورەیی نییە، ئێمە نەگەراوین، دنیای ئێمە تائەمرۆ دنیایەکی داخراوە، گەران نەبووە بەکەلتوور و تائێستا ژیان و هەڵسووکەوتی ئەوانی ترمان نەبینیوە. بۆیە پێویستە ژیانی جیاواز و جۆری هەڵسووکەوتی تر بەسەر بکەینەوەو لێیان وردبینەوەو ئەگەر بە کەڵکمان هاتن سوودیان لێوەربگرین.

دیارە ئێمە لەکوردستان لەئەنجامی جەنگە یەک لە دوا یەکەکانەوە کۆمەڵێ کەمئەندامان هەیە. دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو کەمئەندامانە شوێنی شیاوی خۆیان لەکۆمەڵدا هەبێت بیر لەپرۆژەی جۆراوجۆری وەها بکەینەوە. وڵاتی ئێمە ئەمرۆ زۆر پێویستی بەم پرۆژانە هەیە، پرۆژەگەلێک ببن بەمایەی کار و ببن بەهۆکاری ئەوەی مرۆڤەکانمان لە نێو لەبیرچوونەوەو فەرامۆشیدا بزر نەبن. بەجۆرێک ئەو پرۆژانە ببن بەنموونەی کار و بەرهەمهێنان نەک هەر بۆ کەمئەندامان، بەڵکو بۆ سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ. بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە ژمارەیەکی زۆر لەمرۆڤەکان، دیارە لەش ساغەکانیش نەک هەر کار ناکەن، بەڵکو نازانن کاتەکەیان بەچییەوە بەسەر بەرن. بۆیە رێکخستن و بەکارخستنی ئەم پرۆژانە زۆر پێویستن و وادەکەن وڵات نەبێتە بەخانەی بێکاران، بەتایبەتیش بۆ کەمئەندامانی. دیارە ئەم پرۆژانە هەمووان دەتوانن تێیدا سوودمەند بن و هەمووان هەست بەوە بکەن کۆڵنەدان و سووربوونی مرۆڤ بۆ بەردەوامی و جوانکردنی ژیان بێ سنوورە.

لە رێگەی ئەم کار و پرۆژانەوە گەلێ شت فێردەبین. لەروانگەی ئەم کارانەوە فێردەبین نرخ بدەین بەشتەکان.

www.netewe.com



تۆماس کالاو





گوینتەر هۆڵتزئاپفەل





گوینتەر هۆڵتزئاپفەل





کراتز





لارس هۆیلەرەر



## هونەرمەندی ئۆپەرابێژی کورد"مزگین تاهیر" بۆ وارڤین:

# خوێندن و کار ژن ئازاد دەکات

ئامەد

هونەرمەندی ئۆپەرابێژ مزگین تاهیر، رایگەیاند کە هونەرمەندانی کورد دەتوانن ئۆپەرا بڵێن، بەڵام هەموو ئۆپەرابێژەکان ناتوانن گۆرانی بڵێن. ژنە هونەرمەندی کورد مزگین تاهیر، لە وتووێژێکدا لەگەڵ وارڤین، دەستنیشانی کرد، کەناڵی تەلەفزیۆنی تەرەتەی تورکی خۆشویستنی ئۆپەرای لا دروست کردووەو گوتی:"کاتێک منداڵ بووم، لەسوریا سەتەلایت نەبوو، تەنیا کەناڵە تورکییەکان هەبوون. هەفتەی جارێک تەلەفزیۆنی تەرەتە ئۆپەرای نیشان دەدا، من زۆر حەزم لێ دەکرد. پاشان بریارمدا کە ببمە ئۆپەرابێژ".

وارڤین: کەی دەستت بەموزیک کرد؟

مزگین: لە بنەماڵەیەکی هونەرییدا لەدایکبووم. باوکم گۆرانیبێژ بوو.

براو خوشکەکانیشم گۆرانییان دەگوت. باوکم بە نەجمە عومەری بەناوبانگ بوو. هەمیشە لەکۆبوونەوەکاندا کلامی دەگوت. زەماوەندی گەرم دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەچووە داوەتـان کەلامی گۆرانیبێژیشی دەگوت، بەڵام من دەمویست موزیکێکی پێشکەوتوو و جیاوازتر لەهی ئـەوان دروست بکەم، موزیکێکی ئاکادیمیک. بەگۆرانیبێژی بۆم نەدەچووە سەر، هەمیشە کێشەم لەگەڵدا هەبوو دوای ئەوەی دواناوەندیم تەواو کرد، ویستم بچمە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بـەڵام کۆمەڵگا رێگر بوو لـەوەی کە بچم موزیک بخوێنم.

وارڤین: لەبەر ئەوەی ژن بووی هاریکاریت نەدەکرا؟

مزگین: یەکەم، لەبەر ژن بوون و دووهەمیش لەبەر ئـەوەی موزیک لەلای کۆمەڵگا گرنگ نـەبـوو. دەیـانـگـوت بـڕۆ ببە بەپزیشک، ئەندازیار، پارێزەر یان مامۆستا. موزیک، وەک کاتبەسەربردن سەیر دەکرا. نرخ و بایەخیان پێنەدەدا.

وارڤین: دواتر چوویتە هونەرە جوانەکان؟

مزگین: نەخێر. دواتر ناچاربووم روو لەبەشی شوێنەوارناسی زانکۆی شام بکەم. دوو ساڵ ئەو بەشەم خوێند، بەڵام ساڵی دواتر درێژەم پێنەدا. بۆ خوێندنی ئۆپەرا، دەچوومە لای مامۆستایەکی رووسـی. ئەو، لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان مامۆستای موزیک بوو. ناوی (گەلینا) بوو. لەسەر دەستی خۆی منی بۆ پەیمانگا پەروەردە کرد. لەساڵی ١٩٩٩دا، چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، ساڵی یەکەم ئامادەکاریم خوێند، تا ساڵی ٢٠٠٥ تەواوم کرد.

وارڤین: لەپەیمانگا، زیاتر چ گۆرانییەکتان دەگوت؟

مزگین: ئێمە زیاتر گۆرانییە کلاسیکەکانمان دەگوتەوە. بەئەڵمانی، ئیتالی، فەرەنسی و ئینگلیزی گۆرانیمان دەگوت.

وارڤین: بەمنداڵی ئـارەزووت لە گۆرانیگوتن هەبوو؟

مزگین: لەلای ئێمە کاتێک نەورۆز دەهات، پۆل بە پۆل دەچووینە سەیران و پێکەوە گەشتمان دەکرد. لەوێ نمایشی شانۆمان دەکرد و لەگەڵ دەستەخوشکەکانم، گۆرانیمان دەگوت. ئەوکات من ١٤ ساڵان بووم و دەچوومە پۆلی هەشت. لەو کاتەش هەندێک ئاوازی بچووکم بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکەمان دانا. ئەوان زۆریان پێخۆش بوو. لایان سەیر بوو، دەیانگوت ئەو کچە دەتوانێت ئاواز دابنێت! پێیاندەگوتم کوا گۆرانییەک بڵێ، بەڵام من گۆرانیم نەدەگوت. دەمگوت دەبێ شتێکی گەورەتر بکەم. توانایەکی ئاکادیمیک پیشان بدەم. من ئەوانم بەرێوە دەبرد. دواتر کۆراڵێکم دروست کرد کە لەچەندین کچ و کوڕ پێکهاتبوو، من میلۆدییەکی جیاوازم بەهەر دوولایەن دەگوت. ئەوکات، نەمدەزانی کە ئەو شتەی دەیکەم زۆر گرنگە. لەپەیمانگەدا ئەو شتانەم بەبیر هاتەوەو تێگەیشتم کە شتێکی زۆر گرنگم کردووە. بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت هەماهەنگیم دروست کردبوو.

وارڤین: بیرۆکەی ئۆپەرا کەی بووە خولیات؟

مزگین: جـاری یـەکـەم مـن لـە کەناڵێکی تـەلـەفـزیـۆنـییـەوە گـوێـم لـەئـۆپـەرا گـرت. لەرۆژئاوای کوردستان سەتەلایت نەبوو، تەنیا کەناڵە تورکییەکان دەبینران و منیش سەیری ئەو کەناڵانەم دەکرد. هەفتەیە جارێک کەناڵی تەرەتە ئۆپەرای پیشان دەداو منیش هەمیشە سەیرم دەکرد. زۆر سەرنجی رادەکێشام. ئەو رۆژانەی کە ئۆپەرای نیشاندەدا نایەتەوە بیرم، بەڵام کاتێک پیشاندەدرا خوشکەکەم بانگی دەکردم و دەیگوت:"وەرە وەرە، ئەوانەی کە وەک تۆ قیژەقیژ دەکەن هاتن".

وارڤین: جێی سەرنجە! هونەرمەندانی دیکە بنچینەی هونەری خۆیان بۆ گوێگرتن لەرادیۆی دەنگی ئێریڤان دەگەڕێننەوە، بەڵام بنچینەی هونەری تۆ لەتەرەتەوە دەست پێ دەکات...!

مزگین: من گوێم لەتەرەتە دەگـرت، بەڵام دوو شەو جارێک لەماڵی ئێمە شەوبەرکی گۆرانیبێژان بـەرێـوەدەچـوو، چونکە باوکم گۆرانیبێژ بوو، هەموو گۆرانیبێژەکان لەماڵی ئێمەدا کۆدەبوونەوە. زۆر گوێم لێ دەگرتن. بەڵام دەمویست ئەو گۆرانیبێژییەی ئەوان لەتەلەفزیۆنەوە نیشانبدرێت. بەمنداڵی زۆر بیرم لێ دەکردەوە، بەڵام پاش ئەوەی گەورە بووم،

www.netewe.com



مزگین تاهیر

www.netewe.com

تێگەیشتم کە ئێمە نەتەوەیەکی بندەستین، تەلەفزیۆنمان نییە، زمانمان قەدەغەیە.

وارڤین: لەمنداڵیدا زیاتر حەزت لەکام گۆرانی بوو؟

مزگین: پـوورم گۆرانی زۆری بۆ دەگوتم. زۆرجار گۆرانی،"دەلیلم دەلیلم سلتانە"ی بۆ دەگوتم. ئەوە گۆرانییەکی پۆپیولەرە.

وارڤین: ئەو گۆرانیەت لەبیرماوە. دەتوانی تۆزێکمان بۆ بڵێی؟

مزگین: بـەڵـێ.. دەلیلم دەلیلم سلتانە/ دەلیلم دەلیلم سلتانە/ چێلکدۆشێ بێریڤانە/ چێلکدۆشێ بێریڤانە/ پەزێ سلتانێ پەزەک کارانە/ دەم و دەورانە کۆفیخوارانە/ دەلیلم دەلیلم سلتانە/ چێلکدۆشێ بێریڤانە...

وارڤـیـن: تەنیا لـەگـەڵ پـــوورت گۆرانیت

لەساڵی ١٩٧٦ لە سەرێکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە.

لە١٩٩٩ دا دەستی بەخوێندنی موزیک لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی دیمشق کردووە لە٢٠٠٥، تەواوی کردووە.

٣ ساڵ لەمەوپێش لەگەڵ تەیموری شاعیر، زەواجی کردووە.

لەباکووری کوردستان و لەشاری ئامەد و لەباشووریش لە سلێمانی کۆنسێرتی کردووە.



## پیاوەکەم خواردن درووستدەکات منیش دەیخۆم

## جاری وا هەبووە شەش مانگ هاوسەرەکەم نەبینیوە

دەگوت؟

مزگین: بەڵێ..دەهات و پێیدەگوتم،"من دەڵێم و تۆش بۆم بسێنەوە". کاتێک ئەو دەیگوت و تەواو دەبوو، منیش دەستم پێ دەکرد. بەڵام دەیگوت "نە" وەها نابێت، دەیگوت:"دەبێ تۆ وشەی دواییم لێوەرگریت و بێژیتەوە، ڕێکناکەوێت ئەگەر تۆ وشەی دواییم لێوەرنەگریت، گۆرانی بە وشەی دوایی درێژەی دەبێت". منیش دەمگوت باشەو پێکەوە بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر دادەنیشتین و ئەو دەیگوت و منیش بەردەوام دووبارەم دەکردەوە.

وارڤین: لەپەیمانگە، بە کوردی گۆرانیت دەگوت یان قەدەغە بوو؟

مزگین: گۆرانیگوتن بە کوردی قەدەغە بوو. لەسوریا کەس نەیدەتوانی بەکوردی گۆرانی بڵێت. بەڵام بۆ هەڤاڵانی خۆمم دەگوت، هەندێکجاریش بۆ مامۆستاکانم. لەتاقیکردنەوەی کۆتایی زانکۆدا، دەمویست بەکوردی گۆرانی بڵێم و گۆرانی "حەیرانۆ جارۆ"م ئامادە کردبوو. مامۆستای پیانۆکەمان لەگەڵم پیانۆی لێدەداو زۆر حەزی لەو گۆرانییە بوو. ئەزموونێکی زارەکی بوو و ئیمتیازیان دەدا، بەڵام لیژنەکە گۆرانی کوردییان قبووڵ نەکرد و ڕێگەم پێنەدرا بیڵێم.

وارڤین: پاش ئەوەی پەیمانگەت تەواو کرد، تۆ بەکام گۆرانی یان بڵێین چۆن وەک ئۆپەرابێژێکی کورد ناسرای؟

مزگین: هێشتا ساڵی سێهەم بووم، من و ڕەسول سۆفی، لە شام لەناوەندی کەلتووری ئیسپانیایی کۆنسێرتێکمان کرد. ئەوکات وەک"کچێک هەیە ئۆپەرا دەخوێنێت"ناسرام.

وەزیری ڕۆشنبیری و گەلەک کاربەدەستی سوریاو دەوڵەتانی بیانی ئامادەی کۆنسێرتەکە بوون. ئەوان نەیاندەزانی من بەکوردی گۆرانی دەڵێم.

من بەکوردی ئۆپەرام دەگوت ئەوان سەریان سووڕماو مات بوون.

لەبەرئەوەی بیانی دانیشتبوون، کاربەدەستانی سوریا، نەیاندەتوانی بەشداری بکەن و بڵێن "بوەستە".

هاتن و پێیانگوتم:"پارچەیەکی بچووکیش بەعەرەبی بڵێ، تا بتوانین بۆ بەرپرسان شرۆڤەی بکەین". بەڵام گوتم، ئامادەم نەکردووەو نایڵێم. دوای ئەوە لەپەیمانگەدا، شەڕ لەدژی من دەستی پێ کرد. فەرمانیان بەمامۆستاکان دا کە زۆر گوێ بەمن نەدەن، پەیوەندییان لەگەڵم نەبێت، باش پەروەردەم نەکەن و لەسەرم نەوەستن. بەڵام من خاوەن بیرۆکەی خۆم بووم و زیاتر تێدەکۆشام.

وارڤین: جگە لە تۆ کچی کوردی دیکە هەبوون کە بێنە ئەو بوارە؟

مزگین: نە. نەبوون. پۆلەکەی ئێمە پێنج ژنی تێدا بوو، کە چواریان عەرەب بوون و منیش کورد.

وارڤین: بنەماڵەت ڕێگرییان لەچوونە پەیمانگەت نەکرد؟

مزگین: باوکم دوو ژنی هەبوو. ٦ خوشک و ٦ برام هەیە. من منداڵی بچووکی دایکی خۆمم. بنەماڵەم لەدژم وەستانەوە، نەیاندەویست بخوێنم، بەڵام باوکم زۆر نەرم بوو، ئەو گوتی،"با بچێ بخوێنێت"، نەیهێشت،کەس ڕێگریم لێبکات.

وارڤین: هونەرمەند زوو هاوسەرگیری ناکەن.

www.netewe.com

# هەموو گۆرانیبێژانی کورد دەتوانن ئۆپەرا بکەن، چونکە هەموویان دەزانن کە چۆن هەناسە هەڵدەمژن و چۆنیش وەریدەگرن و چۆن دەیدەنەوە

تۆ کەی هاوسەرگیریت کرد؟

مزگین: من ساڵی رابردوو هاوسەرگیریم کرد. مێردەکەم ناوی تەیمورە. ئەو شاعیرە. کاری دروستکردنی، بەڵگەفیلمیش دەکات. لەهاوسەگیرییەکەم رازیم.

وارڤین: منداڵت هەیە؟

مزگین: نە. منداڵمان نییە، بەڵام دوو مانگە دووگیانم. ئێستا دەچمە مانگی سێیەم.

وارڤین: حەزدەکەی کچت ببێت یان کور؟

مزگین: بەخوا لام وەک یەکە. جیاوازی نییە.

وارڤین: بیرتان لەناوی کردووەتەوە؟

مزگین: ناوێکی کورانەمان دۆزیوەتەوە، بەڵام هێشتا بۆ ناوی کچانە دەگەڕێین. هەرچی دەگەڕێین نایدۆزینەوە. ئەگەر کوڕ بێت ناوی دەنێین کاوێس. ناوی کاوێس ئاغای لێدەنێین. بەڵام ئەگەر کچ بێت، ئێمە هێشتا بیر لەدۆزینەوەی ناوەکەی دەکەینەوە.

هێشتا روون نییە. هەوڵدەدەین ناوێکی خۆشی بۆ پەیدا بکەین. دەمەوێت ناوێکی کورت بێت، ٣ یان ٤ پیت بەسە.

وارڤین: لەگەڵ هاوسەرەکەت دەتوانن کاتی زۆر بۆ یەکتر تەرخان بکەن؟

مزگین: ئێمە زۆر چاومان بەیەکتر ناکەوێت. ماوەیەک ئەو چووە باشووری کوردستان و چوار مانگ لەوێ مایەوە، کاری دەکرد کە ئەو گەڕایەوە، من هاتمە تورکیا.

من گەڕامەوە، ئەو چوو بۆ شام. نەمانتوانی یەکتر ببینین. بڕوا بکە جارێک ٦ مانگ یەکترمان نەبینی. بەرنامەکانمان تائێستا یەکی نەگرتووەتەوە.

وارڤین: حەزت لەکاروباری چێشتخانە هەیە یان نە؟

مزگین: زیاتر پیاوەکەم خواردن دروستدەکات و من زۆر ناتوانم خواردن دروست بکەم. هەندێکجاریش پێکەوە دروست دەکەین، بەڵام بەگشتی ئەو دروستی دەکات.

خواردنی زۆرخۆش دروست دەکات. من بە قەد ئەو دەستڕەنگین نیم. ئەو خواردنانەی کە ئەو دروستی دەکات جوانترە.

وارڤین: خۆت وەک ژنێکی چۆن دەبینی؟

مزگین: وەک ژنێکی لیبراڵ. گەلەک ئازاد. من زۆر چانسم هەیە کە ئەو کەسەم دۆزیوەتەوە کە ویستوومە. هەرگیز منی سنووردار نەکردووە، هەمیشە رێگام بۆ دەکاتەوە. دەتوانم بچمە کۆبوونەوەکان و رای خۆم دەرببڕم، بچم، بگەڕێمەوەو هیچ کێشەیەکم لەگەڵ مێردەکەم نییە.

وارڤین: رەوشی ژنی کورد چۆن دەبینی؟

مزگین: بەرای من ژن دەبێت خۆی ئازاد بکات، مێشکی خۆی ئازاد و سەربەست بکات. چەند کار بکەی و بخوێنیتەوە ئەوەندەش پێش دەکەوی. چارەسەری پرسی ژن ئازادی خوێندن و کارە. ئەگەر ژن، دەرفەتی بۆ برەخسێت ئەو دووانە بکات، بەدروستی رۆژێک رێگەی خۆی دەدۆزێتەوە.

وارڤین: لەدەڤەری ئێوە ژنان بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە؟

مزگین: دراوسێیەکمان هەبوو، زۆر لە ژنەکەی دەدا. هەر کە دەنگیان دەهات، دەچووم، دەرگام لەسەر خۆم دادەخست و لەژوورەوە دەگریام. کێشەی گەورەی بۆ ژنەکەی دروست دەکرد. مرۆڤی دەستەوەستان دەکرد. نازانم پیاو بە چ ماف و بە چ شەرەفێک لە ژن دەدات. بەرای من ئەوە شتێکی نارەوشتی و ئەو پەڕی "بێ شەرەفییە".

وارڤین: کەی ئەلبومەکەت دەکەوێتە بازاڕ؟

مزگین: هەموو کارەکانم تەواو کردووە، مانگێک یان دوو مانگی تر دەکەوێتە بازاڕ. ٦ گۆرانی لەو ئەلبۆمەدا هەیە. ئاوازەکان کلاسیکی ناسیۆنالن، بەڵام گۆرانییەکان کلاسیکی کوردین. دوو شیعری جگەرخوێن، لۆرکی ئادیلوشی ئەحمەد عارفم وەک ئۆپەرا گوتووە.

وارڤین: لۆرکی ئادیلوش بۆچی؟

مزگین: ویستم ئادیلوش وەک لۆرکێک بڵێم. پێشتر من شیعرەکانی ئەحمەد عارفم خوێندووەتەوە. دوو شیعریم خۆشویست. حەزم لە٣٣ گوڵلەو لۆرکی ئادیلوش کرد. ئادیلوش تەواو بەستایلی لاواندنەوەیە. من ئەوەم بەگونجاوتر زانی. شیعرێکی دیکەش هی تەیموری مێردمە. گۆرانییەکیش کە هی شێرۆ هیندییە. یەکێکش هی یاری منداڵانە. شتێکی عەوامانەیەو هەروەها ئاوازێکی موزارتیش لەخۆ دەگرێت. لەجیهاندا کەم کەس دەتوانن ئەو گۆرانییە بڵێنەوە. کەسانێک کە بەتوانا نەبن ناتوانن ئەو گۆرانییە بڵێنەوە. من دەمگوت ئەگەر توانیم ئەو گۆرانییە بڵێمەوەو تەواوی بکەم، ئەوا گەیشتوومەتە کۆتایی.

وارڤین: کاتێک مرۆڤ ئاوازەکانی گۆرانیبێژی و ئۆپەرا بەراورد بکات چی دەڵێت؟

مزگین: ئۆپەرا هونەرێکە پێویستی بە پەروەردەکردن هەیە. ئەگەر دەنگێکی خۆشت هەبێت دەتوانیت پەروەردەی بکەیت. بەڵام بەبێ پەروەردە ناکرێت روو لەئۆپەرا بکەیت. شتێکی سەرنجراکێش ئەوەیە، کە لەگۆرانیبێژیدا سیستەمی دیافراگم هەیە، واتە سیستەمی راگرتن و بەردانەوەی هەناسە، تەواو لەهی ئۆپەرا دەچێت.

وارڤین: واتە، گۆرانیبێژ دەتوانێت کاری ئۆپەرا بکات؟

مزگین: بەرای من هەموو گۆرانیبێژانی کورد دەتوانن ئۆپەرا بکەن، چونکە هەموویان دەزانن کە چۆن هەناسە هەڵدەمژن و چۆنیش وەریدەگرن و چۆن دەیدەنەوە. بۆ نموونە، لەدەنگی شاکیرۆدا، لەرزاندن زۆرە و بەرای من دەنگی ئەو تەواو ئۆپەراییە. ئەگەر گۆرانیبێژەکانمان هەندێک پەروەردە بکرێن، دەتوانن ئۆپەرا بکەن. گۆرانیبێژی کوردی لەهی ئۆپەرا زەحمەتترە. هەموو گۆرانیبێژێک دەتوانێت ئۆپەرا بکات، بەڵام هەر ئۆپەراڤانێک ناتوانێت گۆرانیبێژی بکات. لەناو گۆرانیبێژەکاندا شاکیرۆ، لەهەموویان باشتر دەتوانێت ئۆپەرا بکات.



دیلار سەولەدار

www.netewe.com




www.netewe.com

# چیرۆكی زستان

چیرۆكی زستـان، زنجیرەدرامایەكی وەرگـێـڕاوی توركیایە كـە لەنواندنی هـەردوو ئەكتەری بەناوبانگی توركی ئیمرا و ئۆزلەمە. ئـەم درامـایـە باس لەژیانی كۆمەڵایەتی گوندەكانی توركیاو چـەوسانـەوەی ژن، بەهۆی زاڵبوونی دەسـەڵاتـی ئاغاكانەوە دەكـات. لەم فیلمەدا، نزار، كە پاڵەوانی دراماكەیە، كچی كوێخای ئـەو گـونـدەیـە، بـەڵام عاشقی مامۆستای گوندەكە دەبێت كە ناوی مامۆستا (عەلی)یەو لەشارەوە بۆ مامۆستایەتی رووی لە گوندەكەی ئەوان كـردووە. هاوكات، ئاغای گوندێكی تر بەناوی جەبارئاغا، عاشقی نزار، دەبێت و لەبەرامبەر كۆمەڵێک، دەسەڵات و ماددە دایكی نزار، لەسەر هاوسەرگیری نزار و جەبارئاغا، بڕیاردەدات. نزار، دەبێتە ئاغاژنی گوندێكی تر. بەمجۆرە رووبەڕووی جۆرەها كێشە دەبنەوەو پیاوانی ئاغا، بەربەرەكانێی مامۆستا عەلی، دەكەن و قوتابخانەكەی لێ دەسووتێنن. بەڵام ئەو كۆڵنادات و بەیارمەتی هەندێ خەڵكی هەژار و دۆستی گوندەكە بەردەوام دەبێت لەسەر وانەگوتنەوە. لەو فیلمەدا مامۆستا




www.netewe.com

عەلی، دەکوژرێت، نزار، لای ئاغا دەڕوات و کوڕێکی لەمامۆستا عەلی، دەبێت کە ئاغا، بەکوڕی خۆی دەیناسێنێت. ئەو زنجیرە درامایە، هەروەها بەسەرهاتی چەند کچێکی تر دەگێڕێتەوە کە بەهۆی دەسەڵاتی پیاوسالاری و دابوونەریت، بەبێ ڕەزامەندی خۆیان بەشوودراون یاخود ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە. بەڵام کەس گوێیان بۆ ناگرێت و دەسەڵاتی ئاغا، ڕێگە نادات خەڵکی بەمافەکانیان ئاشنابن، چونکە نانی خەڵک لەدەستی ئاغادایە. ئەم درامایە پەیامێک ئاراستەی ژنان دەکات کە ئەگەر ژن خاوەنی پڕۆژەی ئابووری خۆی بێت هەرگیز پیاو ناتوانیت ستەمی لێبکات. پەیامی دووەمی ئەو درامایە، نیشاندنی ڕۆڵی دایکە لەپەروەردەکردنی منداڵەکاندا، بەو مانایەی ئەگەر ئاستی هۆشیاری دایک نزم بێت، ئەوا منداڵەکانیش دەبنە قوربانی بۆچوونە چەوتەکان. پەیامی سێیەمی ئەو درامایە، خستنەڕووی هەڵوێستی نەوەی نوێیە کە دژی توندوتیژی دژ بەژنان و قبووڵنەکردنی سیستمی دەرەبەگایەتی و باوکسالارییە دەوەستنەوە.

# توندوتیژی...



چیمەن ساڵح

توندوتیژی بکوژی ئاسوودەیی کۆمەڵگایە، لەهەر کۆمەڵگایەکدا کەم تا زۆر توندوتیژی هەیە، بەڵام لە کاتێکدا کە توندوتیژی دەبێ بە خەسڵەت و جیاکەرەوەو و بابەتی ڕۆژانە ئەمەیان مەترسیدارە، مەترسیدارتریشە، ئەگەر ئەو کۆمەڵگایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراو نەبێ و بە قەبارەی ئەو مەترسییە نەزانێ.

لەکاتێکدا کە توندوتیژی بووەتە دیاردەیەک"پێموایە لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەهەموو پێودانگەکان دیاردەیە"، بەڵام ئەو هێزە ڕێکخراوە پێویستە نییە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێویستە، باشترین دەستپێک و ڕێگاش کە کۆمەڵگایەکی وا لێوەی دەست پێبکات، ڕێگای چاکسازی پەروەردەیە. کەرتی پەروەردەش، هەر لەو کۆمەڵگایەدا من بە "سەر لێشێواوو قوربانی دەستی حزبایەتی"، وەسفی دەکەم، ئیتر چۆن ئەو کەرتە دەتوانێ، لە ئاست پێویستی بەرنامەی دووردرێژی، ڕیشەکێشکردنی توندوتیژیدا بێ؟؟!!!کەی دەپەرژێتە سەرئەوەی، منداڵان بەگیانێکی جیاوازتر لە رابردوویان گۆش بکات، کە ناتوانێ فێریان بکات!!

توندوتیژی لەدوو شێوەدا خۆی دەبینێتەوە. یەکەم بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەرخود، دووەم بەرامبەر کەسانی تر توندوتیژی نواندن،، هەردوو شێوەکەی زۆر بەئاسانی لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا بەرجەستە دەکرێ. وەک شارەزایان دەڵێن، کاتێک مرۆڤ توندوتیژی بەرامبەر بەخۆی بەکاردەهێنێ، کە بێدەسەڵاتەو سەرکەوتوو نییە لە بەکارهێنانی بەرامبەر کەسانی تر. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە کاردانەوەی خراپیان بەرامبەر دەورووبەریان هەیە، کە لەزۆربەی کاتدا خێزان و کەسووکار وکەسانی نزیکە. دواتر کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی گشتی، ئەمانەش هەمووی ئاماژەی زۆر خراپن بۆ گەندەڵی ئەو پەیوەندییانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەن و بەڕێوە دەچن، هەندێکجار بەبێدەنگی و بێئەوەی توندوتیژیش تیایدا بگاتە ئاستی مادی لە ئاستی مەعنەویدا بەڕێوەدەچی و مرۆڤ بە بێدەنگی دەپووکێتەوە. واتە دامەزراوەکان سەرلەبەر پێویستیان بەڕێکخستنە، پەیوەندی تاک و کۆمەڵگا پێویستی بەدووبارە ڕێکخستنەوە یە لە سەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و هەست بەمرۆڤایەتی یەکترکردنە، هەروەها دەرهێنانی ژیانی تاک لە دەستی" بۆکۆمەڵگا ژیان" و خستنە ناو چوارچێوەی بۆ خۆ ژیان بە مانا پۆزەتیفەکەی.

ئەو کۆمەڵگایە خەڵکێکی زۆر دەکوژێ و لە ناودەبات و فێری دەکات و هانیدەدات توندوتیژی بەرامبەر بەخۆی یان بەرامبەر کەسانی تر بەکاربێنێ، لە کۆتاییشدا، ئەو "کۆمەڵگا" بە قەدەر دەزوویەک هیچ مرۆڤێکی ستەم لێکراو داڵدە نادات و لای لێ ناکاتەوە، هەمیشە دوژمنایەتی دەکات. هەرگیز دۆستایەتی ناکات، ڕەفتاری ئەو کۆمەڵگایەش بەرهەمی کۆ بیری تاکەکانە کە هەر لە بنەماوە وا فێر دەبن. هێندەی توندووتیژ بن پێیان بکرێ باشە هەندێکجار مەردایەتیش بۆیان حیساب بکرێ. بەڵام نەرم و نیانی نواندن و قوڵبوونەوە بۆ ناو مرۆڤێتی مرۆڤەکان کاری مەردان نییە. خۆی ١٠٠٪ پێچەوانەکەی ڕاستە، نەرم و نیانی نواندن پیشەو ئاکاری مرۆڤی ڕاستەقینەیە دەبێ لەکاتی پێویستدا مرۆڤ هەمیشە بەنەرم و نیانی فریای دەورووبەرو کەسووکار و مرۆڤەکانی تر بکەوێت هیچ کاتێک، شتێک، مانایەکی نییە لە گیانی مرۆڤێک گەورەتر بێ، ئەگەر چی هەندێک وەهم هەن کۆمەڵگا گەورەی کردوون، تا مرۆڤ پێوەی ئازار بخوات و ئازاری ئەویتر بدات. ئەو حاڵەتەش بەردەوامە. چونکە هەمیشە ئەوانە کینە دروست دەکەن و کینەش توندوتیژی و کاردانەوەی نادروست دەکات. ئەنجامدەری ئەو کارانەش هەمیشە پەشیمانە. با ئەو پەشیمانییە لەڕێگای پەروەردەوە پێگەیاندنی دروست و زانستییانەوە ببێ بە ڕەفتاری پێشوەختەو بەزەیی دروست بکات، مرۆڤەکان خۆیان خاوەنی کەسایەتی خۆیان بن و لێکدانەوە بکەن و جێبەجێی بکەن، نەک بڕیارەکانی کۆمەڵگایەکی ستەمکار جێبەجێ بکەن، ئەمە کێ دەیکات...دەهێڵن بکرێ؟؟؟

www.netewe.com